

مەملەکەتی فارگۆنەکان
ڕیپۆرتاژ و ڕۆژانەیە
وەرگرتن و نووسینەوەی
شێرزاد هەینی
سوید : ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٨

# مەملەکەتی فارگۆنەکان

## ریپۆرتاژو رۆژانە

شێرزاد هەینی

## پاتـــــــــرا

( پاترا ) مەملەکەتی فارگۆنەکان، وڵاتێکی کوردنشین بوو. لەسەر نەخشە دەکەوێتە، سەرکەناری بەندەری پاترای گەورەو ستراتیژی وڵاتی یونانستان.
رووبەرەکەی نەپیورابوو، تا ئیمرۆش سەرژمێری بۆ نەکراوە، کۆدی تەلفۆنی جیهانیشی بۆ ریزنەکرابوو.
دیواری شوورەکەی، وەك دیواری چین درێژ نەبوو. هێلی سنوورەکەی، بەدرکەزیی سیمی دیواری روخاوو دارو کەرتە بۆدیی سکراب دارێژراو بوو. چەند دەروازەی بێدەرو پەردەی هەبوو ..!! گەرەکی شەقامی باڵاخانەی بەرزو زێرابی رێزە دوکانی بانقی مەخفەری تێدا نەبوو.

دانیشتوانی بەچاو، رەنگە هەر (200 – 300) کەس دەبوو، زۆربەیان تەمەنیان لە 20 - 50 ساڵآن بوو. خەڵکی پیرو زارۆکی ژنی کەنەفتە بەدەگمەن لەم مەملەکەتەدا دەبینران. هەموویان، لەناو چەند فارگۆنی کۆنی ژەنگاویی فارگۆنی نوێدا دەژیان. لەسەر فارگۆنە تازەکانا، ساڵی 1990 نوسراوبوو، کۆنەکانیش لەبەر ژەنگی رزینی رەش هەڵگەرانی دووکەڵ، هیچ دێرو ژمارەی نەدەخوێندرانەوە. تۆرو ئاکاری یەکەم ئیستگەی شەمەندەفەری ساڵآنی 1883 ی زاینیان پێوە دیاربوو. سکەکان، لەسەرداری رزییوو بزماری ژەنگاوی بێ سەر، راوەستابون. دەرگای فارگۆنەکان، لە دەرگای کۆنە حەسارەکانی کوردستانی باشوور، دەچوون..!
لەبەر ئەوەی فارگۆنەکان رێزەکانیان یان شکابوون، یان داکەلابون، بۆیە زۆریان بەهێزو مەچەکی پیاوێك بەکارنەدەهات.

بەداکردنی لێزمەی باران، شەوانیش، بۆ نوستنی گەرانەوەو هاتنی میوانی تازە، کە دەرگاکان دەکرانەوە، یان دادەخران، فارگۆنەکانی بە رێزە دەکەوتنە هەژانی جوولە. لەبەر دووکەڵی بەردی خەلووزو جگەرەی بێ کوژاندنەوەی، ئەو رۆژانە، لەبەر مۆمی نەکوژاوەی شەوان، رەنگی راستیی جارانی فارگۆنەکان نەدەناسرایەوە.
شوێنی ئەم مەملەکەتە بەرزبوو، دەیروانیە سەر دەریایەکی بەرینی شین، بەچاوە تۆزاوییەکانی لەبەندەرە چالاکی بەئاگاکەی دەروانی.
شەقامێکی بەرینی ئاپوورەو پەرژین بەدارو دووسایدی بە جوولە، لە بەندەرەکەی جیادەکردەوە. لێرەو لەوێ بە باوەش، برغیی بزمارو فنجانی قەفیزو یەدەگی شەمەندەفەری جارانی تەختەداری کۆنی نوێ ژێر سکە، رێزکرابون.
فارگۆنەکان، دوو دوو سێ سێی زیاتریش، بەیەکەوە بەسترابوون. خۆیان بەیەکتری گیرکردبوو، رازی نەدەبوون ئامێزی یادو گەشتی تەمەنیان لەیەکتری بکەنەوە. فارگۆنی بار، فارگۆنی بێ سەرو داخراوی تێدابوو. فارگۆنی تانکیی سوتەمەنیی کەڵلەسەری فارگۆنی لێ راوەستابوو.
فارگۆنی تێدابوو، مێژووی سەردەمی هاژووتنی بارکردنی دەگەرایەوە، بۆ رۆژانی هەلمی خەلووزو سوتانی ژانی جاران. هەبوون، لەوەتی جەنگەکانی دژ بەتورکی شەرانی درێژخایەنی مانی مێژوو ئیشیانکردبوو، سەربردەی زۆریان لەناخەوە هەڵگیرابوو.
زۆربەیان، سەربازو ئازووخەو تەقەمەنیی جلوبەرگی زۆریان گواستبۆوە. هەموویان، ژیانی هەڵاتنی ئاوارەیان لەلا تۆمارکرابوو. هەر بەم کۆنە فارگۆنە یونانیانە، چەندین هەزار تەرمیان هێناوەتەوە، زامی برینی ئەندامی شکاویان هێناوەتەوە. هەروەها ئەم فارگۆنانە، زۆر هەواڵی شکانی رووخانی لەدەستدانی دوورەگەکانیان، بە کەنیسەکانی مێژووی کۆنیان گەیاندووە.
لەپاش راپەرینی بەشکۆی بەهاری 1991، کوردی کوردستانی باشوور بەتایبەتیی کوردیش بە گشتی. چەندین رێگاو بوارو مەنزلیان، بۆ گەیشتن بە ئەوروپا، دۆزیەوە، زۆریان تاقیکردەوە. هەر لە تورکیاوە بەرەو رووسیاو ئۆکرانیاو هەنگاریاو لیتوانیاو رۆمانیاو پۆلونیا، هەنگاویان نای فرین. شاخی دەریاو زەلکاویان بری. لە رێگاوە، لەشارەکانی پایتەخەکانا، لەسەر سنوورەکانی ئەم وڵاتانەدا زۆر مانەوە، گیرفانیان برا، خنکانی سەریان تێچوو.

**زۆریان، پارەیان نەما، بەلاتی مانەوە، زۆریان مردنیان خواست، زۆریش بوونە قوربانی ریَگاکانی دەستی قاچاخچیەکان.**
**ئاژانسەکانی جیهان، ناوی هیَنان، بەڵام ! دەریای (ئیجە)ی وڵاتی یونانی دوورگەکانیان دەروازەیەکی ئاسانی قەدبرو کەممەسرەفی بیَوەیی خیَرایان دۆزیەوە.**
**قیبلەکە گۆرا، بەرنامەو هەوار بەرەو یونان گۆرا. یۆنانی کەمپەکانی دەربازبوون، لەم بوارەدا ناوی زۆری هاتی خیَری دایەوە. بۆیە، ئەم ریَگایە کۆلومبسی ئاوارەی کورد دۆزیەوە، بووە دەروازەی رزگاربوون. هەر لە یۆنانەوە هەزارەها کورد لە مەملەکەتی فارگۆنەکان نۆرەیان هاتی پەرینەوە.**

***

# هێڵە ستراتیژیەکان ...

**بە پیادەیی ..!**

**لە ئەستنبۆل بۆ شارۆچکەکەی (ئەپسەلە) ی یۆنانی، بە لۆری، بە شەو، لەویێ بە پشت (خانووی شوانەکە)ەوە، بە رۆیشتنی پێنچ سەعات، تا هەوارو کاروان دەگاتە(ئاوی بولگاری)، کە سنووری یونانی بولگاریا، دوو وڵات لەیەکتری جیادەکاتەوە. ئاوەکە، ژیانی هەناسەی زۆری لە جەستەی مرۆی کورد جیاکردیتەوە، شەپۆلی هاژەی نقوومی کردوون، دوایی راپێچی نادیاری کردوون. لەبەربوونی ژەندرمە، لەبەر خێراییی بەپەلەپەلیی شپرزەیی، بەلەمە بچوکەکان، مەترسی زۆری بەدواوە بووە. نێوان ئاوی بولگاریاو ئاوی گەورە، یەك سەعاتە رێیە. لەناو دارستانەکانی یونانا، ترسی کوشتنی رووتکردن کەمترە. بەڵام! ترسی گرتنی تۆپتۆپێنی گەڕانەوەو سنووورداشی سەرتاشینی سەرلەناوچوونی زیان، زۆرە..!**
**گەر لە قەرەقۆلەکانی (بزنەکە) (حەمامەکە) (بەلەمەکە) رزگارت بوایە، ئەوا هەنگاوی مەبەست بەرەو شارۆچکەی (ڤێریَ) یۆنانی بوو..!**
**کاروانی کوردان، زۆرجار ژمارەیان دەگەیشتە 120 کەس، چاوساغیان، یەك قاچاخچی کوڕی یونانی زان، تورکی زانی لەشسووکی .... چەند یاریدەری وریاو برسیی بێچارەو چالاکی سەرناسی دەبوو. لەم کاروانە درێژو پڕ ماندبوونی مەترسیی هەورازو گرتنی پەڕینەوەو ئاوبڕینی تەرم جێهێشتنی هاوریَ گومبونی پارەسەرفکردنی دزەکردنی رۆیشتن بەناو تونێلی شەمەندەفەری درێژو تاریکی ترسی هاتنی قەتارو پەرتەوازەبوون، هەندێك لەم ژمارەیە دەگەیشتنیَ، خۆشیی هیوای ئەسینای پایتەخت، رووبەروویان دەبۆوە. لەوێوە ئێشی کاروانی ترو ماوەی تەگبیریَکی ترو بەرنامەی تری دەویست.**
**ئەوەی دەگەیشتیَ، شەش سەد هەتا هەزار دۆلار، یان زۆرتریان دەدا، حەقی رێبەریی پێناویی شارەزاییی زمانزانینی درۆو چالاکیی ئاودیوبونیان، ئەوەی پێشەکی دابوایە، بە خۆشیی بە ترشی بوایە، دەبوایە پارەکە تەواو بکات، ئەوەی چاوەریَ کۆتاییەکەی کردبوو پارەکەی دەژمارد.**

*******

**بە بەلەم**

**بەهەزار دۆلارو زیاتر، بەپارەی پێشەکی، بە چەندجار گۆڕینی کاتی شوێنی جۆری رۆیشتنەکە، چاوەڕوانی زۆر، شاردنەوەی نەفەرەکان، لە شوقەی لاچەپی گاڵدراو، ژمارەیەك کوردی سەلتی خێزاندار، لەگەڵ رێبەرێکی کوردی خۆمان ریکدەکەوتن، ئەویش لەگەڵ دەستەیەکی تورکی بە بەلەمەوانیَکی چاونەترس، شارەزا، ئازا، بەبەلەمێکی شڕوشکاوو ماتۆر کۆن، جەستە ماندوو، پەرتپووت، بە نهێنی، بە بەرنامەیەکی داڕێژراو، بە بەکارهێنانی تەلفۆنی دەستیی ناونەهێنانی شاردنەوەو ئیشی شەو. نەفەرەکان، راپێچی شارێکی سەردەریای ئیجەی بەرامبەر دوورگەکانی یۆنان دەرکران.**

**بەرۆیشتنی نیو سەعاتێکی خێراو ترەتری بەلەمەکە دەگەیشتە ئاوی نێونەتەوەیی، لەئاوی خەوتووی بەرینی یۆنانیش مل دەنێن، تا لە کەناری دوورگەیەکی دوور، لە ئاوەدانی، لەنگەری دەگرت، زۆر بەخێرایی نەفەرەکان روو دەکات، خێرا بە تەنیا بۆی دەسوڕێتەوە. ئەوانیش بەو تاریکە شەوە، مل بەشاخی دارستان وەدەنێن، بە کەڤری درو وەدەنووسین، بە ناشارەزاییی هەورازو هەڵکشانی نابەلەدیی ماندبوونی دلەراوکیَ، بەرەو پۆلیسی پاسەوانی سنووری یۆنانیان دەبات، لە دوورگەکەش ماوەیەك بەدەست بەسەریی پرسیارو وەڵامی وێنەگرتنی پەنجەمۆر وەرگرتنی بەچاودێری خاچی سووری یۆنان، بە پسولەی مۆڵەتی مانەوەی شەش مانگ بەرەو پایتەخت، بە پاپۆرێکی گەورە، بە پاپۆری شاری گەورەو شەوانی نەشارەزا لە دەریا. تا پاپۆرەکە، لە ئاپۆرەی بەندەری ئەسینای جەنجال روویان دەکات.**

ئەوانیش، بۆ دۆزینەوەی سەنتەری (ئەمۆنیا) کوردانی چایخانەکانی ئوتێلی کەمپەکان، دەپرسن، سواردەبن، تەلفۆن دەکەن، خەنیی ماندوو برسیی شاگەشکەو ناشارەزان.

***

**بە لـــــــۆری**

هەوادارانی ئەم رێگایە، واتە هاتن بە لۆری، کەمتربوو ! پارەی زۆری دەویست، قاچاخچی مسۆگەری کەمبوو نەفەرەکانی بەشەو لە ئاوەکان دەپەرینەوە.
بە گەیشتنیان بۆ سەر شەقامەکان، لۆری تایبەتی چاوەرێی دەکردن. خێرا سواریان دەکردن، تا ئەسینا لۆرییەکە رانەدەوەستا.

***

هەموو رێگاکان، گرتن، پارەخواردن، کوشتن، زیندانی ترسی تێدابوو، درۆ زۆردەکرا، وەعد دەدرا، جێ بەجێ نادەکرا، بێوەفایی هەستی پێدەکرا، دڵسۆزیی ئازایەتیش زۆربوو .!! بەد رەوشتیی دزیی حیزی هەبووە. خەڵك هەبوو، یەکەم جار لێدەداو دەپەرێتەوە. بەڵام! زۆرماندوو دەبوو، رەزیلی بێ ئومێد دەبوو. لە هەموو حالەتەکانەوە، زۆر ئاوا دەبوون، بەوەش رۆژگارە تاڵەکان، کارەساتی شەوە ناخۆشەکان لەبیردەچێتەوە. کە دەگەیشتنە ئەسینا خەنی دەبوون. تەلەفۆن بۆ کوردستان دەکرا، فاکس بۆ ماڵەوە دەنێردنرا، هەواڵیان خێرا دەگەیشتە خزمی کەسی برادەرەکانیان لە ئەوروپا.
یەکەم وشە فێری (کالیـمیرا)ی یۆنانی دەبوون. لە ئەسینا ئازادن لەوەی بێ پسولەو لێ یرسینەوە بسورێنەوە، لە ئوتێلەکان دابەزن، بڵێن ئێمە کوردینی نیازمان وڵاتانی تری ئەوروپایە.
حەقیان هەبوو، پارەیان بۆ بێت، بچنە بانقەکان و(دراخما) بکرن، دۆلار بگۆرنەوە، پاکێتی جگەرەی هەرزان لە دەستفرۆشەکان بکرن، چاو لە چاوی پۆلیس بنێن. ئازادانەو نەترسێن، قەرزو حسابات لەگەڵ یەکتری یەکەلا بکەنەوە. جارجاریش بە چەقۆ یەکتری هەڵزرێنن، دەتوانن بچنە کەمپەکانی سۆراخی رێگاکانی دەربازبوون بکەن، لە نرخی پەساپۆرت بپرسن. هەروەها ئازادن، بپرسن چۆن سواری شاحنەی بار دەبن ..!! چۆن لە لۆری بەبارەوە باردەکرێن.
هەموویان دەیپرسی، بۆ کەسانی پارە کەمی لاوو ئازاو دەربازبوونی بێ پارەو خێراش هەبوو، بۆیە زوو لە بەندەری (پاترا) یان دەپرسی، کە شەمەندەفەرە ماندووەکەی نۆرمال، بە هەزارو پێنچ سەدو شێست دراخما، بە قیتاری ئێکسپرێسیش، بە سێ هەزار دراخما سواردەبوون.
رۆژانە چەند کوردێك سواردەبوون، رێگاکەی نێوان ئەسیناو پاترا، دوورە، بەڵام! باخی زەیتونی پرتقالی لیمۆو دیمەنی سەوزاییی شاخی گەشتوگوزارو گوندی حەوانەوەی جوان، رێگاکەی زۆر کورت دەکردەوە.
ئەگەر شەویش بوایە، ئەوا خەوێکی قووڵی خەیالاوی درێژی پارە پەیداکردنی خەفەت خواردن، لەو برادەرانەی کە چەند رۆژە تەلەفۆنەکەیان بە رووددا هەڵناگرن، وەڵامیان نادەنەوە، حەسرەتی دوورکەوتنەوەیان لە شارەکەیان، ئۆخەی رزگاربوونیان لە دوو شەری ناوخۆو پەیداکردنی برێك پارەو رازیکردنی بەرپرسەکەی، بوارنەبوونی دیتنی دایکی باوکی، نەنووسینی نامەیەك بۆ نازادرەکەی.
بەم وردە خەیالانەو نیگای دوورو تەماشای وردبوونەوە لە دوارۆژی گەیشتنی ئەوروپا، دەگەیشتنە پاترا....
هەر لە پەنجەرە داخراوەکەی شەمەندەفەرەکە، یان لە پەنجەرە گەورەکەی پاسەکەدا، هێشتا دانەبەزیبون، سەرسام دەبوون، بە دیتنی کەشتی گەورەو باڵهەڵگرو سەدان لۆری درێژو پێچراوو سەدا کورە کوردی جانتاو کۆڵە پشت لەشان، کە چۆن بە لارەلار دەرونی ئاستی چاویان هەر لە بەندەرەکەیە..!

***

## خەبات!

بەسەرهەڵدان، خەباتێکی درێژخەیانی خوێناوی کونجی تاریکی زیندانی قوربانیی سەدان کەس، بەسنووورداشبوونیان، بناغەی دامەزراندنی مەملەکەتەکە دامەزرا. چەندین مفەرەزەی سەرەتایی وچاپووکی بوێرو هەڵگری بەرنامەی میللی، هوشیارو گۆشدراو بە هزری نەفس درێژیی نەتەوەپەرستی، لە مەیدانی خەباتدا کۆششیان بەردەوامکردو کۆلیان نەدا.
لە ئەشکەوتەکانی گەوەرە سەختەکانی ناو دارستانە چڕەکانی قوراوی جۆبارەکانی کۆرەرێی کەلاوەو ساباتی بەجیماوی جۆتیاران. بە برسیەتیی ئازارو ترسی ماتەماتی خۆشاردنەوەو چەورکردنی دەمی هەندێکی ترساندنی هەندێکی تر، بە نەگەڕانەوەو ملهوریی زیرەکیی بوونی بەرنامەیەك، لەبەر هەڵکەوتەی باری زروفی کاتیی بابەتیی بوونی زۆر پێویستی گرنگی بوونی دامەزراندنی پێگەیەکی بایەخدار، لەسەر ئەم بەندەرە گرنگی گەورەیەی یۆنانستان. خەبات بۆ دامەزراندنی دروستکردنی راگەیاندنی شکۆی (مەملەکەتی فارگۆنەکان) کرا، توانرا ئاڵای شاهانە، لەسەر فارگۆنەکان بشەکێتەوە، لەسەر ئاسۆی دەریاوە، ڕەنگ بداتەوە، لەسەر زەمینی ئەم وڵاتە دێرینەدا، ببێتە واقیعی مەملەکەتێکی حاشا هەڵنەگر..!

ئەم دەستە مەفرەزەیە سەرەتاییانە، خۆیان دەگەیاندە شاخەکانی نزیك شاری گەورەیی جوانی پاترا. بە سەمموونی وشکی چای ڕەنگ زەردو قووتی شیر، رۆژانەیان بەسەربردبوو، شەوان خۆیان خزاندبووە ناو بەندەرەکە، دوو سێ نەفەریان، بە لۆرییەك ڕەوانە کردبوو، خۆیان گەڕابوونەوە ..!!
بە کەمین، بە دزی لە ناو تاریکی، بەبێ دەنگی، لەگەڵ کازیوەی بەیاندا دەگەڕانەوە. لە بارەگاکانیدا شاییی سەرفرازییان، بۆ سەرکەوتنی بەخێرهاتنەوەیان دەکرد. سۆزو بەلێنی بەرنامەیان، بۆ دوو سێ نەفەری تری، فیراری شاخە سەختەکانی دارستانە چڕەکان دەدا، ئاگاداریان دەکردنەوە، چیان بۆ سەفەرەکەی بەیانی پێویستە، چۆن خۆیان تەیار بکەن. بەخەباتی بێ وچانی، چاپۆکی کوردانی رۆژانی نهێنی، نەبەردی شەوانی تاریك، کاروانەکە گەشەی کردبوو.

بارەگاکان، هاتبوونە خوارترو نزیکتر لە ئاوەدانی، نزیك لە بۆنی ماسی دەریاو دووکەڵی ناوشان گەورەی ئاسمانی پاپۆرەکان. ئەوەش بواری خۆش کردبوو. بێگومان لە خەباتی رۆژانەیان چەندین گیرانی سنووورداشی تورکیای لێ کەوتبۆوە. زۆریان خوێن رشتبوو، ئارەقەیان رژابوو، ماندوو ببون، پارەو هیواو تەمەنی ڕێگای تورکیا ـ یۆنانی کوردستان ـ تورکیان لەسەردانبوو ..!! بەڵام هەر سڵیان نەکردبوو، لە خەباتی بێ پسانەوەی خۆیان نەسملیبوونەوە، کاروان هەر بەردەوامی ئاپوورە بووە، هیواو مەبەستیش بەندەرەکانی (بارییی بریندزیی ڤینیسیای ئەنگۆنە) ی ئیتالی بووە. چونکە شۆرشەکەیان، لەسەر بناغەیەکی بەبیروباوەرو بڕوایەکی پۆلاییی نەخشەیەکی چاك شرۆڤەکرابوو.

بەرپرسی ئەندامانی مەفرەزە سەرەتاییەکانی، لە چاوی مارا، نەدەگەڕانەوە. ئەو خەباتەیان بەدرێژەپێدانی رۆژانی پاش ئەنفال، رزگارکردنی کەرکوك، خۆراگری زیندانەکان، بەرگریی برسیەتیی بێ ئیشیی خۆراگرییان زانیبوو. لە رۆژانی شەڕی ناوخۆو سەرمای زستانی درێژی بێ سوتەمەنیی ئاگری حەوانەوەو رۆژانی چاوچنۆکی بازرگانەکانی وەرگرتنی ستاندنی گومرگ لەبری هاتنیی فرۆشتنی ئازوقەی رۆژانەی زۆر پێویست بۆ خەڵکانی بێ مووچەو بێ دەستمایە دەزانی..!!!
ئەو خەڵکەی ئێمە، لەمێژە خەباتی خوێناوی بە بەردەوامی دەکات، ناوەستێ. خەباتی سەنگەرو جۆرەکانی دەگۆڕێت. ژمارەیەك دەوڕات، خەباتێکی تر بە پیرۆزو پێویست دەزانن، سەنگەر لە مەیدانێکی تری خەباتا لێدەدەن.
کە ئامیر مفەرەزەیەك دەگیرا، کە یەکێك سنووورداش دەکرایەوە، کە خوێنی ئالی قارەمانێك دەرژا، کە تەوژمی کێبلی دەستی کۆماندۆیەك یەکێکی گێژو هوڕ دەکرد، کە ڕێگای دووری سەختی نێوان شاخەکانی پاترا، یەکێکی لە پەلەوپۆ دەخست. کاروانەکە نەدەپێچرایەوە، ژمارەی ناو سەنگەر هەر روو لە زیادبوون دەبوو.
جەماوەری خۆگر، زۆرترو سوورتر، روویان لە مەیدانی خەباتەکە دەکرد. قوڵی دەریاو تاریکی کەشتیەکانی تەسکی لۆریەکان نەیدەترساندن، سرووودی سەرکەوتن، گەیشتن، زایەلەی دەهاتی شەهیدبوونیش شانازی بوو ..!!

**به هه‌ڵكردنی ئالاكه‌یان له‌ شاره‌ گه‌وره‌و ستراتیژییه‌كه‌ی پاترا. كه‌ ده‌سته‌ڵاتی ئه‌و شاره‌ گه‌وره‌ی یۆنان هاته‌ سه‌رچۆكی ده‌سته‌ڵاتیان به‌رامبه‌ر ئه‌و مه‌فره‌زه‌یه‌ سه‌ره‌تاییانه‌ نه‌ما، كه‌ نه‌یانتوانی چیتر راویان بنێن، به‌ كێبلی به‌ ماتۆریش دووریان بخه‌نه‌وه‌.**
**كه‌ كه‌نیسه‌و چه‌ند پیره‌ژنێكی سه‌رسپیی قه‌شه‌ی ردێن كولی رێكخراوه‌كانی مافی مرۆڤی دۆسته‌كانی دێرینی كوردیان گه‌یشتێ، مه‌مله‌كه‌تی فارگۆنه‌كان، له‌ جه‌رگه‌ی شاره‌كه‌و له‌ناو كۆنه‌ فارگۆنه‌كانا به‌ ره‌سمی راگه‌یاندرا..!**

**هه‌واڵی گاز گه‌یشته‌ مه‌فره‌زه‌ بڵاوه‌كان، قاره‌مانه‌ دابراوه‌كان، نه‌خۆشه‌كان، ئه‌وانه‌ی پاسه‌وانی ژنان بوون، ئه‌وانه‌ی رۆژانه‌ هه‌ویریان بۆ ئه‌ندامانی مه‌فره‌زه‌كان ده‌شێلاو، ئه‌وانه‌ی دوو برابوونی یه‌كێكیان له‌ كونه‌ شاخه‌كانا مابۆوه‌. هه‌واڵه‌كه‌ بۆنی ریحانی شه‌وبۆو نێرگزی كرده‌وه‌. به‌سۆزو سوپاسی ستایشه‌وه‌ له‌ ئه‌شكه‌وته‌كان سه‌ریان ده‌رهێنا، وه‌ك تاڤگه‌ی به‌خورو به‌خێرایی شۆربوونه‌وه‌، هه‌موو پێكه‌وه‌ له‌ گۆره‌پانی فارگۆنه‌كانا، دیدارو یادو سه‌روه‌رییان بۆ ئه‌وانه‌ی له‌م رێگایه‌دا سنووررداش كران، لێدارا، شاییی ئاهه‌نگ گه‌رمكرا.**
**له‌ خه‌نی خۆشیان، بۆ یادی سه‌ربه‌خۆیی، ره‌شبه‌لكی زه‌ماوه‌ند، هه‌ر گه‌مترو به‌سۆزتر ده‌بوو. شاباشی سه‌رمه‌ستیی سه‌ماكردنی ته‌قه‌ی خۆشی، ئه‌و رۆژه‌، دانیشتوانی شوقه‌ به‌رزه‌كانی هه‌راسان كرد، هه‌موویان له‌ .په‌نجه‌ره‌كانیان، له‌ هێلانه‌ به‌رزه‌كانیان ئه‌بله‌ق ببوون**
**به‌ راگه‌یاندنی مه‌مله‌كه‌تی فارگۆنه‌كان له‌ هه‌موو ده‌ڤه‌رێك، كورده‌كان، روویان تێكرد، بوه‌ قیبله‌ی كوردان، ژماره‌ی دانیشتوانی رووی له‌ زیادبوون كرد، رۆژانه‌، چه‌ند كه‌سێك سه‌فه‌ریان بۆی ده‌كرد، له‌ كۆنترۆلی وردی پاپۆره‌كان رزگاریان ده‌بوو. ژماره‌ی تازه‌یان بۆ ده‌هات، له‌ناو فارگۆنه‌كاندا شوێنی نوستنی حه‌وانه‌وه‌یان دابینكردو داوه‌رانه‌وه‌.**
**كه‌ بوونه‌ واقیع، بۆ گوزه‌رانی خواردنی پێویستیه‌كان، لیژنه‌یه‌ك له‌ پیره‌ژنی سه‌رسپیی قه‌شه‌ی كه‌نیسه‌كانی كه‌سایه‌تی یۆنانی خێرخواز، ژه‌می خواردنی نیوه‌رۆیان، به‌ به‌رده‌وامی ئاماده‌ ده‌كرا، سكی برسیی جه‌سته‌ی ماندوویان تێرده‌كرد، مناڵیان به‌ یاری، رووتیان به‌جلوبه‌رگ ده‌كرد، نه‌خۆش ده‌گه‌یشته‌ نه‌خۆشخانه‌و جوان چاره‌سه‌ری ده‌كرا.**
**دۆستانی یۆنانی ئه‌وانه‌ی خۆیان به‌ دۆستی دێرینی كورد، ده‌زانی. ئه‌وانه‌ی ژیانی كۆچره‌وه‌كه‌و ژانی كیمیاویی هه‌ڵه‌بجه‌یان بیستبوو، ده‌ستیان بۆ یارمه‌تی درێژو نه‌رمكرد.**

***

**به‌رنامه‌ی هه‌ندێ له‌ حزبه‌ كوردستانیه‌كان، یه‌كپارچه‌یی یه‌كگرتنه‌وه‌و كوردستانی مه‌زنه‌، خه‌باتی بۆ ده‌كه‌ن، له‌سه‌روتاری رۆژنامه‌كانیان ستونی دوورو درێژو به‌سۆزو گه‌رمی له‌سه‌ر ده‌نووسن، به‌ گه‌وره‌یی له‌ باڵاخانه‌و هۆلی جڤینه‌كان درۆشمی بۆ به‌رزده‌كه‌نه‌وه‌، له‌ ناوه‌رۆكی دیداره‌كانیان جه‌ختی له‌سه‌رده‌كه‌نه‌وه‌، به‌راشكاویی باسی ده‌كه‌ن، خه‌ون به‌كوردستانی یه‌ك پارچه‌ی گه‌وره‌ی بێ سنوور له‌نێوان ده‌بینن.**
**ئه‌گه‌ر له‌ نێوان هه‌ر چوارپارچه‌كه‌دا سنووری دركاوییی سیماویی خوێناوییی لغماویی هه‌یه‌، ئه‌و سنووره‌ش بڤه‌یه‌. زاراوه‌و ئاخاوتنی داب ونه‌ریتی كۆمه‌ڵایه‌تیی په‌یوه‌ندیه‌ ئابوورییه‌كانی بریاره‌ سیاسیه‌كانی وڵاتانی سه‌رده‌سته‌و دوژمنانی نه‌ته‌وه‌كه‌مان توانیان پارچه‌كان له‌یه‌كتری دووربخه‌نه‌وه‌و خه‌ونه‌كه‌ زه‌حمه‌تی دوورو زینده‌خه‌ون بێ ..!! ئه‌وا له‌ مه‌مله‌كه‌تی فارگۆنه‌كانا له‌ پاترای یۆنانستان، ئه‌م ده‌ڤه‌رو مه‌لبه‌نده‌، بویته‌ شوێنی مه‌نزلی باره‌گاو هه‌واری هه‌ر چوار پارچه‌كه‌، كوردی هه‌ر چوار پارچه‌كه‌ی تێدا نیشته‌جێیه‌، هاوكاریی هاوده‌ستی كارده‌كه‌ن ..! له‌یه‌ك فارگۆندا، كوردی سلێمانیی بانه‌و قامشلیی ئامه‌د ده‌خه‌ون، خه‌باتی به‌رنامه‌شیان بۆ چه‌سپاندنی ده‌ستووره‌ له‌م مه‌مله‌كه‌ته‌دا هاوبیرو هاوسۆزیشن.**

**لێره‌ لورو خۆشناوو جاف، پێكه‌وه‌ خه‌بات ده‌كه‌ن بۆ گه‌یشتن به‌ ئیتالیاو ئه‌وبه‌ری ده‌ریاو رۆمای شاری هونه‌رو جوانیی سۆزو مێژوو ..!**
**لێره‌ .. زۆرتر خوێندنگای یه‌كبوونی زاراوه‌كان، بیری سیاسی دامه‌زراوه‌!**

لێرە هەموو کوردەکان .. زۆرتر ئاشنای یەکتردەبن..!
لێرە شارو گوند، لە بۆچوونی یەکتری شارەزاتردەبن..!
لەم مەملەکەتەدا، یەکەم کۆڕی زانیاری، فەرهەنگ بۆ زمانی ئاخاوتنی ئیدیۆمی تۆمارکردن، بە ئەرشیَفکردنی کەلتوور، نووسینەوەی دیَروکی ناسینی ئەزموونی خەباتی حزبایەتیە، هەموو لەیەکتری نزیکی هاوشانی هاوکارن..!!
لێرە، لەم مەملەکەتەدا، ئەوەی کوردی لوڕی نەدیبیَ،
ئەوەی نەزانیَ زازایی شیَوەی ئاخاوتنی چۆنە..!!
ئەوەی کرمانجی باکووری نەناسیبیَ،
ئەوەی باسی حکومەتی هەریَمی پەرلەمانی ئیَمەیان، لە نزیکەوە نەناسیبیَ،
ئەوا لە پاتراو ماندووبوونی کۆشش یەکتریان ناسی. دەستیان لەملی یەکترکرد، پیَکەوە، خۆیان ئاخنیە یەك لۆری بارهەڵگر، پیَکەوە شەوان دزە دەکەن، پیَکەوەو هەر ئەواننی بیَ بیَگانە ئیش دەکەن..!
لەم مەملەکەتەدا، مەلیکی شاژنی بەگزادە نەبوو ..!! وەزیرە بەریَزەکان لە پەرلەماندا سویَندی یاساییان، بە قورئانی ئینجیلی مەسحەفی ڕەش نەخواردبوو. حکومەتەکەش پەنجا بە پەنجا نەبوو، وەزیرەکان، بە ئازایەتیی شانوشکۆو دەست وچەقۆو قسەزانیی داردەستەی زۆرو دەستپاکیی ناوچەگەریی بوونی خزمی برادەرو پشتیوانی زۆر، خۆیان لەسەر زەویی ناو چیمەنەکەو شۆستەی بەرینی دریَژی بەندەرەکەو ریَزی ناخواردنی شەوانە خواردنەوە، فەرمانی شاهانەیان بۆ دەرچووبوو. هەر خۆشیان، تەوقیعیان لەسەر فەرمانی شاهانەکەیان کردبوو. بەنادڵیی لمووزشۆرییی پرتەپرتی هەرەشەو خۆشەویستیی ویستی زۆرینەی جەماوەرەکە، بڕوای ڕەهایان پیَدرابوو..!
هیچ بڕیارو فەرمانی مەرسووم، لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکانا، لەسەرلاپەرەی ناوەوەی ڕۆژنامەکانا، لە بلندگۆکان دەرنەچووبوو..!
.لێرە، لەم مەملەکەتەدا، بنکەی پۆلیسی بەندبخانەو سەیتەرەو پشکنینی ئاسایشی ئاسایشی گشتیی بارەگا نی یە لەسەر شەقامەکانا، بەرد ریَزنەکراوە. تاسەی بەرز، دروست نەکراوە، کاروانی دریَژی مەسئوولی لوولە مەخزەنی حەفتاو پیَنچیی سەبەتانەی ملحوشتری ڕەشی دۆشکە، ماڵە مەسئوولی لیَ نی یە..!
دانیشتوانی ئەم مەملەکەتە، زۆرینەی کوردی کوردستانی باشوورن. کورد لە سلیَمانیی هەولیَر، بۆ ئیَرە باریان کردووە. شیَخەلاو سابوونکەرانی بەستۆرەو چوارقورنە لیَرەیە. بۆیە، وا وەزیرە بەریزەکانی بەریَوەبەرە گشتیەکانی سکرتیَرو چەقۆکیَشی پاسەوانی شەرکەرو دۆستە ناسکەکان، زۆریان هی ئەو بەشەی کوردستانن. هەموو ڕۆژیش ژمارەیان لە زۆربون دایە..!
یۆنانیەکان، بە کوردی ئەم مەملەکەتە، دەڵیَن (کوردۆس)، بەم ناوەش لە ڕۆژنامەکانا دەیانوسی، دووبارەشیان دەکردەوە، کەوا لەناو چەند فارگۆنی کۆنی سەنتەری شارو کۆنە ئیستگەکە، چەند سەد کوردیَك دەژین، ژیانیان سەختە، شەو ناخەون ..!! بەڵام بە ڕۆژ دەخەون، ڕۆژانەو بەم ڕۆژە دریَژانە یەك ژەم خواردن دەخۆن.
زۆربەیان گەنجن، زۆریشیان دانسقەی باشەو زیرەکیشن ..!! بەڵام بەداخەوە خەڵکی دزو بەد ڕەوشتیشان تیَدایە، بەڵام .... باشەکان زۆرترن.
هەروەها لە پۆلیسخانەکانا، لە نەخۆشخانەکانا، داواکاریان هەر بە کوردۆس بانگیان دەکەن.

***

## راستیان نوسیبوو...!

کوردەکان تا بەرەبەری بەیانیان بەردەوام بوون، لە پەناو لە تەنیشت فارگۆنەکان ئاگریان دەکردەوە، پاش نیوەشەوان بیرەو شەرابی ئۆزوی بیَ مەزەو خواردنەوەیان فردەکردو خۆیان مەست دەکرد، شەوان پۆشتەو چوستی جانتا لەشانی پالتۆ لەبەر، لە چواردەورەی گۆرپانە بەرینەکەی بەندەرەکە دەسورانەوە.
دوو دوو، سیَ سیَی بە کۆمەڵ دەگەران، لەدوای یەکترا ریچکەیان دەبەست، بۆنیان دەکردو سۆراخی هەواڵی پیلانی یەکتریان دەکرد. هەر نەفەریَ دەبوایە، دوو بوتلی نایلۆنی بەتاڵیان (بۆ میزکردن) ی ناو لۆرییەکان لەناو جانتابوایە، تویشوی سەفەریان پارچەیەك کیَکی چۆریَ ئاوبوو. چەند رۆژو شەو لە ناو باری لۆریەکان مابانەوە، خواردنیان هەر ئەوەندەبوو. هەبوو پاکی خاویَنی سمیَڵ تاشراوو جلوبەرگ خاویَنی تازە. زۆریش ریش دریَژو شرو هەندام شیَواو قژ ئالۆزو عەلاگە بەدەستی بیَزابوون..!!
زۆربەیان کەمی زۆر، چەند رستەیەکیان لە زمانی ئینگلیزی دەزانی، بەکەمیی بیَجگە لە چەند وشەو رستەیەك چیتریان لە زمانی یۆنانی نەدەزانی، ئەوەش لەبەر دوو هۆکاری بەرچاو بوو:
یەکەمیان: لەبەر ئەوەی بەری خۆیان بە شرە ئینگلیزیەکە لە ئاو دەردەکرد. لەیەکتری حاڵی دەبوون، دوایی، ئەوانیش هیچ ئیشیان بە زمانی یۆنانیەکە نەبوون ..!! زۆر بەدەگمەن، ئەگەر لە چیَشتخانەیەك نانیان خواردبایە. کەس نەبوو شەوان بچیَتە ئوتیَل، ئەگەر لە ئوتیَلیش دابەزیبانە، بەس وشەی کوردۆس، هەموو شتی ناسنامەو قسەو دووان پرسیارو وەڵام بوو..!
دووەمیش: کوردەکە خۆی لە یۆنان بە میَوان دەزانی، چونکە هەموویان لە مەملەکەتی پاترادا مانەوەیان، تەنیا ئیستگەیەکی شەمەندەفەرو فرگەو گۆرەپانی کەشتیی ترانزیَتی شویَنی چاوەروانی بووی بەس ..! هەمووش ئەوەیان دەوتەوە، کەوا رۆژیَ لە رۆژان، بە جەوازو گیرفانی پرو بە زەوقەوەو بۆ سەردانی وەفا بیَنەوە ...!

***

## بۆ گەیشـــــتن...!!

خەباتی تیَکۆشانی بەرنامەی حزبیی لیستی هەڵبژاردنی شەرو دووزمانیی داویَن پیسیی دۆستایەتیی لەسەرکردنەوەو هەواڵبەندیی داواکردنی پارە لە کەسوکارو برادەرەو دراوسیَی ئیشکردنی درۆو دزیی گۆرانی وتنی خواردنەو خەیالی سەرخۆشیی خەمی ئەسرین رشتنی نەخەوتنی خەوو رۆیشتنی ژیَر تیشکی گەرمی خۆرو بارانی بیَوادەو هەناسەی قووڵی قوومی دریَژی جگەرەو ریش نەتاشینی مقۆمقۆو پارانەوەو نیَرەکەریی گەرانی ماستاو ساردکردنەو مامەحەمەیی خۆهەڵکیَشانی فشەفشی شەرمکردن شەرە چەقۆ ..ی .. هەمووی بۆ ئەوەبوو بگەنە بەندەرەکانی ئیتالیا، لەویَش بۆ رۆمای پایتەختی گەران بەدوای کەنیسەی (سانت ماریا)ی (گازینۆی کوردەکان لە سەنتەری ئەمەریکی بۆ ئاوارەکان)، سواربوونی زۆری شەمەندەفەرەکان بۆ شارۆچکەی ( ڤانتیملا ) ی سەر سنووری فەرەنسا، ژماردنی هەزارەها لیرەی ئیتالی.
لەویَش دۆزینەوەی تونیَلەکان ، دەرچوونی بەشەوو رۆژیشتنی بەتاریکایی بۆ شارۆچکەی (مۆنتۆ) ی فەرەنسی، لەویَش ئەگەر نەگیریَت، بۆ شاری جوانی گەورەی (نیس) ی دیَرین، دوا قۆناغی ناو وڵاتی دریَژی فرنسا، ژماردنی فەرنگی فەرەنسی، بۆ سواربوونی قیتار، بۆ شاری یەکیتی ئەوروپایی شاری ئاوەدانی ( ستراسبۆرگ) کە رووباریَك، پردیَك لەشاری (کیل) ی ئەلمانی جیای دەکاتەوە.
هەنگاوو کاروانەکە دوورە، برینی چەند وڵاتی شکاندنی بەزاندنی چەند سنووری بە کۆنترۆلی تەماشاو نیگایە. ریَگایەك، بیَ زمانی نەشارەزا ئاسان نی یە. بەڵام، ریَنمایی دەستوورو رۆژانەو خۆتەیارکردن، لە مەملەکەتی فارگۆنەکان ئاسانی دەکات، دەبیَتە ئاوخواردنەوە.
لە مەملەکەتی فارگۆنەکانی کوردنشینا، کوردەکانی یۆنانیەکانی ناو شاری گەورەی پاترا، لە ستراتیژو تاکتیکدا هاوسۆزنی ناکۆکیان نی یە. یۆنانیەکان، ریَزیان دەگرنی خواردنی ئیشی پارەو ئیسراحەتیان پیَ دەبەخشن. پۆلیسی کەماندۆی یونانی، گەرچی جارجار بە سۆندە رەقەکەی دەستیان دوو گورزیان دەخزیَنە نیَوشانیان، بەماتۆرە خیَراکانیان راویان دەنیَن، تا دەروازەی مەملەکەتەکە خریان دەکەنەوە، بەڵام یارمەتیشیان دەدان، چاوپۆشیان لیَ دەکردن، زۆرجاریش بە هیَمای دەستی چاوسۆرکردنەوە، لە لۆریی کەشتیەکان دووریان دەخستنەوە. دۆستایەتی هاوڵاتیانی مەملەکەتەکە لە گەڵ یۆنانیەکان پتەوەو بناغەیان دیَرینەو نیَوانیان پۆلاریَژە.

کوردەکان تاوانی گەورەیان ئەنجامداوە، دەیانویستی کۆششیان بوو، بە هۆی یۆنانەوە لە بەندەری یۆنان، لە سەر مەسئولیەتی ئەوانەوە، بێ ڤیزاو پەساپۆرتی کارتی گەشتیاری، بگەنە کەناری رزگاریی گەیشتن بە ئیتالیا، ئەوەش ناو یۆنانی دبلۆماسیی دۆستایەتی لەکەدارو شەرمەزار دەکرد.

لە خیرو شەری مەملەکەتەکە هەندێ کەسانی نەتەوەو وڵاتانی تر، لە گەڵ کوردەکە هاوبەشی هاورێ بوون. کوردەکان مافی پەنابەری سیاسیان دەدا، بە کەسانی تری لێقەوماوو بێچارەو بێوار لە وڵاتەدا. یەکەم جارە کە کورد مافی مرۆڤ پێشێل نەکا، رێزی زۆری خەڵکانی تر دەگیرێت..!
لێرە لە مەملەکەتی فارگۆنەکانا، خەڵکی بۆسنیی رۆمانیی فارسی عەرەبی سۆمالیی رووسیی تورك دەژیان. بە پەیرەوکردنی دەستوورو یاسای ئەم مەملەکەتە، جێگاو ژیانی نانیان بۆ خۆیان دابینکردبوو. بەڵام! داوای کەسانی ئەلبانی بۆ وەرگرتنی دانی مافی پەنابەری سیاسی وەرنەدەگیرا، بۆیان نەبوو توخنی سنوورەکەیان بکەون، ئاشکراش بوو نێوانیان ئاڵۆزبوو، کوردەکان ئیشی قاچاخی دزیی خراپەکارییان بەناوی ئەوانەوە دەکرد. رەنگە ئەلبانیەکانیش بەناوی ئەوانەوە زۆر گێرەشێوەنیان بەناوی کوردەوە کردبێت. ئەلبانیەکان، زۆرجار بەناوی کوردو کوردۆس، لە داوی پۆلیسی سنووورداش رزگاریان بوبێت، گومانیش لەوەدا نەبوە، کە رزگاریان بوە، کوردەکەش کە ناوی ئەوانەیان دەهێنا یەخەیان بەردەدانی سەریان بادەدا. چونکە کوردەکان قسەیان دەرۆیشت، قسەی ئەوانیش یەك بستی کورت بری نەدەکرد..!

***

# بــــــژی مامێ!

زمانی رەسمی لە مەملەکەتی فارگۆنەکانا زمانی کوردی، زاراوەی سۆرانی بوو. زۆربەیان کەمێ لە زمانی ئینگلیزی حالی دەبوون، بەم زمانەش لەگەڵ یۆنانیەکان کاروباری بازرگانیی دیبلۆماسیی کۆمەڵایەتیان بەرێوەدەبرد. نیوەرۆیان هەموو رۆژێ لە هەمان کاتدا، پیرەژنێکی سەرسپیی خرپنی جلرەش، هێدی هێدی بۆ ناو گۆرەپانەکەی مەملەکەتەکە شۆردەبۆوەو سەردانی خێرای یەك دوو فارگۆنی دەکرد، لەگەڵ یەك دوانێك رادەوەستاو دەهاتەوە ناو ئاپۆرەکە، دەستی بەسەری زارۆکەکان دادەهێنا، برێ شیرنەمەنیشی دەدانێ، رووخۆشی ئاکارنەرم دەجولایەوە، دوایی جانتا رەشە کۆنەکەی دەکردەوە، بیتاقەی ئەرزاقەکەی دەردەهێنا، کە رۆژانە رێزی درێژی بە پیاون، دوو رێزی کورتیشی بە ژنانی زارۆکان دەگرت.
هێدی هێدی بە بەژنی درێژو پانی خواری رێزەکە هەڵدەگەرا، ژمارەکانی دابەشدەکرد، بزەشی لە لێوانی جیانەدەبۆوە، جارجار بە یەك دەنگ، بە ئاژاوەو بە خۆشەویستیی لەناخی پیرۆزی راوەستاوان دەیانووت:

بژی مامێ .. بژی مامێ

لەبەرئەوەی ماناکەی دەزانیی دڵشادی دەنواند، هەر بە زەردەخەنی پیرۆز وەڵامی هاوارو ئاوازو سڵاوەکەی دەدایەوە. مامێ ماندوو نەدەبوو ..!! رێزەکە خواردەبوو، دەنگ دەهات، دەکەوتە ناو ئاپۆرەکە، درۆیان لەگەڵ دەکرد، تەنگاویان دەکرد، بەڵام ئەو! پیرۆزانەو بە هێمنی، نازی دەکێشان، رێزەکە دەبووە سێ چوار رێز، رێزەکە قەلەو پەرتی پان دەبوو، بەڵام ئەو ئاسکی نازدار، هەر بەناز دەجولایەوە..!
دەبووە بۆڵە بۆڵ، قسەی رەقی پاڵی توندو پەلارو تووڕەیی، ئەو دەکەوتە ناو حەشاماتەکە، بەژنە خرو کورتەکەی گوم دەبوو، هەر سەرە سپییەکەی دیاردەبوو، جارجاریش سەریشی گوم دەبوو .. بەڵام ئەو زوێرو ماندووی سەخڵەت نەدەبوو ..!! هەر بەنازەوە دەیووت:
پیسۆ، بە زمانی یۆنانی، واتە بۆ پشتەوە ..!! دەپارایەوە، کە بیتاقەکانی دەدانێ، بزەی نەرمی وەفاو خۆشەویستی دەدانێ.
هەموو رۆژێ، ژمارەی بیتاقەکان زۆرتر دەبوو، هەر ژمارەکان لە کەسەکان، لە راوەستاوەکان زۆرتردەبوو. مامێ، چاك دەیزانی کەسی وا هەیە، دووجار بیتاقەی خواردن وەرگرتنەکە وەردەگرێت، ئەو کەسە نوێیەکان،

ژماره دووبارەکانی دەناسیەوە، کەسی بەسەرخۆدا نەدەشکاندەوە، بەگەیشتنی خواردنەکان، ئەویش ژمارەکانی رادەگرت، خەڵکەکەی، بە پێ ژمارەکان ریزدەکردەوە، تەماشای بیتاقەکانی ژمارەکانی دەکردەوە، سەرپەرشتی دابەشکردنی خواردنەکانیشی دەکرد، نانی میوەو سەمموونی شیرینەکەشی دابەشدەکرد.
مامێ، ناوی سەرزارو دیمەنی شیرینی خوانی نانەکەبوو. ئەو رۆژانە پەیوەندی بە کەسەکانی کەنیسەکانی دەوڵەمەندەکان دەکرد. نیوەرۆیان، خوانی پاکی چاکی هەمەجۆری تەندرۆستی دەهێنا، ورگی گەورەو برسی ئەو خەڵکەی تێرتێر دەکرد، بە شادومانییەوە، بە سڵاوو بزەوە دەگەرایەوە..!

***

## بە ئاشکراو بە دزی .. هەر دەگەینە برینذزی!
## بە باخیرەو بە لۆری .. هەر دەگەینە باری..!

بەم هوتاف، بەم دروشمی درۆشمی زۆری ترو سروودی نەتەوایەتی، خۆیان گەرم دەکرد. لە دانیشتنی دووقۆڵی، ریکخستنی نهێنی، چوکلێتنامەکان، نووسینی سەردیواران، وتاری رۆژنامەکان، فشەفشی سەرمێزی خواردنەوە، هوریێە، خەونی درێژی جەنجالی بەترسی ئەوان. بە کەمینی هێرشی بۆسەو پێشرەوییی دەست پەیداکردنی جاسوسیی خەفیەناردنی گەیشتنی تەتەرو گفتوگۆو دانوستانی بەردەوام. بەلێشاو، بۆ سواروبونی دابەزینی رزگاربوون تا بەندەرەکانی ئیتالیا، کارکردنی کۆشش بەردەوامی بەهیوا بوو..!
ئێواران، لۆریەکی زۆری بارهەڵگری هەموو وڵاتانی جیهان، لە شەقامە سەرەکییەکەی پاترا رادەوەستان، فلاشیان بروسکەی دەدا، مەکینەکانیان هارەی دەهات، چادرەکانیان پوختی توند بەسترابوو.

شوفێرەکە، یەك دوو هەنگاو، بۆ پلیت برین، یان بۆ تەلەفۆنێ، یان بۆ زانینی کاتی دەرچوون، یان بۆ دیدارێکی سەرپێی دووردەکەوتەوە. لەم چاوقوچانەدا، لەم خێراییەدا، هەر ئەوەندەت دەزانی، لە پەنایەك، لەبن دارێ، لەناو ئاپوورەدا، لە ناخی ئەرزا، ئەوان، هەڵدەقوڵان. بە هێرشێکی کتوپرو وریایانە، سەردەستەیەك، بروسکە ئاسا، پەتی درێژی تەلیسماوی توندکراوی چادرە خاوێنی ناسکەکەی دەکردەوە. بە بۆن، بە دەست، بە چاو، بە هۆشی زانیاریی خوێندنەوە، بارەکەی دەپشکنی. بەچاو، ئیشارەتی بۆ لقەکەی دەکرد، ئەوانیش خێراو چاپۆك بۆ سەر نێچیرەکە ئامادەدەبوون.
لەسەرپشتی شانی یەکتری، بە پاڵدانی بەرزکردنەوەو دەست راکێشان سواردەبوون. سەردەستەکەش بە وریایی وەستایانە پەتەکەی دەبەستەوە، دەستی خۆی رادەوەشاند، بە خێراییی کەس نەزانمی لێزانییەوە، پەتەکەی وەك خۆی دەبەستەوە..!! بەوەش دەستەیەك دەربازدەبوون، لۆرییەکە بەباری تازەوە، بە بێ کرێی بەبێ گومرگ دەرۆیشت .. بەرەو دوورو بێ ئاراستە دەرۆیشتن، بەڵام بۆ کێی کەی دەرواو چەند دەخاێنێ، دەرباز دەبوون .. یان نا .. ئەوەش رۆژانە دووبارە دەبۆوەو دەربازدەبوون، زۆریش..!
دیارە هێرشی بۆسەو شەری ئێوارانی تاریکەشەوان، هەر لە قازانجی چەتەو چەکداربووە، بۆیە هێرشی کوردەکانی مەملەکەتی فارگۆنەکان، هەر ئێوارانی نیوەشەوانی کاتی نوستنی سەرخۆشیی رابواردنی پاسەوانی شوفێرو ئێشکگرەکانی بەندەرەکەبوو.
برواناکەم لە هیچ وڵاتێ، بەقەد وڵاتی یونان بادەی مەیی سیحرو چاوو جوانی بەهەشتی دیمەنی سۆزو رووتبوونەوەو تاوانەوە هەبێ ..! بۆیە لەم وڵاتەدا، لە وڵاتی گەشتی سیحرو مەستی، بوار بۆ دزەو دەربازبوونی ئاودیوبوون خۆشی ئاسانە. لە سیحرو سوتانی مەستیەکانیان، ئەوان بۆ مەبەستی تر دزەیان دەکرد. کوردانی مەملەکەتەش، بۆ چوونەناو بۆدیی باری لۆرییەکان دزەیان دەکرد.
ئێواران، کەشتیە گەورەکان ئامادەی بارکردن دەبوون، واتە سواربوونی جوولەو نۆرەی لۆرییەکان دەبوون.

کەشتیە گەورەکان (فرجینا، کچەکە، بیەکە، ئەنیتەکە، ئێسەکە، عەلەمەکە، سوپرفاستی شێرەکەو زۆری تر......)، ئێواران گەرم دەکران، لوولە ئەستوورەکانی دووکەڵیان، ئاسمانی شینیان ڕەش دەرکرد. کە دەرگای پشتەوەیان، بە گرمەیەکی گەورەی ڕۆخی شۆستە ئەستووری چیمەنتۆیەکە، کەشتیەکان خۆیان ئامادە دەکرد.
سەدان لۆریی هەزارەها کەشتیار، لۆری بەدوای لۆری سەر لەدوو یەکدەنێن، هێواش خۆیانی بارە گرانەکانیان سەردەکەوتن، کۆنترۆلی بەردەگاکە، چاوێکی خێرای بە پەتی بەستنی بارەکە دەخشێنێ، تەماشای وردی (لۆکەکە ، کلیلەکە) ی بارەکانی دەرکرد، بە دەرچوونی خزانیان بۆ ناو کەشتیەکە، سنووری پۆلیسی کۆنترۆلی یۆنانستان مافیان لەسەر نامێنێ، کەشتیەکە دەگاتە بەندەرەی ئیتالیا، تا دەگاتە نزیك بەندەرەکانیان، لەوێش بەلەمێکی خێرا پێشی لێدەگرێ، پیاوانی کۆنترۆل بە دەرگایەکی بچووك سواردەبن، ئیشەکە دەکەوێتە بەر ڕەحمەتی کۆنترۆلی پشکنینی ئیتالیا، ئەوانیش لە دۆزینەوەی کوردی مەملەکەتەو دەست نیشانکردنی باری شکاوو لۆری بەکوردبارکراو دریغی ناکەن، جا ئەوەی دەربازبوو، ئەوە دەکەوێتە ناو خاکی ئیتالیا، زۆرن ئەوانەی لەدوا چرکەی دەربازبوون لە کاتی ڕۆیشتنی پاپۆرەکان، لە کاتی یەکەمی سواربونیان ئاشکرا دەبن، دادەگرێنی سەربەرەو نشێوو بە هەمان کەشتی، دووربارە دەگەرێنەوە یۆنانی مەملەکەتەکەیان:

ئەو کوردانەی دەچوونە ناو لۆرییەکە، لۆریەك تەژی باربوو *
زۆر بە زەحمەتی لەناو بارەکە جێگایان دەبۆوە *
کەس نەبوو بە ڕەزامەندی شوفێرەکە سوار بێت *
زیانی ماڵیان بە بارەکەو چادرەکانی نرخی بارەکە دەگەیاند *
بۆ شوفێرەکە، کە بارەکەی لە کۆمپانیای بارو گواستنەوە هەڵدەگرتن خراپ دەکەوتەوە، بارەکەی دەستکاری کراوە. *
زۆرجار دزی لە بارەکان دەکرا *
زۆرجار شوفێرەکان لە ترسی سواربوونی کوردەکان خۆیان چاکی ورد چاوەدێری لۆرییەکەو لۆکی بارەکەیان دەکرد، یان هەستیان لە چادرەکە رادەگرت. *
کە سواردەبوون، بۆ جێگا خۆشکردنی جێگاکردنەوە، دەستکاری بارەکەیان دەرکرد، ئەویش بۆ داگرتنی ژماردنیان خراپ دەکەوتەوە. *
پۆلیسی کۆنترۆلی یۆنانی، دەیانتوانی بە بەکارهاتنی سەگی مەشق پێکراو، نەفەرەکان بەئاسانی بدۆزنەوە. وا دەردەکەوت ئەوان زۆر دژ نەبوون، حەزیان دەکرد کوردەکان بە هێمنی، بێ غەڵبەغەڵبی زیان بەخشین سواربنی دووربکەونەوە. *
ژمارەی کەمی زۆری نەفەرەکان، پەیوەندی بە بارەکەی ناو لۆریەکەو هەڵکەوتی شوێنی راوەستانی هەبوو *
کەسانی چوستی لاوازو بێ بارو ژمارەی کەم، سەرکەوتووتر بوون *
لۆری وڵاتانی بێگانە، بۆ خۆشاردنەوەو رزگاربوونیان جیاوازی هەبوو *
بەدەگمەنیش هەبوو، بە هۆی قاچاخچی شوفێرەکە ئاگادار کرابۆوە، پارەی وەردەگرت، لە کۆنترۆل ئاشکرا نەدەبوون، ئەگەر خۆیان کێشەیان نەبوایە، پەیرەوەی پێویستەکانیان بوایە. *

جارجاریش لۆریەکە هەر بۆ ناو یۆنان بوو، یان وڵاتانی تر نەك بۆ ئیتالیا، کە ئەمەیان کێشەی سەفەری ئاڵۆزی دروست دەکرد. *
کە لۆرییەکە دەگەیشتە ئیتالیا، نەفەرەکانی ناوی دڵنیابوون لەوەی، کەوا باخیرەکە چەند ڕۆیشتووەو چەندجار راوەستاوە، بە پێی کاتی ماوەی ڕۆیشتنەکەو هاتوچۆی ناو باخیرەکەو دەرکەوتنی لۆرییەکە، دەیانزانی کەوا لۆرییەکە، لەناو خاکی ئیتالیایە، کە ماوەیەك ڕۆیشت دەتوانن دابەزنی بەرنامەی سەفەرەکەیان بەردەوام بکەن، نەفەرەکان لە چادرەکەیان دەداو دەبووە غەلبەغەلب، شوفێرەکەش، لە ئاوێنەی تەنیشتی یان بە شارەزای خۆی نی یە. کە رادەوەستا، دیقەتی دەدا، جا یان بارەکەو چادرەکە دەجولاو، یان دەیزانی، شتێ هەیە، بارەکەی ئاسایی نەفەرەکان چادرەکەیان دراندبووی بۆی دەرباز دەبوون، یان هێدی هێدی دەهاتنە دەرێ، شوفێر سەرسامی شێت، لەبەر زۆر شت، چونکە چادرەکە دراوو بارەکەی شێواوو فێلیکراو بارکراوو ئاگادار نەکراون، بەڵام هیچ ناکەن کە دەزانن کوردن، ناچارن ! دەیانەوێ دەربازی ناو ئیتالیابن. دواییش بۆ قولایی ئەوروپا خێرا دووریان دەخاتەوە.

**ئەوانیش دەست بە جانتای بوتلی میزەوە، بە جۆشی هەوەس، بۆی دەردەچنی دووردەکەوتنەوە، ئەویش خێرا بۆی دەردەچیَ، تا لەسەری نەکەویَت، کیَشەی بۆ دروست نەبیَ، یان دەیانداتە پۆلیس ئەوانیش هیچیان بۆ نابیَتی ئازاد دەکریَن..!**
**زۆرجاریش، واکەوتۆتەوە کەوا شوفیَرەکە لە گەراجیَ، یان لە پەنایەك رادەگریَت، خۆی بۆکاروباری تایبەتی دوور کەوتۆتەوە. ئەوا نەفەرەکان، ئەوەیان بەهەلزانیوە بۆ دابەزینی دوورکەوتنەوەیان.**
**زۆربەی کەشتیەکان ئیَواران دەگەرِانەوە، کاتی دەرچوونی گەیشتنەوەیان دیارو زانراو بوو، هەروەها رۆژانی پشودانی پاپۆرەکانی کەسانی کۆنترۆلەکانی ناویانی کاپتنەکان دەزانرا. پیَش ئەوەی گزۆزە ئەستوورو**
**بەرزەکانیان گەرم بکەن، باوەش باوەش دووکەڵی رِەش بە ئاسمان دابکەن، کوردەکان بە ماتەمات، بە وەرگرتنی بواری خافلاندنی کریَکارەکانی پیاوانی کۆنترۆلی قەلەباڵغی دەروازەکە بوارییان وەردەگرت، بە پیَیانی بەخۆنەوی کردنی خۆخشاندن، یان بە خۆشۆرکردنەوە بە بۆدی لۆریەك دەخزانە ناو کەشتیەکە، لەویَش هەتا کەشتیەکە سینگی دووری دەریای مەندی دەبرِی، ئەوە ئەوان خۆیان دەشاردەوە، لە پەنایەکی ئەم شارە گەورەو ئەم گەرەکە جەنجالە خۆیان ماتدەکرد.**

**ئەوان خەریکی میَز رازاندنەوەو پاککردنەوەی داخستنی شەرشفی خاویَنی پەمبەو حریردەبوون،**
**ئەوان خەریکی ویَنەگرتن بە ڤیدیۆی بەکامیرا دەبوون..!!**
**ئەوان خۆیان دەدایە بەر تیشکی گەرمی خۆر،**
**ئەوان مەستی جوانیی دەریابوون، زادیان بۆ نەورەسەکان توورهەڵدەدا.**
**ئەوانە شەیدای سەمای دۆلفینەکانی ناو شەپۆلەکانی تورەی دەریابوون،**
**ویَنەی زۆریان بۆ دەگرتن.**
**کوردەکانیش لەناو پاپۆرەکان، لەناو لۆریە سەرداخراوەکان، لەو بیَ هەناسەییەدا، هەناسەیان توند رادەگرت.**
**لەو تاریکایی ئەو زیندانە چاوەکانیان توندتر دادەخست.**
**لەو کونە تەنگەبەرانەدا بەژنی بالایان کورتترو وردتر دەکرد.**
**لەناو ئەو رووبەرە بچوکەو تەسکەدا قەدیان باریکتر دەکرد..!**
**نەشوفیَری لۆرییەکان، نەپیاوانی چاو زیتی وریای کۆنترۆلی بەهرەدار، نە پۆلیسی شارەزا هەستیان بەوە نەکرد، کەوا چەند لاوی کورد، دوو سیَ رۆژە، خۆیان لەناو سەندووقی ئەداواتی لۆرییەك گرمۆلەکردووە، لەم کاروانە دریَژەدا، لە وشکایەتیی لەناو ئاوی دەریای بەرینی دوورەوە.**
**لە شویَنی گەرمی ساردو ئەنگوستەچاوو لە قەرەپەستانیَی تەنگیدا، بەرگەیان گرتووە، خۆیان بەرووی دووکەڵا، بەرامبەر گەرمی جەستەی گەورەی لۆرییەکەو چەوری زەیتەکان راگرتووە. کاسی گیَژو زامدارن، بەڵام بەرگە دەگرن، نەفەرەی زیندوو، بە رەزامەندی خۆی، لەناو سەندووقی ئەدەواتی لۆری دان ..؟**
**لۆری دەرِوات، یەدەگی بیَجگە لە کەرەستەو تایەی سپیَر، مرۆڤی تیَدایە.**
**لە نیَوان شانسی پانی دریَژی لۆرییەکە، یەك دوو نەفەر هەیە،**
**لە نیَوان تایەکانی گەورەی سپیَرا، نەفەر هەیە.**
**لە نیَوان بۆدیی مەکینەدا نەفەر هەیە، سواردەبنی خۆیان شۆردەکەنەوە، خۆیان دەکەنە بەشیَکی رەقی رِەشی گەرمی گەورەی بۆدی لۆرییەك.**
**چەند رۆژ دەمینیَنەوە، کەس هەستیان پیَناکات. کە دەگەنە شویَنی مەبەست، بە راوەستان، یان بە هیَورکردنەوەی خیَرایی لۆرییەکە، نەفەرەکان خیَرا وەك کەرویَشك بۆی دەرەدەچن، دوور رادەکەنی رزگاریان دەبیَ..!!**
**دەبیَ ئەم مرۆیە بەس گۆشتی ئیَسقان بیَ..!!**
**دەبیَ ئەم مادەی لاستیکی مگناتیسی ئاسنی مس نەبیَ ...؟**
**بەرەزامەندی خۆی، مرۆڤیَك ببیَتە کەرتیَکی گەورەی مەکینەیەك، بۆ دەربازبونی، ببیَتە دووکەڵی نەخنکیَ، ببیَتە زەیتی گەرمی سوتاوو نەبیَتە خەلووز ؟**

***

شەو قەڵای میرانە، لەناو تاریکەشەودا، پیاوی ئازا چاوی تیژەو دەبینێ !! هەست بە ریگا دەکاتی ئاگاداری خۆی دەبێت، لە هەورازی رکا، تاقەت بە قاچەکانی دەدات.
کە کەشتیەکان، جەستەی گەورەیان دەسوراندو روویان لە ئیتالیا دەکرد، هێدی هێدی کەرتە شاخی کەشتی دووردەکەوێتەوە، بەندرەکە بە رۆیشتنی کەشتیەکان رووی لە چۆلی دەرکرد.
ئوتومبێلە رەشەکەی پۆلیس هاتوچۆی نەدەما، ماتۆرە خێراکە، کرێکارەکان، دووردەکەوتنەوە، ئەو چەند گاردو چاودێری کە دەمانەوە، بەو گۆرەپانە پانی پۆرە رانەدەگەیشتن، بۆیە هەر شەش دەروازەکەو دیوارە ئاسنینەکەو بوارە لاچەپەکانی پەنا لۆرییەکان دەبوونە، سەنگەرو کەمینی شەوانی کوردەکان خۆیان تێدا حەشاردەدا، لە ژێر دروشمی پەندی کۆنی کوردەواری خۆمان:
(ئۆخەی ئۆخەی ... هەر کەس بۆ خۆی)
دەکەوتنە پشکنینی لۆریە گالدراوەکان، قاچاخچیەکان، هەریەکێ بۆلای لۆریەك دەردەچوون، لۆکەکەیان دەکردەوە، دەچوونە ناو باری لۆریەکە، هاندەرو بەرنامەی ئەو کارە بەجەرگەش خواردنەوەی چەند شوشە شەرابی ئۆزوی بە خۆراییی مەستیی خەیالبوون بوو .!!!!! ئەمەش وای لێدەکردن، وەك سویسکە لەسەر .دیوارە بەرزەکان پازیان دەدا، لەش سووکی بەغارو چاپۆك
ئەگەر بارەکەیان بەدڵ بوایە، شوێنی باشی حەشاردانی شاردنەوەی نەفەرەکانیان هەبوایە، هەواڵیان رەوانەی راگەیاندنی مەملەکەتی فارگۆنەکان دەکردەوە، نەفەرەکانیان هوشیار دەکردەوە بۆ:
پارە خەواندن، لەلای کەسانی باوەرپێکراو بە مەرجی دەرچوون...!
تا، خۆیان سووك بکەنی زۆر بچنە تەوالێت...!!!
بۆ ئامادەکردنی بوتلی ئاوی سووك بۆ ئاوخواردنەوە نا...! بۆ میزکردن !!!!!..
بۆ خوداحافیزیی راسپاردەو داواکردنی ژمارەی تەلفۆنی یەکتری...!!!
هەروەها بۆ وەرگرتنی ژمارەی تەلفۆنی سوپەر مارکێتەکەی بەرامبەر مەملەکەتەکە...!
بۆ بەخشینی کەلوپەلی شوێنی نوستنەکەیان...!!
بۆ سەلماندنی ئەوەی، کەوا قاچاخچیەکە وریاو دەست سووکی راستگۆیە...!!!
بۆ ئەوەی خێراو وریابن، لەناو بارەکە نەجولێن، جگەرە نەکێشن، لەم مەملەکەتە رزگاریان بێی بگەنە هاورێی خزمی کەسوکاریان ..ی....!!1
یەك دوو، هەتا سێ چوار رۆژ چاوەرێ ئەم گرۆپە دەکرا، ئەگەر نەگیرابانە، ئەوا دەرچووبوونی گەرانەوەیان نەبوو، خۆ ئەگەر زوو ئاشکرابانەو گەرابانەوە، پێکەوە دەیانووت بارەکە (پاقلە) بوو، کەوتینە پاقلەکە، فشەبوو، هەروەها بۆ گاڵتە دەیانووت:
دەرچووین ..!!؟؟
بەڵام لەسەرلا...!!!!

# پێناسە...!!

**پاقلە:**
بەو بارە دەوترا کە نەفەری زوو لەناودا بگیرابایە، گیرانەکەو ئاشکرابونەکە، جا چ لە کۆنترۆڵی پاپۆرەکانی یۆنان، واتە لە بەندەرەکانی یۆنان، یان لە بەندەرەکانی ئیتالیا.
هەبوو، شارەزابوو، پێشبینی باری پاقلەی دەکرد، جارجاریش بە پاقلەشیان لەقەلەم دەداو بارەکە نەفەریشی تێدا دەرباز دەبووی دەگەیشتن، بە ئاسانیش دەربازدەبوون. ئەدی بۆ زوو ناوی پاقلەیان لەو بارەش دەنا..؟؟
چونکە، بارەکە لۆك نەبوو (واتە تەماشاکردنەوەی ئاسایی بوو، لە شوینی تر کۆنترۆل نەکرابوو، واتە لەو شوێنەی کەجاری یەکەم بارکرابوو کۆنترۆل نەکرابوو، یان لە دانی رسومی گومرگی). بەهەرحال ئەو بارەی لۆکی پێوەبوو، لە کۆنترۆلەکان بۆیان نەبوو داوای تەماشاکردنی بکەنەوە. ئەگەر گومانیان لە دەستکاریی شکاندنی لۆکە سەرمۆرەکە نەکردبایە، ئەوە تەماشا نەدەکرا، بارەکە بێ تەماشا دەچووە ناو پاپۆرەکە.
بەو بارانەیان دەووت، پاقلە، ئەگەر:
شوفێرەکە یۆنانی بوایە، چونکە شوفێرە یۆنانیەکان دەناسران، ئەوانیش سواربوونی کوردەکانیان دەزانی، بۆیە لە کۆنترۆلا، داوای پشکنینی تەماشاکردنیان دەکردەوە.

يان هەر خۆی چادرەكەی هەڵدەدايەوە، ورد سەيری ناو بارەكەی دەكردەوە، سەردەكەتی سەری بەناو كارتۆنی بارەكەدا دەكرد. زۆريش بەتەماشاكردنی گەرانيش نەفەرەكان لەناو بارەكەدا نەدەۆزرانەوە، بەتايبەتی گەر بارەكە پاكێت بێ، دەستەی بەستراوی سووكی ئاسان بوايەو دەستكاری ئاسان بوايە، ئەوانيش زيرەكانە جێگای خۆيان خۆش كردبايە، يان بارەكە كەم بوايە، پاقلەيان پێ دەووت.
ئەگەر بۆديی كەللهسەرەكە، يان لۆرييەكە لەناو گۆرەپانەكە زۆرمابايەوەو سەفەری نەكردبايە، يان بۆ ناو يونان بوايە، بەم بارو چوونی گەرانەوەو فەشەل هێنانەيان دەووت، پاقلە..!!

***

## بۆنەكە :

بەباری زەيتونی فەليان دەووت، بۆنەكە. هەر بە كردنەوەی چادرەكە، بۆنی زەيتون مرۆڤی گێژدەكرد، جا ئەگەر چەند نەفەرو بۆ چەند رۆژ لەناوی بمينێتەوە، ئاسان نەبو ..!! ئەم بارە بە بۆنە، زۆری رزگار دەكرد. ئەوەش زۆری لەبەر ئەوەبوو، كۆنترۆل لەبەر بۆنی پيسی زەيتونە فەلەكە چادرەكانيان هەڵنەدەدايەوە. جا ئەوانەی زۆر بێزارو ماندوو بێ پارەبوون، سواری ئەم جۆرە بۆنانە دەبوون. يان، ئەوانەی زۆرجار گيرابوونی چەندجار لە ئيتالياوە بە گيراوی گەرابوونەوە، كە بێ ئومێد دەبوون، سواری باری بۆنەكە دەبوون، بەناچاری بەرگەی بۆنەكەيان دەگرتی دەرۆيشتن.
ئاشكرايە، كەوا وڵاتی يۆنان بێجگە لە پيشەسازی گەشتوگوزار، كەوا سەرچاوەی سەرەكی ئابووريەتی، مێوەی وەك پرتقالی ليمۆو هەنارو مێوەی تری زۆرە وەك زەيتون، كەوا سەرمايەی زۆری ئەم وڵاتەيە، زەيتون سەدان جۆری هەيە، بۆ دەرەوەش رەوانە دەكرێ، چەند جۆريشی رەوانە دەكرێ، بۆيە ناردنی زەيتونی فەلی باری بۆنەكە لە مەملەكەتی فارگۆنەكان سەرچاوەو سەرمايەكی چارەنوسازبوو بۆ ئاوديوبوونی گەيشتن.

***

## لەسەرلا:

بۆ گاڵتەكردن ئەو وشەيە بەكاردەهات، زۆريش لەسەر زاران بوو، ئەگەر يەكێك بە دڵنياييی بيوتبايە، ئەمشەو هەر سواری لۆريەك دەبم، بارێك هەر دەدۆزێتەوەی دەروات، برادەرەكانی بەگاڵتەوە، دەيانووت، ئا، ئا دەردەچی، بەڵام لەسەرلا..!
بە كۆمەڵ دەيانووت:
ئێمە لەسەرلا دەرۆن، لەسەرلا دەخەوين، لەسەرلا سواردەبين، وەك ماسی ناو قوتوی بچوك، لەسەرلا رێزكراوين، ئيشەكانمان لەسەرلا جێبەجێ دەبێت ..؟

***

## بۆی دەخۆينەوە:

لەزمانی كوردی خواردنەوە، زۆرجار بۆ مەشروب بەكاردێت، وەنەبێ خواردنەوە هەر مەشروب بێ، بەڵام لە مەملەكەتی فارگۆنەكان خواردنەوە بۆ مەشروب بوو، جا ئەگەر چەند نەفەرێ، يان دەستەيەك برياری مەسەلەيەكی خراپيان دابوايە، نيازی شەرو تۆڵەيان هەبوايە، دەيانووت:
ئيمشەو بۆی دەخۆينەوە، هەر بۆی دەخۆينەوە، رۆژی دێ ...!!
شەوان چەندين قووتيی شووشەی بيرەو ئۆزوی شەرابی ويسكی،
بێ مەزە،
بێ بەفر،
بێ خواردن،
بێ بەرداخ،

**بیَ زەوقی بیَ رەوشت،**
**بیَ خوان،**
**بیَ جیَگا ..... دەخورایەوە..!**
**کە مەست دەبوون، خەیال دەبوون، درەنگ بەزمیَکیان دەنایەوە. خویَن دەرژا، سەردەشکا، جل دەدرا، چونکە زۆرجار خواردنەوەکە بۆ شەرو خویَن رشتن بوو، بەیانیش بەبیانۆی خەیالی زۆر خواردنەوە ئاشت دەبوونەوە، برینەکان سارێژ دەکرانەوەو زیانەکان قەرەبوو دەکرانەوە، یان دەستیان لە ملی یەکتری دەکرایەوە، بە هەموولایەك کۆشش دەکرا لایەنە زیان لیَ کەوتوەکە بەریَ بکرابایە.**

*******

**مەلاگە :**
**مەلاگە، بەزمانی یۆنانی جنیَوە، واتە (دەستپەرچی)، کە کوردەکان دەگیرانی ئازاددەکران، راو دەنراو ئاشکرا دەکران، بە مەلاگە مەلاگە، جنیَوو نەفرەتیان دەکردن .. کە کوردەکان لە پۆلیسەکە، یان لە شوفیَرەکە دووردەکەوتەوە، ئەوانیش دوو سیَ جار جنیَوی بە (مەلاگە) یان تیَ دەگرتەوەو بۆی دەردەچوون..!**

*******

# هەر بەریَوە..!!

**چەندجار لە نیَوان تورکیاو یۆنان گیراویت ..؟**
**لە وەڵامدا، زۆرجار ژمارەی زۆر دەوترا، وەك شەش حەوت جارو زۆرترو کەمتر، دەیانووت؛**

**هەموو جاریَ لە زیندانەکانی سەرسنووری هەردوولابووە..!**
**لە ریَگادا لە کیَندەریَ، ئەگەر لە بیرت مابیَ زۆر ترساویت ؟؟**
**شەرمیان نەدەکرد، دەیانووت:**

**لەناو نەفەقی سیَ، ئەوەی دەکەویَتە نیَوان گوندی نەفەقی سیَی نەفەقی دوو، کە لەسەرە سەعاتەکانا شەمەندەفەرەکان رەت دەبوون، زۆری نەدەما، لەناو نەفەقەکەدا لەگەڵ هارەو تەوژمی خیَراییەکەی، زۆری نەدەما میَشکم بتەقیَ، ئەو جارەیان لە مەنجەڵ دەرچووین، سەد خیَرم لەسەرە..!!**
**کە پرسیاری پارەی مەسرەفی ریَگات دەکرد، هەبوو دەیووت:**

**بەڵیَ، خۆم زۆر نا .! بەڵام ژەندرمەکانی تورك، کە دەگیرایان، رووتیان دەکردینەوە، هەموویان دەدۆزیەوە، هەموویان دەبرد، قاچاخچیەکانی خۆشمانیش زۆریان پارە خواردین..!**
**شەپۆلی دەریا ..؟؟؟؟**
**عزرائیلەی مردنت نیشان دەدات!**
**مـــــردن ......؟؟؟؟؟**
**لەم ریَگایەدا سەدجار دەمریتی زیندوو دەبیتەوە..!**
**هیوا .......ت ؟؟؟؟**
**جاریَکی تر، گویَم لە دەنگی دایکم ببیَتەوە..!!**
**یۆنان خۆشە .. !؟**
**زۆر ! بەراستی جەوازو ئیقامەیان دابایە، دەبووە کوردستان!**
**ئەم پرسیارانە، ئاراستەی زۆر لە دانیشتوانانی مەملەکەتی فارگۆنەکان کراوە، پیرو گەنجی سەرخۆشی پیاوانی بەرپرسی جاران، قاچاخچیی خاوەن بیرو رەوشتی تەمەنی جیا، وەڵامی هەریەکیَکیان، ئەگەرچی کورتی هەر بەریَوەن، بەڵام من بە داستانی دریَژیان دەزانم، چونکە لە ئاکاریان زۆرتر دەخویَندرایەوە.**

**دوورگەکانی وڵاتی یۆنان .. جوانن .. ؟**
**هەموویان جوانن، بەهەشت لێرەیە. بەڵام ! بۆ ئێمە نا، ئەوانەی پارەو زەوقیان هەیە، بۆ ئەوە هاتوون، ئەو دەریایە پانەیان بڕییوە کە بوتە حووت لەبەر دەممان..!**
**زمانی یۆنانی فێربویت ..؟**
**پێویستم نەبووە، چونکە بەدەموچاوو سۆزو خۆشەویستیان بەرامبەر بە کورد، لێیان حالی دەبوومی خۆشم بە میوان دەزانمی ئیمرۆ یان سبەی هەر دەرۆم..!**
**سەردانی (گڵۆپەکانی ئەسینا) ت کردووە ..؟**
**بۆ تەماشاو بەس..!**
**بۆ بەس بۆ تەماشا ...؟؟**
**من لەبیَ پارەییی نەبوونیم، جگەرەم نەکێشاوە، ئەویش واتە گڵۆپەکانی زەوقەکەی بۆ چەند دەقیقەیەکەو تەواو، ئەوەش پێشەکی، چوار پێنج هەزار دراخمای یۆنانی دەوێت!**
**شوێنی نوستنتان چۆنە ..؟؟**
**سەد خۆزگەمان بە کۆڵێتی مریشك..!!**
**بۆ کێ .. زۆر تەلفۆن دەکەیت ..؟؟**
**بۆ برادەران، بۆ خزمی دۆستەکانم، کەس نەما پارەی لیَ داوا نەکەم..!**
**چەندجار سنووڕداش کراویت ..؟؟**
**سیَ جار، جاری سێیەم، شەرمم کرد بگەڕێمەوە ماڵەوە، هەر لە ئاسایشی زاخۆوە بۆی دەرچوومەوە، هەر ئەو شەوە ملم لە ریَ نا، بەیانی خۆم لە سلۆپی دیتەوەو سواری پاسەکە بومەوەو بۆ ئەستنبۆل..!**
**رقت لە کیَ .. بویتەوە ..؟؟**
**بە پیادەیی دەهاتین، لەدوا قۆناخی گەیشتن بوین، شوانێکی یونانی دەست بە جێب تەلەفۆن، لەناو شاخی دەوەنەکانا لێمان پەیدادەبوو، ئەو تەلەفۆنانە کوردی زۆریان بەگرتن داوە، بۆ زیندانەکانی تورکیا رەوانە کراونەتەوە.**
**لە وەڵامی پرسیاری چەندتان پارە سەرفکردووە، یان پارەی چەندتان ویستووە تا گەیشتوونەتە مەملەکەتی فارگۆنەکان، هەبوو دەیووت:**

**سیَ هەزار دۆلارم چووە ..!! دزینی پارەو گیرانی گەرانەوەو فریوی برادەران، پارەی زۆری ویستوە. هەبوو سوێندی دەخوارد:**

**کە لە کوردستان دەرچووە سەد دیناری عیراقی پیَ بووە ..!! لە تورکیا ئیشی کردووە، لەبن دیوارەکانا خەوتووە، لە تەکیەو ماڵی شێخ عوسمانی تەویلە خەوتووە. هەبوو دەیووت:**

**لە یۆنان ئیشم کردووە، هەبوو، بەشەرمەوە دەیووت:**

**ئیشی [ فــــــرن .. (ئەو زاراوەیە بۆ نێربازی بە پارە، بەتایبەتی کە پیرە یۆنانیەکان پەرۆشی بونی پارەیان لەسەردەدا)] م کردووە..!!**
**زۆریان لە خزمی چاکی برادەرەی بەوەفا پارەیان بۆ هاتبوو، هەبوو زێری ژنی، خانووەکەی، سەلاجەو تەلەفزیۆنەکەی، ژووری نوستنی جلی بووکی زاوایەتیان .. دوکانەکەی، فرۆشتبوو!**
**هەبوو قەرزی کردبوو، زەویی ئاوی گوندی فرۆشتبوو، ئیشی کردبوو، هەبوو دەیووت:**

**پارەکەم، هەمووی، ئەوانەی سەرەفم کردووە لە ئەستنبۆل پەیدام کردبوون.**
**هەشبوو پارەکەی هەموو، ئەوەی لە ماڵەوە هێنابووی لە ئەستنبۆل خواردبووی، هەر چاورەوانی تەیارەو جەوازبووە، تا هاتیتە سەرنانی رەقی تەماتە خواردن..!**
**بەندەرەکانی ئیتالیات بینیوە ...؟**
**لە زۆریان گیراوم، رەوانە کراومەتەوە. ڤینیسیا زۆر جوان بوو، حەزم دەکرد لەویَ نەگەڕێمەوە. شارەکە لەناو ئاوە، لەجیاتی ئوتۆمبێل، بەلەمی ماتۆری ئاوی لەشەقامی شارو کوچەکانی لەگەڵ شەپۆلی سیحری جوانی خانووە کۆنەکان دەروات، ئەو دیمەنانە بۆ چاوی ئێمە نامۆن، خەون بون..!**

ئەدی بەندرەی (بریندزی) ..؟؟؟
شاریَکی کۆنی جوانە، ئەوەندەمان دیت تا پۆلیسی خاچی سوور هات..!
کە پرسیاری ئەوەم دەکرد، حەز دەکەیت بگەریتەوە، لەم سەفەرو رەزالەتە پەشیمان نیت ..؟؟ زۆریان وتیان:
ئەگەر براکوژی تەواو بیَ،
ئەگەر حزبەکەی بگەریَتەوە شارەکەی!
لە ترسی قسەی خەلّکی ناگەریَمەوە..!!
هەبوو بەو پرسیارانە دەگریا..!
هەبوو ئاخیَکی هەلّدەکیَشا،
هەبوو ویَنەی دلّسۆزانی خۆی دەردەهیَناو تەماشای قوولّی بەحەسرەتی دەکرد، قسەی بۆ نەدەهات..!
هەبوو دەیووت:

دەچم لە ئەلمانیا جەواز وەردەگرم، دەگەریَمەوە جەوازەکەم دەفرۆشمەوە، دووبارە بەو ریَگایەدا دیَمەوە، هاتنی گەیشتن ئاوخواردنەوەیە. بە ناوبَکی تر دیَمەوە، دەچمەوە ولاَتیَکی تر! هەبوو دەیووت:
ئەگەر دەمزانی هەلّەی وام نەدەکرد، زۆریان وت، بروام نەدەکرد، سەرکردەی عەرەبەکە جوانی راستی وتبوو، دوژمن بەرامبەرەو دەریاش لە پشتمانە ..!! دەبیَ پیَشرەوی بکەینی سواربین...
هەبوو گالّتەی پیَدەهات، هەبوو هەزار جنیَوی بەخۆی دەدا .. چیم بەجیماوە! بگەریَمەوە لای کیَ ! بۆ کیَ تفەنگ هەلّگرمەوە ! بەس دەستم لەویَ گیربوایە...!!
کەس یارمەتی داویت ......؟؟؟؟
باشی خراپ هەس، هەژدە رۆژ لە ریَگابووم، کەسیَ یەك پاروەوە نانیَکی رەقی نەدامیَ، کوردیَك تووشم هات، لەو ئەسینا گەورەو جەنجالّە کوردیَکم بینی، بە ریَکەوت رووبەرووم هات، زانیم ئەویش کوردە، ئەو مەردانە بەبیَ بەرامبەر، بیَ ئەوەی ناوم بزانیَ، بیَ ئەوەی بمناسیَ، پیَنج هەزار دراخمای دامیَ !! بە خۆرایی ئەو پارە ئەستوورەی دامیَ، منی لە برسیەتیی پیادەییی سەرگەردانی رزگارکرد. لەو رۆژە، کیَ هەیە، ئەو پارەیە بداتە کیَ ..؟؟!!
ئەو کوردە نەبوایە، ئەو نەبوایە شیَت دەبووم، ئەو نەبوایە ریَگاو دەروازەکانم لیَ نەدەکرایەوە، بەو پارەوە، پاشان رووی رەحمەتم لیَ کرایەوە، ئەو بەراستی فریشتەبوو، مەلائیکەت بوو ! لە ئاسمانی بەرزو شینی بیَگەرد، بۆم هاتە خوارەوەو دوایی رۆیشت، نەمبینیەوە، تا ئیمرۆش هیوات هەیە لیَرە دەربازت بیَ .؟
ئەگەر ئەو دەریایە وشك بیَت، بە پیادەیی ملی ریَ بگرمەبەر، ئیَمە فیَرین ولاَتان بە پیادەیی ببرین..!
چەند رۆژە خۆت نەشوشتووە ..؟؟!
چل رۆژە، وەختە گرووبم، جیَگا نی یە، لەو دەریایە ملیونەها گالۆنە ئاوە، تەنکەیەك ئاو نی یە، من خۆمی پیَ بشـــۆم! ئای بۆ لیفکەیەکی خۆمان، جلی خاویَنیشم نی یە..!!!

***

## وەزارەتـــی پیَــشمەرگە ..!

لە مەملەکەتی فارگۆنەکان، کیَشە لەسەر ئەوەنەبوو، وەزارەتیَك هەبیَت بەناوو دەستەلاَتی وەزارەتی پیَشمەرگە، یان بەناوی وەزارەتی بەرگری، لەسەر ئەم وەزارەتەش، پەرلەمان کۆبونەوەی تایبەتیی خیَرای بۆ نەکردبوو، بۆ هەلّوەشاندنەوەکەشی بریاری لەسەر دەرنەچووبوو .! چونکە لە بنەرەتدا، بەپیَی هەیکەلی مەملەکەتە وەزارەتی وا نەبوو، پیَویستیش بەم وەزارەتە نەبوو.
دوژمن لە کوردی ئەم مەملەکەتە دووربوو، بۆ ئەم وەزارەتەش پارەو داراییی چەکی قورس نەبوو، کەسیش جلی خاکیی بەکەتافی لەبەرنەبوو، کەسیش نەجمەو تەختەو نیشانەیان موزایەدەیان لەسەر نەکرابوو.

خەڵکی ئەم مەملەکەتە هەموویان، پانتۆلی کاوبۆیی پالتۆیان لەبەردابوو، زۆربەیان وێنەی بەجلی پێشمەرگایەتیان لە گیرفانابوو، بۆ رۆژی دادگا، جوان هەڵیانگرتبوو. زۆریش بوون ئەوانەی هێشتا ساچمەیان لە جەستەدا مابوو، زۆریان بریندارى شەڕی شۆڕشی نوێی کۆنی شەڕی ناوخۆی شەڕەکانی عیراقی دراوسێیەکانی ساڵانی هەشتاکان بوون، هەبوو زیندانی بەعسیانی دیبوو، هەشبوون لە دەست پێشمەرگایەتی رایانکردبوو، هەبوو لە پێشمەرگایەتی زیزو زوێرببون، پلەو پایەیان لەدەست دابوو.

***

# وەزارەتی ناوخۆ..!

ئەم وەزارەتە بێ هێزو لاوازبوو ..!! هەیکەلی وەزارەتەکە، لەناو جامخانەیەك هەڵنەواسرابوو، سەرژمێری بۆ هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەرزاقی پارەی ئاوو کارەباو ئاسایشی تێدا نەکرابوو ! نفوسی پسولەی کوردیبوونی پەساپۆرتی قانوونی چەکی دەرنەکردبوو. ئەم مەملەکەتە، بێ پۆلیسی پۆلیسی نەجدەو سەیتەرەی کۆنی نوێ بوو، بەدەمی چاوو ناوو چەندجار سوڕانەوە، کێ پارەی خواردی ..؟؟ چەند لە رێگادا ماویتەوە، دەناسرێنەوە. ئەگەر ئاشوبەیەك، یان شەڕێکی ناوخۆی خوێناوی رووی دابایە، پۆلیسی یۆنانی بەماتۆرە ڕەشەکانیان دەهاتن، هەر بەسەر ماتۆرەکانیانەوە، بێ ئەوەی ماتۆرەکانیان بکوژێنەوە، پرسیارو سۆراخی خۆیان دەکرد. یۆنانی زانەکان، مناڵان، دەوریان دەدانی کەسیش لێیان نەدەترسان، راوە فیراریان نەدەکرد، پارەشیان لەکەس وەرنەدەگرت، داوای پسولەو ناسنامەی تایبەتیان لە کەس نەدەکرد.
لەم مەملەکەتەدا، زیندانی شوێن بزرکردنی فەلاقەکردن نەبوو، گەرچی پێشێلکردنی یاساشکاندن بەزەقیی بەزۆری هەستی پێدەکرا، بەڵام کەس لە دادو داواو گلەیی کەسی تری نەدەپێچایەوە، هەر خۆتی. دەستی. پشتی پارەتی...
ئەوەی سەر بەگۆبەندو ئاژاوە بوایە، ئامۆژگاری دەکرا، کەوا بۆخۆی سواربێت، برواتی لە سنووری مەملەکەتی فارگۆنەکان خۆیی گێچەلەکانی دوورکەوێتەوە. کە هاوکاریی دۆستایەتی رێزگرتن زۆربوون، دیاردەی خراپیش هەبوو.

ژنێ، مێردو مناڵی جێهێشتبوو، بەگەڵ پیاوێکی بێگانە کەوتبوو، کەس نەبوو گوێ لە داواو نزای پیاوەکە بگرێ، هەر نەزانرا یەکتریان دۆزیەوە، یان نا .. ئاوو ئاوچوو، کەس هەڕەشەی خوێنی تۆڵەی نەکرد..!
کورێکی هەرزەکار لەیەك فارگۆنا، لەپەنایەك، لەگەڵ ژنێکی بێ مێردو بێ خوانی بێ زارۆك دەنووست، ئەوەش شەرمەزاری نەبوو، ژنەکەش بێگانەبوو، تریقەی پێکەنینی رۆژە رێیەك دەرۆیشت، بەشانازییەوە دەیووت:

ئەو سمێڵ ڕەشە جوامێرە، منی، لە ئەستنبۆلی برسیەتیی تەنیاییی سەرگەردانیی بێ پیاویی رزگارکرد. ئەو، لەجیاتی کەسوکارو مناڵی خزمەکانم بووە ..!! ئەوەش پێویستی بە ئەوراقی نفوسی شاهیدو موختار نەبوو..!
قاچاخچی، پارەی زۆری خەڵکی بێ دەستەڵاتی دەخواردو خواردبوو، فیتەی سمێڵیشی دەهات، هەتا پارەکەی مابوایە چەند چەقۆکێشی دەوریيان دەدا، بەتەواوبونی پارەکەی تەنیا دەمایەوە، یەك دوو نووکە چەقۆشی بەرهەناوی دەکەوت، دەکەوتە خەستەخانەکان، بە چاکبوونەوەی دووبارە دەستی بە پیلانی پارە وەرگرتن دەکردەوە، هەر بۆ ناوی خۆی یەك دوو نەفەری بەجوانی بەرێ دەکرد، بەوەش خەڵکی تری تووش دەکردەوە، چەندین گەلا دۆلاری خاوێنیان بە شادومانی، بە رەزامەندی خۆییەوە لە مستی دزو پیسی دەنا، دووبارەو زۆرتر کێشەی ئاڵۆزو خوێناوییی دەنگەدەنگ سەری هەڵدەداو کەس داواو مافی وەرنەدەگرتەوە..!
لە رێزی نانخواردن، ئاڵۆزیی زۆرەملیی بەرەڵاییش هەبوو، چاوپۆشی دەکرا، کەسانی زۆر بێ نانی خواردنی مێوە دەمانەوە. هەبوو دوو سێ جار خواردنی بەردەکەوت، ئەوەش بە بوونی بیتاقەی مزەوەرو بوون، وەرگرتنی لەیەك بیتاقە زۆرترو راوەستان لە رێزەکە لەجارێك زۆرترو شەرم نەکردن بوو..!
دزیی دەستدرێژیی تانەو زۆرەویی جێگاگرتنەوە، زۆر رووی دەدا، لێپرسینەوەش هەر نەبوو ..!! مەملەکەتەکە، بەبەرنامەو بێ بەرنامە بوو، مەملەکەتی هێمنیی ئاژاوەبوو، مەملەکەتی بێ وەزارەتی ناوخۆ بوو..!

***

## وەزارەتی کۆچ ..!

لەم مەملەکەتەدا، وەزارەتی کۆچ، وەزارەتی هاوکاریی رەوانەکردنی پەیوەندی، وەزارەتێکی گرنگی سەرقال بوو. چەندین بەرێوەبەری گشتیی دەستەو پیاوو پێناوو دەمراستی چاوکراوەو سکرتێری زۆرزانی موخابەراتی هەبوو .. بەرێوەبەرە گشتیەکان (قاچاخچیەکان) لاوی بچوکی لاوازو کورتی بەغارو قژدرێژو سمێڵ تاشراوو پانتۆل تەسکی زەنجیر لەملی ئەنگوستیلەی سەرگەورە لەچەند پەنجەو دەستی شان کوتراوو جەستە زامداربوون.
راژەو مانەوەیان زۆرتربوو، بەرۆژ دەخەوتن، پاش عەسرێکی درەنگ هوشیاردەبونەوە. ئەوان، ریزی نان وەرگرتنیان نەدەگرت، یان بۆیان وەردەگیرا، یان بۆیان هەڵدەگیرا، یان لە دەرەوە نانیان دەخوارد، چواردەوری فارگۆنەکانیان، چەندین بوتڵی بەتاڵی بیرەی ئەوانی لیَ دەکەوت، منالەکانی مەملەکەتە بە پایسکل دەگەرانی کۆیان دەکردنەوە، بە سوپەر مارکێتەکەی بەرامبەریان بەچەند دراخمایەك دەیانفرۆشتەوەو پارەی چەند سەموونێکی درێژی بە کونجییان دەست دەکەوت..!!
قاچاخچیەکان ناوی نهێنیی نازناویان هەبوو ..!! ناوەکانیان، زۆرجار بەناوی شارۆی شارۆچکەو عەشیرەتی پیشەی پێشویان هەڵدەدران..! یان نازناوەکانیان، پەیوەندییان بەکارو بەرهەمی گیانبازیان بوو، بەهەرحال نازناوەکانیان دەگمەنی تازەو سەیرو سەرنجراکێش بوو. هەبوو پیاوەتی زۆری لەدەست هاتبوو. فارگۆنەکانیان قەرەباڵغ بوو، میَوانیان زۆر دەهات، جارجار پاکی خاوێن بوون، وەك وەزیرە حکومەییەکان، کەڵلەزلی ورگ ئەستوورو بۆینباخ لەملی پالتۆ گەورەلەبەرو پیلاو ناسکی بریقەدارو بە فیز ... نەبوون..!
ئەوان، وەك سویسکە هەڵدەپەرین، بەس نەدەما بفرن، خۆ ئەگەر تەنگاوو ناچارکرابانە دەشـــــــــفرین...!

ئێواران، کاتی دەرچوونی راوو ئیشیان بوو، ئەمسەرو ئەوسەری بەندەرەکەیان دەکرد، چەشنی جنۆکە لەهەموو سوچێکی بەندەرەکە پەیدادەبوون، لەبەر جۆری کارەکەیان بەردەوام دوو سیَ کەسیان لەدووبوو، لەو لاوو لەولایان دەرۆیشتن، ئازایانە لەناو دەستی پۆلیسی کۆماندۆ دەرباز دەبوون. دانیشتوانی مەملەلەکەتە لێرەو لەویَ جێیان دەکردنەوە، سۆراخی باری لۆکی مسۆگەرو خێراییان لیَدەکردن، ئەوانیش زمان لووسی دەم گەرمی قسەزان بوون، درۆی شاخداریان دەکرد، هەبوو قسەی راستی یەك جاربوو، بە بەلێنی گفتەکانیان دڵی خەڵکیان خۆش دەکرد...
هەر شارێکی کوردستان، هەر ناوچەیەك، عەشیرەتێك، چەند بەرێوەبەری بەرێزی لەم مەملەکەتەو لەم وەزارەتەدا هەبوو، وەك نائیب دەناسران، هەبوو دەستیان بەخێربووو نۆرەیان بەرنەدەکەوتی نەفەری کەم دەگەرایەوە، کەم فەشلی دەهێنا، کە خەیالی مەست دەبوو، ئازاو چاپوکی زاناتر دەبوون .. زۆرجاریش لە نیَوانیاندا، شەرەچەقۆو دەمەقاڵیی جنێوی ناشیرینیان دەبوو، کە نەفەریان دەگەیشتە رۆما تەلەفۆنیان دەکرد، بەوە سەربەرزو گرانفرۆشی بەناز دەبوون، ئەو پارەیەی لەنەفەرەکان دەستیان دەکەوت، هەربەشی خواردنەوەو خواردنی رابواردن وجلی جوانی دەکردن...کەمـــــــیان وەردەگرت،
زۆرتریان لە خۆیانی دارو دەستەکەیان سەرف دەکرد،
جارجاریش پیاوەتیی ناوچەگەریی خزم خزمانیان دەکرد،
بەبیَ پارەش خەڵکیان بەسەردەخستن واتە سواری ناو لۆریان دەکردن، بەرێیان دەکردنی پارە نەدەویست، یان کابرای نەفەر هیچی نەبوو بەیانداتیَ، زۆر پسپۆربوون لە لۆك شکاندنی کردنەوەی پەتەکەو قرتاندنی قەیتانی چادرەکانی سەنگەر لیَدان لەناو بارەکان.
لەناو کارتۆنەکانی ناوی لۆریەکان، مۆری (ئەستێرە، باغە، خاچ، سیم، گەراوە، قۆرقوشم) یان چاك دەناسی، شارەزاو هونەرمەندبوون لەبەرکاهێنانیان. پەتی چادرەکانیان دەقرتاند، لە جیَگای خۆییدا وەکو خۆی

دەیانبەستایەوە. نامەو تکاو راسپاردەیان بۆ دەهات، جارجارەش خۆیان گران دەکردو ریزیان بۆ نەفەر دادەناو دەیانووت:
پەلە مەکە، ناتەویَ ئەم هەفتەیە برۆیت، ناتەویَ دوا نەکەویت، خیَزانیَکی حەوت نەفەرت لە پیَشە، لەگەڵ ژنی منالْ هیچ ناکریَ، دەبی راوەستی..!
بۆ ژنی تەرو کیژی ناسکی کەژالی پانتۆل تەسکی سینگ والا دریغیان نەدەکرد. هەر بۆ سندووقە سەریان، ژنی سکپریان زوو سواردەکرد، دەیانووت:
با لەم فارگۆنە پیسانەدا نەزیَن، حەیامان نەچیَت. لە قسەی ئەو برادەرانە دەرنەدەچوون، ئەوەی پارەیان لەلا دادەنرا، ئەوانیش وەك ئەمین سەندوق بوون، دەوریان هەبوو لە سوارکردنی خەڵکی قسەیان نەدەشکاندن، ئەگەرنەفەریان گەرابایەوە، حەقیان بوو دوو سیَ جاری تر سوارکرابانەوە، پرۆتۆکۆلەکە وابوو، تا دەرباز دەبوون، مافیان نەدەسوتا، پارەکەیان دەیخوارد..!
کە نەفەریش دەگیرا، جا چە لەناو بارەکە لە بەردەم کۆنترۆل، یان لە بەندەرکانی ئیتالیا، لە هەر خالَیَك گیرابانە، هەموو یەك قسەیان دەوتەوە:
کەوا نازانن کیَ سواری کردوون، یان دەیانووت، وا بزانین پیاویَکی ئەلبانی بوو، ئەوان سواریان کردین، لەزمانیان نەدەگەیشتین، گلەییی گازاندەو تورەبونیش دەرحەق بەوانەش دەکرا.
کە بەنەزانی لۆکی تەنافی چادری لۆریی بارەکانیان خراپی دەستکاری دەکرد، یان ئەوانەی دزیان دەکرد، ئەوانەی شەرابی ویسکی گرانبەهاو خواردنەوەیان دەدزی، قوتویان دەشکاند. هەموو ئەوانە، بەناوی خەڵکی ترەوە دەکرا.
ئەگەر بەریَوەبەریَکی گشتی وازی هیَنابایە، یان کاریَکی نامەسئولیان ئەنجام دابوایە، بۆیان پینە نەکرابایە، یان هەر خۆی خانەنشین کرابایە، یان ئارەزووی سەفەری هەبوایە، یان وای بریار دابوایە بەسەو دەبیَ بروات، ئەوا دەستەیەك خزمی هاوریَی خۆی کۆدەکردەوە، هەموو بەیەکەوە بۆی سواردەبوون، دەرۆیشتن، ئەوەی بەختیاربوایە بەگەڵ ئەو کاروانە دەوکەوت، چونکە گەیشتنی سەلامەتیی خیَرایی نیمچە مسۆگەربوو.
هەندیَ لە بەریَوەبەرە گشتیەکان، پارەی ئەمانەت دانراویان وەرنەدەگرت، بۆیان نەبوو داوای بکەن تا نەفەرەکان نەگەن، لەرۆماوە تەلفۆنی ئاگاداری سوپەرمارکیَتەکەی بەرامبەر خالّی سنووری مەملەکەتەیان نەکردابایەوەو نهیَنیەکەیان نەوتبایە، پارەکەیان وەرنەدەگیرا.

بەوەش باش بوو، خاوەن سوپەرمارکیَتەکە کیژیَکی باڵابەرزی سمت گەورەو چاورەشی سینگ دەفتەرو ئەندام پەیکەری دابووە کوردیَکی چوارشانەی ئەلقە لە گویَی سمیَڵ تاشراوی قژدریَژی لەسەرخۆی هیَمن .!! ئەو وەرگیَرو هەواڵنیَرو پیَناویان بوو، دەقی ئاخاوتنی تەلفۆنەکەی دەگەیاند، بەم تەلفۆنەش دەنگۆو هەواڵ دەگەیشت، دەبوو قسەو موژدە فلان گەیشت، دەبووە چرپە چرپ، چەند کەس ئاخی ئۆفیان دەخوارد، کە چۆن .. بۆ ..!!!! لەگەڵیان سوارنەبوو، ئەوانە زۆریان ووت، داوایان کرد، دڵنیا بوون، بەڵام ئەو گالتەی بەبارەکە دەهاتی بە پاقلەی دەزانی.
زۆر وتیان، من هەر وتم بارەکە پاقلەیە...
حەقی یۆنانیەکانە، ئەوانیش رزگاریان بوو، حەقیانە گەر ناومان بنیَن
( حەیـــــوانۆس )، ئەوە کەی ژیانە، راوەستا با گەرمای هاوین دابیَت .. چۆن ئیَرە دەبیتە گوفەکی زبڵدانی بۆنی رۆژە رییەك دەروات، ئیَمەو ئەو گەرەکەش بیَزار دەکات، من سەرم لەوە سورماوە، ئەو باڵاخانانە چۆن بەرگەی ئەو مەملەکەتە ناشەرعیی نائەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەگرن..! چۆن شکایەت ناکەن، چۆن بەدەرکردمان نادەن، کیَ دەڵیَ ئەوان زۆر نەچوونی شکایەتیان زۆر نەکردووەو بیَزاریی نیگەرانی خۆیان نەگەیاندووە، بەڵام دیارە حکومەتی شارەوانی گویَی پیَ نەداوون، ئەوەش کەس راستیەکە نازانیَ، لەناو فایلی نهیَنیی دبلۆماسیەتی سیاسیەتدا بزربووە .. ئەگەر لە دوارۆژا، ئەگەر رۆژنامەنووسیَکی وریاو زمانزانیَکی زۆرباشی ئاگاداریَك، ئەم نهیَنینە ئاشکرا بکات، ئەویش پاش ماوەیەکی زۆر....
خۆ کورە باریکی قەمسەڵە دریَژەکە، دوو رۆژ بوو هاتبوو، هەمووی بە بەختی بە نیوچەوانە، ئیَمە دوو مانگە لیَرەیینی هەر سواردەبینی دەگیرییَنی سفر بەدەست .. دەگەریَنەوە...
گویَ مەدەریَ، خۆ هەموو جاریَ جوان خۆمان دەشۆین، دوو ژەمی چەورو بریَ شەرابی نوستن لە شویَنی خاویَن .. باشە، ئەوەندەش هەر باشە، ئەگەر هەموو جاریَ (قوپتانەکە) وا مەردانە بیَت، ئەوان نەبن، کیَ وا نازمان لەناو پاپۆرەکە دەگریَت، ئەوان دڵیان گەورەیەی...

**پیاو بمریَت نەگیریَت، خۆ ئەوەی ئیقامەی یۆنانی نەبیَت، دوو هەفتە لە زیندان دەمینیَتەوەی زیندانەکانیان لە ئەمنە سوورەکەی خۆمان دەچیَت .. ژووی یەك نەفەری...**
**مردین هەندی مەعکـــەرۆنیمان دەرخوارد بدەن.**
**ئەوانە هەندیَ شتی بەرەواژیان هەیە..**
**ئەوەی لە ترسی زیندان رایکردووە، لیَرە چەندین زیندانی تاریکی پیسی بیَ لیَپرسینەوەی .. دەبینیَت. یان لە ریَگای هاتنی بۆ ئەو مەملەکەتە دووچاری زیندانی وا بووە..**
**ئەوەی لە برسیەتی رایکردووە، لەم جیَگاو ریَگایەدا بە خواردنی خیَرو پاشماوەی بەرمیلەکانی پیسایی دەست پانکردنەوەو شەرە جنیَو، کەمیَ خواردنی دەست دەکەویَت.**
**ئەوەی نانی ئەرزاقی خاچی سوورو کەنیسەی نەدەخوارد، ئەوا لیَرە زۆر مەمـــــــنوونە..!**
**ئەوەی دەیویست لە ئەورپا سپی بیَ ..!! وا لیَرە رەش هەڵگەراو خۆری گەرمی ئەو وڵاتە قاوەیی کردو سوتاندی..!**
**ئەوەی ویستی لەدەریا بپەریَتەوە، وا لیَرە، لەم مەملەکەتە زەڵکاوەدا خنــکا..**
**ئەوەی تیَنوی بوو، وا دەخنکیَ..**
**.. پۆشتەکان .. رووتن**
**.. پیـــــاوەکان .. ژنن**
**... کیــــــژەکان .. ژنن .. ژن، ژنەکان لیَرە**
**ئەوەی ویستی ... وا لیَـــــــــرە..!**

***

# لەبـــيرم ماوە دەيانـــووت ..!

با بگەرِيَنەوە ئەسيناى پايتەخت، لە مەيدانەكەى (دافنى) ئيشمان دەست دەكەويَت، برِىَ پارەش پاشەكەوت *
دەكەين، دوايى سالَدانە سالَدانە دييَنەوە .. بابرِۆين ديارە هيَشتا بەختمان يار نى يە ..؟؟
ئيش وكار لە دوورگەى (كريت) باشە، خاچى سوور ناونوسمان دەكەن، لەسەر حيسابى خۆيان بە پاسى خيَراو *
جوان، بەخۆرايى، بۆ شارە جوانەكانى (خاينا، سيتيا، ئايوسيكۆلاس ئيراپيترا) دەمانگيَرِن، تا ئيشمان دەست
دەكەويَت، زۆرجار ئەوان، واتە خاچى سوور بەكلۆفەوە بەدواى ئيشماندا ويَل دەبن، تا دامانئەمەزيَنن وازمان لىَ
ناهيَنن...
دەبىَ ئيشىَ بكەى، وەك ئەو .. ئيشى (فرِن) ناكەين، وا پارە پەيدا ناكەين، ئەوان وا دەژين، هەر بەو پارانە *
جگەرە دەكيَشن، مەشروبيش دەخۆنەوە. بەو پارەيەش دەرەدەچن (بە پيكەنينەوە) پارەى فرِن خيَر دەداتەوە..
بەپەلە هاتين، پيَمان لەناو بەفرا رەش هەلَگەرِا، پارەكەى پيَم بوو، لە نەخۆشخانەكانى ئەستنبۆل سەرفمانكرد، *
باش بوو قاچمان نەبرِايەوە ...
لە (سەلماس)ى (تازەشار)، بۆ گوندى (كانى رِەش)، لەناو بەفرو كيَلَگەى ميندا، نەدەويَراين قاچمان لەسەر *
زەوى توند بكەين. باش بوو، بە گوييَ كيژى مالَەكەمان كرد. زوو قاچمان نەدايە بەئاگر، ئەگەرنا قاچم رِەش
هەلَدەگەرِا ..!! نينۆكەكانم هەلَدەوران ..!! كە دەرِۆيشتين پيَلاَوەكانم لە پيَما نەمابوو، ئاگاشم لە پيَخواسى خۆم
نەمابوو..!
بەسە بىَ تام بوو ..!! چيتر داواى پارە ناكەم، گوناحە براكەم، ئەو لەوىَ شەوو رِۆژ لەو چيَشتخانانەى ئەوىَ، *
قاپى هيربار دەشوات، ئيسراحەتى نى يە. برِيارم داوە تا شارى (كيل) ى
ئەلمانى بىَ پارە برِۆم لەو ولاَتە رزگارم بىَ..!
مردين، هەندى خواردنى عەنتيكەو سەير بخۆين. ئەوىَ رِۆژىَ (مامىَ)، رِۆبيانى خواردنى نامۆى هيَنابوو. *
كەس دەمى ليَنەدا، يەكسەر بۆ بەرميلى زبلَەكەيان برد..!
وەختە بۆ چايەكى رِەشيى شيرينى خۆمان شيَت بم *
باشە ئەگەر ئەو مەملەكەتە بروخىَ، كودەتايەكى سەربازيمان بەسەردا بكريَت، فارگۆنەكان بگوازنەوە ..!! *
حەقيانە ئەو هەموو كۆنە فارگۆنانە لە سەنتەرەى شار، كەى رِەوايە ..!!؟؟ ئينجا شارى وا گەورەو بايەخدارو
ستراتيژى. ئەو خەلَكە روو لە كيَندەرىَ بكەن، ديارە، پاريَزگارو سەرۆك شارەوانيى كەنيسەو پۆليس نايانەويَت
ئەوە بكەن. گەرچى جارجار هەرِەشەى ئەوە دەكەن، گوايە دانيشتوانى بالاَخانە جوانەكانى سەر سنوورەكە، بە
دووكەلَى خۆلەميَشى بۆن بۆگەنى، شەوانە ئاگردانى چا ليَنانى جل شوشتنى گەرمكردنەوەى خواردەمەنى، بيَزارن
.. ناوچەكە بويتە گوفەكى دەبىَ چەند گازاندەيان گەياندبيَتە شارەوانى .

دەبىَ پيرەكانى ناو ئەو بالاخانانە، بە بوونى ئاوەدانى، ئەوانەى نەخۆشن، ئەوانەى بيَدارن، چەند بيَزاربن ..؟؟!!
حەز دەكەن هەر چەندى زووە برِۆين، ئەم مەملەكەتە بروخيَت، كودەتاى لەسەر بكريَت، تاجى شاو پەرلەمانى
تالاَن بكريَت. ئەوان حەز بەو ئاوەدانيى جۆلەى بەردەوامە ناكەن، لايان خۆش نى يە .!؟؟
ئاسان نى يە، ئەو هەموو خەلَكە بيَچارەو بيَوارە دەرەبەدەر بكريَت ..!! بەئاسانيش بۆيان ناچيَتەسەر، بەلاَمليى *
بەبيرى چاكى يەك كەس لە رِۆژنامەيەك، بە نويَژى كەنيسەيەك، دەگۆرِيَت، باشە سەير نى يە، مەملەكەت چۆن
باردەكريَت ..؟؟ كودەتاو شۆرشى داگيركردنى شەرِى ناوخۆو برسيكردنى مانگرتن هەر بووەو زۆريشە ..!! بەلاَم
باركردنى مەملەكەتيَك نەبووەو نابىَ بكريَت ..؟؟
ئەم مەملەكەتە، بە خويَنى قوربانيى خەباتى بىَ وچان دامەزراوە، رووخانيشى لەلايەن يۆنانيەكان گەورەو زۆر *
لەسەريان دەوەستىَ ..!!!!؟ خراپ دەكەويَتەوە ..!! دۆستايەتى لەگەلَ دۆستى ديَرينى هاوبيرو هاودوژمن ..
رووخاندنى قرِكردنى مەملەكەتەكە كاريگەرى نەريَى لەسەر ستراتيژيى تەكتيكى دەبيَت ..؟؟
دە دۆلار دەگۆرِيتەوە، هەر زوو تەواو دەبيت، دە دۆلار ..؟؟!! بەشى يەك شەو نوستن، يەك پاكيَت جگەرەى *
توتن تيژى قاچاغى كيژە جگەرەفرۆشە رووسەكانى دەكات، كەوا ئەو كيژە ناسكانە لە سەنتەرى ئامۆنيا
دەيفرۆشن . .. هەرزانترين پاكيَت جگەرە بە (500) دراخماو يەك سەموون بە (180) دراخماو چاى گەرم بە
(200) دراخمايە، دۆلار هەر لەلاى خۆمان دۆلارە ..؟

* سەد خۆزگەمان بەو ڕۆژانەی لە تەکیەی شێخ عوسمان بووین، نوستنی خواردنمان بە خۆرایی بوو، هەر ئەوەندەت زەحمەت بوو تا جێگات دەبۆوە، فێری نوێژ دەبویت، موریدەکان ڕێزیان دەگرتی، مەڵبەندێکی بەخێرو سەلامەتی ئەمینی بەلاش بوو، بۆ کورد ئەم تەکیەیە بە خۆرایی بوو .! کە شێخ کۆچی دوایی کرد، ترسمان گەیشتیَ، نەوەك هەوارەکەمان بهەژێت، بەڵام باش بوو هەموو شت وەك خۆی مایەوە.

* کار وا بڕوات، بەردەوام شەپکەدارەکانی سکەی شەمەندەفەری یۆنان بسوتێنین، دارەکان تەواو دەبیَ، باڵاخانە نازدارەکانیش ڕەش هەڵدەگەڕێن. نازانم! دووکەڵی ئەو شەپکەدارانە بۆ زۆر ڕەشە ؟؟!! دەڵی کوورەی کەرپووچەکانە! ئەو دارانە گاز تێکەڵی دەمارەکانی بووە ! ئەگەر بە سوتاندنی بیرە نەوتەکانی کوێت، لە خوارووی عێراقی سعودیەو ئوردنی تورکیا بارانی ڕەش باری، وا لێرەش دووکەڵی ئاگری مەملەکەتی پاترا، باڵاخانەی ئەوروپا ڕەش دەبێت، وا ئەم وڵاتە سپییەیەش ڕەش دەکەین، دووکەڵی ئەوان گەیشتە ئێرە..!
دانیشتوانی مەملەکەتی فارگۆنەکان لە پاترا، چیرۆکی سەربردەی نامۆو ترسناکی سەیرو ئازایانەو تاڵی ڕێگای هاتنیان بۆ یونانی بۆ تورکیاو ئێرانی دەرچوونیان لە کوردستانەوە، لە هەگبەدایە. ئاخاوتیان بۆنی خوێنی لێدیَ، موچرکت بەلەشدا دادیَ، مووی سەرت ڕادەوەستیَ، بەرد دەتاوێنێتەوە، دەخوازیَ چەندین سیناریۆنووسی ڕۆماننوسی ڕۆژنامەنووسن دەقەکان لە ئامێز بگرن، کاری لەناو بکەن، ئەوانە دەبنە باشترینی نوێترین بەرهەمی ئەدەبیی هونەری.

ئەگەر (مارکیز) ی کۆلۆمبی سەربردەی نامۆو کارەساتی سیحراوی میللەتانی خوارووی ئەمریکای زۆر کردیتە ڕۆمانی ناوداری پیَوەیان وەرگرتووە، ئەوا سەربردەی لاوانی کوردی کوردستانی خواروو زۆرن، لەم کاروانە درێژەدا شپرزەیی خێزانی شێواویی کیژی دەلالی مستەحیل زۆرە ..!! ڕووداو بڤەی بیَ وێنە زۆرن، ئەوانەی کە وڵاتیان جێهێشتی بیَ مۆلەتی بەقاچاغ سنووری وڵاتانیان بڕی .. با نووسەریَ، خۆی لە گەڵیا مەست بکا، ئینجا لە مەستی ئەوان، چی سەرسامیی نامۆو تازەیە گویَ بیست دەبێت.
ئەگەر ئەو دەریاوانێکی خنکاوی تەنیا، لەلای مارکیز بویتە ڕۆمانی ڕیپۆرتاژو نوسراوە، بە چەندین زمانیش خوێندراوەتەوە، بابیَ گویَ لەو مرۆڤە کوردانە ڕاگرت، کەوا چۆن بەلەمە شڕەکەیان دەشکێتی زیاتر لە بیست لاوو ژنی زارۆکی تێدا خنکان، یەکێك لەوانیش بە مەلەوانیی پشتەمەلە، دەریای ئیجەی پانی بەرینی ساردو سوێری بڕی، تا گەیشتە سەرکەناری یەکەم دوورگەی یۆنانی، هەواڵی گیربوونی خۆراگری (شاهۆ) ی سەرتەختە دارەکەی ناو دەریا، سەر شەپۆلی گەیاندە یۆنانیەکان، ئەو بە باسکە مەلەو بە برینی ئەو سینگە پانەی دەریا، بەو شەپۆلە ساردانە، هەواڵە گەرمەکەی شاهۆو برادەرەکانیی تەرمەکانی سەر ئاو، ئەوانەی بوونە خۆراکی ماسی گەیاند. ئەویش، وەك پاڵەوانەکەی (مارکیز)، دۆستایەتی باڵندەی نەورسی کرد، شەوو ڕۆژەك تەنیادەنگی هاورێی، جولەو لێدانی دڵی نیگای چاوی بوو..!
کوردەکەو نەورەسەکە پێکەوەبوون. نەورەسەکە، ئاسمانی دەریای بەرین وڵاتی واری ئەزیزو موژدەی بوو، کوردەکەش تەنیا مابۆوەو لە هەردوو وڵات قاچاغ بوو ..! خۆی بە هاوڵاتی ئاوو خاکی هەردوو وڵات نەدەزانی، لە سەدەکانی ڕابردوو بوەو قەوماوە کەوا، دەریا بەلەمی مرۆڤی ماندوو بوە، کەوا، دەریا بوارو ڕێگاو مەنزلی قۆناغ مرۆڤی تەنیا بووە.
بەڵام، ئیمڕۆ ئەوە نەماوە، دەستەیەك کورد نەبیَ کیَ ئەوە دەکات، کیَ غیرەتی ئەو دەکات، بە بەلەمێکی شڕو بیَ سەولی بیَ ئاسۆ بڕۆن، لەناوەندی ئاوی نێونەتەوەیی ڕیَ بکەن ..!! کیَ ئەوەی کردووە، لە ناو ئاوی نێونەتەوەیی دەستەیەکی نەشارەزا، دەستەیەکی نابەلەد، لە چاوو سینگی دەریاو ئیجە بەرەڵا بکرێت. خۆ بەلەمەکەش بەرگەی ئەو هەموو نەفەرەی نەدەگرت ..!!!! سەولیشیان لەلا نەبوو، خۆ ئەگەر ئەوان ئەوەندە دڵسۆزو پیاوانە بوانە، سەوڵیان دابانیَ، کەسیان شارەزا نەبوون، کەسیان نەیاندەزانی شەپۆلی شێت ببرێت، کەسیان هێزو مەچەکی سەول لێدانی نەبوو. ژنەکان، منداڵەکان، هیچیان بەرگەی ئەوەیان نەدەگرت. ئەوەی شارەزا بوو، قاچاغ بوو، قاچاغیش ئاسایی بوایە، بەڵام برسی ماندوو بوون، ترساو بیَ هیوا بوون. لەهەموو شت ترسناکترو کوشندەتر، کەسیان مەلەوانیان نەدەزانی، هەموویان سەرو سامانیان بۆ گەیشتن دابوو، گیانی رووحیان دابووە دەست قەدەرو بیَ وەفاییی دڵڕەقی.
هەموویان دابوو، تا بگەنە مەرام، نەك لە سینگی دەریاو لەشەوی ساردا بەرەڵا بکرێن..!
هەمووی ئازارو کۆششی ئەزموونی بەسەرهاتەکان، بەردی بن ئاوبوون، بێدەنگی کەسنەزان دەهاتی دەرۆیشت. بەڵام ! خنکان ..! کە تەرمی یەك دووانیان دەدۆزرایەوە، ئینجا ئاژانسی هەواڵنێرەکانی کامیرای ڤیدیۆی تەلەڤزیۆنەکان خێراو بەسۆزەوە دەیانووت:

**بەلەمێك، لەناو دەریای ئیجە وەرگەڕاوە، یان خنكاوە، ژمارەیەكی كوردی عیراقی بەنیازی چونیان بەقاچاغ بۆ یۆنان خنكان..!**
**تەرمی چەندین دۆزراوەتەوە، ئاشكراش نی یە، لەكێ بەرێكەوتوونی چەندیان پارە داوە، بۆچی بەلەمەكەیان وەرگەڕاوە، خۆ ئەو شەوە دەریا هێمن بووە..!**
**ئەوەی شایانی باسە لەم چەند ساڵەی دوایی ئەم دیمەنە سنووربەزاندنە لەلایەن كوردەكانی عیراق لە توركیاوە بەرەو یۆنان زۆربووە..!**
**كە هەواڵەكە دەردەچوو، خێرا دەگەیشت، بێگومان دەگەیشتە هەموو ماڵە كوردێك، بۆ زۆر خێزانی چاوەڕوانی قەرزارو ماندوو برسی، گریانی حەسرەتی قورپیوانی دەگەیاند. یەك هەواڵ دەگەیشتە زۆر هەوار، لە زۆر شوێن جێگای مەبەستی زانینی روونكردنەوەو زانینی زۆرتری پێویست بوو..!**

***

# وەرنە تەماشا ..!

**چەندین چیرۆکی ناخۆشیی ئازایەتیی ماندووبونی زامداربوونی کوشتنی گومبوونی هاوڕێی ڕێگاو برسیەتیی پێ ڕەشبوونی سەگی هارو تەوژمی ئاوی زێی خێراو ڕۆیشتنی سەرشەختەو مانەوەی شەوانی زستانی ساردی بێ ئاگرو زیندانی بێ زمانی تەنیای نەبوونی سۆراخی هەواڵ..!**
**جەرگ سوتانی جیابوونەوەی کیژ لە دایکوباوکی زارۆك لە خێزانی...و...!!!**
**پیر لە گۆپال..!**
**چاو لە چاویلکە..!!**
**سەرمای بێ پالتۆ..!**
**گەرمای بێ سێبەر...!**
**پێی بێ پێڵاو..!**
**ڕیشی بێ گوێزان...!**
**جەستەی بێ شوشتن...!!**
**پارووی بێ ئاو، ئاوی بێ ئاگرو گۆشتی بێ خۆێ...!!!**
**ڕێگای بێ ڕێبەرو ڕێبەری گیراو..!!!**
**گیرفانی بەتاڵ..!!**
**کیژی شەریفی بەزۆر رووتکراو..!!!**
**شەوی بێ برانەوەو ڕۆژی زۆر کورت...!!**
**زۆرن، ئەوانەی فرمێسکی گەرمی چاوانی دڵسۆزی دەویست..!**
**ئافەرینی دەستخۆشیی قارەمانیی سوپاسی رقی خۆشەویستیی پتەوییی ئەفسووسی دەوێت..!**
**زۆرن، ئەوانەی دەبێ ئاخاوتنیان لەگەڵ بکرێت، هەمووی وردو جوان بنوسرێتەوە..!**
**زۆرن، ئەوانەی ترسی هاتنی شەمەندەفەری ناو نەفەقەکان دەگێرنەوە..!**
**زۆرن، ئەوانەی یەك مانگ زۆرتر لە نێوان خاکی یۆنانی تورکیا دەمانەوە، هەردوولا رازی نەدەبوون نەدەربازبن !! نە بۆ ناو خاکەکەیان بگەرێنەوە..!!!**
**چەندی بڵێیت تەواو نابێت..!!**
**ئەوانەی لە کوچەو بازارەکانی ئەستنبۆل ئیشیان کردووە، خاوەن کارەکانیان پارەیان خواردوون، نەوێراون قسە بکەن، شکایەت بکەن ..؟!!**
**زۆرن ئەوانەی قسەو سەربردەو وەسفی ژیانیان لەلایەو نەنوسراوەتەوەو نانوسرێتەوە، شەرمیش دەکەنی ناکرێ بیگێرنەوە..!!**

***

# دەقاو دەق

نەخۆشێك وتی:
ئەگەر بمرم دەبێ! لە کوێ بمشارنەوە!
سەرخۆشێك پێش رشانەوەی زمانی دەگەراو دەیووت:
لێرە بەقەد وڵاتێك (حیز)ی (فرن) ی تێدایە...!!
قاچاخچیەکە پارەی یەك جگەرەشی نەمابوو، دەیووت:
لەم قەرزو پارەی ئەم خەڵکە رزگارم بێ، خۆشم دەرۆم..!!
ژنێك وتی:
لێرە نامووسیشمان چوو..!
دکتۆرێك وتی:
چل رۆژە لێرەمی خۆم نەشوشتووە..!!!
یەکێك وتی:
کە هاتم ژنەکەم سکی هەبوو، دەبێ بەئاسانیی بێ کێشە زابێ ..! کور یان کیژی بوبێت ..؟؟!
پیرەژنەکە وتی:
کورەکانم هیچ، زاواکەشم بەڵێنی داوە، کەوا پارەی ئەو کاروانەم بۆ رەوانە بکات، بەڵام تا ئیمرۆش هیچ دیار نی یە ..!!؟
لە ئاکارو گریانی زارۆکێك ئەوە دەخوێندرایەوە:
باوکم منی لەگەڵ خۆیدا هێنا، من غەریبی دایکم دەکەم، حەز بە یارییەکانی ناو مناڵانی کۆڵان دەکەمەوە..!!!
کچێکی چاوحیز وتی:
دایکی باوکی خوشکی براکانم، هەموویان دەربازبوون، من لێرە تەنیا مامەوە، دەبێ خەمێ لەخۆم بخۆم...!!
سەرلەشکرێك وتی:
چەکداری خۆم بوو، لێرەش وا پارەی خواردوومی دەستەڵاتم نی یە!
هونەرمەندێك وتی:
بەناچاریی بۆ پیرۆزی هونەرو بەناچاری بۆدی رەشی فارگۆنەکانم کردیتە کەڤالی تابلۆ، تا رەنگی وشە بەیەکەوە گوزراشت لەو رەوشەمان بکات. چەند رستەو پیتی ئینگلیزم ئاوێتەکردووە، ئەم تابلۆیە رەنگینانەی سەر ئەو بۆدییە رەشانە، بە ماناکانیانەوە، من بە پیشانگایەکی خۆمی دەزانم..!
جگەرەکێشێك وتی:
وەی بۆ جگەرەیەکی گرێفتنی خۆمان...!!!!!
نوسەرێك وتی:
کەرەستەی بابەتی موعاناتی نووسینم زۆر لا گەلالە بوو، ئەگەر...!!
نوێژکەرێك دانی بەوەناو وتی:
ئەگەر نەزانی گۆشتی بەرازە، بیخۆیتی برسیەتی تێربکات، حەرام نی یە..!!
دەوڵەمەندێك وتی:

لەچیم کەم بوو..!!!
شەوکوێرێك وتی:
بەناچاری بە شەو رۆیشتمی سنووری وڵاتانم بری..!!
سوورەی رۆژنامەفرۆش وتی:
دامناوە هەر یەك دوو رۆژ، بۆ یەکتر ناسینی دیتنەوەی برادەران دەمینیمەوەو دەرۆم ..!! ئاسانە، ئەو سنووربەزاندنی ئاودیبوونانە..!!!
پاکێت فرۆشەکەی ناو فارگۆنێك دەیووت:

**ئەوەندەم بە قەرز فرۆشتووە، ئەوانەی دەرۆن، زۆریان قەرزاری پارەی جگەرەی منن، ئێستا لە هەموو وڵاتانی ئەوروپا قەرزاری من هەن، ئەگەر بە بازاری ئەوروپی هاوبەش قەرزەکانی من کۆ بکرێتەوە، ئەگەرنا ئەستەمە، وا بزانم ئاوو ئاو رۆیشت..!!!!!!!**
**کەماندۆیە یۆنانینەکانی پۆلیسەکان، بێ شەرمی بە پێکەنینەوە، دەیانووت:**
**مـــــــەلاگە...!!!!!!!!**

***

# نامەیەك لە مەملەكەتی فارگۆنەكانەوە...!

**بەهیوای دیدار لە رێبوارەوە بۆ بەهاری هاوسەرم!**
**شوێن: مەملەكەتی فارگۆنەكان**
**كات: هاوینی ئەو ساڵەی كورد زۆر هاتنە یۆنان!**

**سڵاوو رێزو خۆشەویستی، دووریت هەراسانی كردوم، وێنەی تۆو مناڵەكان لە خەیاڵم نارەوێتەوە، زۆر بیرتان دەكەم، نەمدەزانی دووریتان وا پەشێوم دەكات .!! بروام نەدەكرد، هەردوو چاوە بچوكەكانم دەریایەك فرمێسك، تاڤگەیەك ئاوی گەرمی ساردی تێدا بێ .! هەر چەندی روندوك دادەباری، تەواو نابێ.! هەركە هەوری رەشتر لە ئاسمانی شینی تۆ هەڵدەكات، بە سۆزی ساردو ژانی دووریم دێتە خوارێ، دێتە خوارێی دویماهی ناهێت، رەنگە پیاوێك ئەم نامەیە بخوێنێتەوەو بزانێ بۆ ئێوە گریاوم، بۆ ئێوە فرمێسكم باران بووە، گاڵتەم پێ بكاتی جنێوی تەریشم ئاراستە بكات ..!! رەنگە ئەو نەزانێ دووری چەند خەمی دەوێت، ئەوجا دووری وا، دووری لە پشت دیوی چەندین شاخی دەریاو دەشتی ...ی...**

**هەزار رەحمەتی سۆزو گەورەیی بۆ ئەوانەی لە زیندانا، لە رۆژانی پێشمەرگایەتی، لە ئاوارەیی بێ چارەنووسی چەند مانگی چەندین ساڵ خێزانیەكانیان جێهێشتبوو، هەواڵیان نەبوو، نامەو راسپاردەو داواو هاتنەوەیان نەبوو..!! بۆیە ئەوانەی كە دەگەڕانەوە، لاوازو سیسی داماو وڵاتی مرۆیەكی تر بوون ..! بە ئاوارەیی دووریتان خۆشەویستی ئێوەم فروانترو پیرۆزتربووەو دەبێت...!!**

**بەهارەكەم، من لە مەملەكەتی فارگۆنەكاندا، لە پاترای یۆنانستانا ژیان بەسەردەبەم، مەملەكەتێكی سەیرو گەورەو عەنتیكەیە، دەزانم ناوەكەی لەسەر نەخشەدا نی یە، ناوەكەشی غەریبە، بەڵام بروا بكە، مەملەكەتێكی كوردنشینی تەواوە، دابونەریتی دەستورو مافی ئەركی تایبەتی خۆی هەیە. خەڵكەكەی یەك ژەم نان دەخۆن، ژیانیان لێرە مسۆگەرە، مەترسی گرتنی سنووورداشی راونانی راو رووتیان لەسەر نی یە، هەموویان لەچەند فارگۆنێكدا دەژین، ژیانی تێدا دیمكراسیی سۆشیالە ..!! خاوێنیی هێمنیی رەوشتی هاورێیەتی كەمی تێدایە، كاتی خەوو پشودانی دیار نی یە، پۆشاكی جلوبەرگی قاپی كەوچكی سابوونی ئاگردانی بەتانیی تێكەڵە ..؟؟!! شوێنی خۆشوشتنی ئاودەستی تێدا نی یە..!!**

**هیوام زۆرە بە پارەیەكی كەم لێرە رزگارم بێت، بگەمە ئیتالیاو لەوێش نەفەقەكان بیرم، بگەمە ئەلمانیا. بەس ئێرەمان زەحمەتە، ئەو سنوورە ئاوە بویتە كێوو نابرێت .!! بەڵام لای كورد هیچ زەحمەتی ئەستەم نی یە ..!! جارجار تووشی برادەری چاكی بەوەفاش دەبین، زۆرجار بێز لە خۆمان دەكەینەوە، هەندێ جاریش دیمەنی سەیرو عەنتیكە دەبینین، خەڵكی سەربەقوور پێكەنینی دێ. ئەوەمان باشە كەمێ زمانی ئینگلیزەكەمان لە بیرە، هی سەردەمی مناڵیمان، ئەو مامۆستا بەوەفاو زیرەكی غەدارانەی، بە شلكەدار فێریان كردووین، وا فێربوین هەرگێز لەبیرمان ناچێتەوە .. ئیمرۆ وا لێرە خێری دایەوە، بەوە لەگەڵ یۆنانینەكان لەیەكتری حالی دەبین. لێرە پارەم لێ برا، زۆرم تەلفۆن كرد، هەموو بە تەلەفۆنی لەناو وایری دووری تەلەفۆنەكانیان وەعدیان دا، دوایی ژنەكانیان دەیانووت:**

**دەرچووە ..!! قەرزارین، سەری مانگ..!**
**لێرە مرۆڤی گەورەو موستەحیلی پێ ئەنجام دەدرێت..!**
**لێرە مرۆڤ ماندوو نابێت،**
**لێرە مرۆڤ ناخەوێ،**
**لێرە مرۆڤ چا ناخواتەوەو ژەمی دیارنی یە،**
**لێرە مرۆڤ گوو میز ناكات، خۆی بسمێڵ ناكات..!!**
**لێرە مرۆڤ ئاسنی میتالی بەردە، تەنیا گۆشتی ئیسقان نی یە...!!**
**لێرە مرۆڤ پیاوەو پیاویش نی یە..!!**

**بەهارەكەم، توخوا ئاگاداری مناڵەكان بە، شەوان چاكی گەرم دایانپۆشە، بەیانیان سەموونی گەرمی تازەیان بۆ بكرە ..!! تێر گۆشتیان بكە، كە هەستت بە بێزاریی تەنیاییی نامۆی كرد، خۆت لە مناڵەكان توورە مەكە، جلی تازەو دوا مۆدیلیان بۆ بكرە، شەوانە دەرسیان پێ بڵێوە، رەسمیان بۆ بكە، وێنەی كەروێشكی مامزو قەتێی ماسیان بۆ بكە، ماوەی بەرنامەی منالان لە تەلەڤزیۆنەكانا دەم بە خەندەو رووخۆشی هێمن بە، با بە ئارەزووی خۆیان بەرنامەكان هەڵبژێرن، ئەوان سەرپشك بن، خۆت بەدوای هەواڵی كۆبونەوەكان وێڵ مەبە..!!!**

سەدجار لە جیاتی من چاوەکانیان ماچ بکە، ڕوومەتە سوورو ناسکەکانیان ماچ بکە، ئەوەیان لە جیاتی من، من دەزانم تۆ زۆریان ماچ دەکەیت، زۆر بەقوربانی باڵاگیریان دەبیت. بەتایبەتی کیژە بچوکی بەنازو مەکرکەرەکەم، تکایە، لە پێش ئەوان بۆم مەگریێ، کەم ناوم بێنە، دڵیان قەت مەشکێنە، بە دەستی خۆت پرتقالیان بۆ سپی بکە، کاکلە گوێزیان بۆ دەربێنە، ناوکی خورمایان بۆ دەربێنە، با بە ئیسراحەتی خۆیان گوڵەبەرۆژە لەسەر مافوورەکەی دیوەخان بقرتێنن، ئێواران شووشەکانی فانۆسیان جوان بۆ خاوێن بکەرەوە، بە دەستی خۆت بۆیان هەڵکە .. نەهێڵی دووکەڵ بچێتە چاوەکانیان، ئەگەر بووە تەقەی خۆشی ئاگاداربە، کورەکەمان نەچێتە دەرەوەو تەماشای تەنویرەی هەفتاو پێنچیەکان نەکات، وریایان بە کە دەچنە خوێندنگا، لاندکرۆزو جام ڕەشەکان پانیان نەکەنەوە، پێیان بڵێ:

بابە چەند ڕۆژی تر دێتەوە، کەلوپەلی تازەو جوانی تەسجیلی بچوکی گەمەی ناسکی ئەتاریتان بۆ دەهێنێ...!!!
بەهارەکەم زۆرتان بیردەکەم، ئەگەر باڵم هەبوایە بۆ لاتان دەفریم، دێمەوە. بەڵام ئەفسۆس، ڕێگاکەم دوورە چەند چیاو دەریاو دەوەنی تونێلی دەشتی زەلکاوو دارستانی قەرەقووڵی جۆبارو کێڵگەی ئەلغامی ڕەنوی بەفرو تەمی ناودرکم بریوە، تا گەیشتومەتە ئەم وڵاتە، بۆیە چاك دەزانم وا زوو دەستم ناتانگاتێ. کە دەترسامی ژیانم لەو کاروانە پر مەترسیی دوورە دووچاری مەترسی دەبوو، مردنم بەچاوانم دەدیت، لەبەر خاتری ئێوە هاواری خودام دەکرد، لە یەزدانی گەورەو پیاوچاکەکان دەپارامەوەو دەمووت:
خودایە لەبەر خاتری منداڵەکانم، ئاگادارم بە ! با چاوم لەو دونیایە بزرنەبێ، با ژنەکەم بێوەژنی منداڵەکانم هەتیوو نەبن، بەس جارێکی تر چاوم بە چاویان بکەوێتەوە، سوێند دەخۆم، خەمی خۆم نەبوو، لە خۆم نەدەترسام، لەبەرخۆم نەبوو، کە ژیانم خۆش دەویست..!
لەناو تورکیا پۆلیس زەندقیان بردبووم، شەوو ڕۆژم نەبوو، بە پیادەیی ڕێگای دوورم بری، سینگی دەریامان شەقکرد، بەسەر هەورازی سەخت کەوتم، سەربازی یۆنانی بە پیاوانی مینی تورکیاو جاسووس لە قەلەمیان داین ! لە دوورگەی(سامۆس) ی یۆنان دوو هەفتە زیندانی کرام، لەویێ لەو دوورگە جوانەدا، دوو هەفتە لەناو ژوورێکی تاریکی قەرەباڵغیان پەستاین، نانی سەدەقەو خێری کەنیسەکان، مەعکرۆنی پۆلیسخانەکانمان خوارد، برسیمان بوو، تێنوومان بوو، گووی میزمان دەهات، تەنگاو دەبووین، بۆ چایەکی ڕەش شێتی هار ببوین، خەونمان بە کفتەو دۆڵمەو پڵاوساوار دەبینی.
بەهارەکەم، زوو زوو بچۆرە مەرقەدی (سوڵتان موزەفەر)ی مەلوودم بۆ بکەن، با بۆم بخوێنن، پارەیان بدەرێ، چوکلێت ببەخشەوە، با دەنگی دەفەکانیان گومەزە کەسکەی بلەرزێنێ. قسەم زۆرە، بەڵام فرمێسك قوورگم دەگرێتی دەستم دەلەرزیی چیتر ناتوانم بنووسم.
دووبارە یادتان دەکەم، گەورەترین هیوام ئەوەیە جارێکی تر لە دەرگای حەوشەکەمان بدەمەوەو هەمووتان بەراکردن بۆم بێنەوە، هاوار بکەن وا هاتەوە ..! خودا حافیزو خودای گەورە ئاگادارتان بێ ...!!

دڵسۆزتان: ڕێبوار.

تێبیی:
سۆزو ڕاستیی دیدی منە، بەقەلەمی دارشتنی برادەرێك نوسراوە، ژانەکەو سۆزەکە جووتە، چونکە منی نوسەرەکەیی ئەوانی تر، ژانی سۆزمان لەیەك چوارچێوەو لەیەك بازنەدا دەسورایەوە. شەوێکی درەنگ، لەبەر گلۆپەکانی شۆستەکەی مەملەکەتی فارگۆنەکانا نوسراوە.

***

# وەزارەتی ئەوقاف..!

لە مەملەکەتی فارگۆنەکان، وەزارەتی ئەوقافی کاروباری ئاینی دەوری نەبوو ..!! یەکەم شوێنی کوردنشینە، تاتەنویژو دەست بەمەسینەو دەستنویژ هەڵگرتنی تێدا نی یە، یان نویژکردنی تێدا کەمی دەگمەن بێ ! یەکەم ئاوەدانی کوردەوارییە لەگەڵ بانگدانی کەڵەبابی سەلای مەلا بەئاگانین ..!! دیارە نوێژکەرەکان، پەیرەوی ئەو راستیە ئیسلامییە دەکەن، کە دەفەرموێت:

ئەوەی لە سەفەربێت، دەتوانی نویژەکانی، دوابخاتی دوایی قەلای بکاتەوە ..! حەقیان بوو، بەراستی شوێنەکە نوێژی لیَ نەدەهات، ئاودەستی پێویستیەکانی نوێژی راستی رەوانی لیَ نەبوو، مەرجەکانی تێدا نەبوو، درۆ نی یە، ئاوەگربوو، ئەگەرچی خاك پیس نابیَ، خاك هەر خاوێنەو بە خاوێنی دەمینێتەوە، بەلام شوێنەکە جێگای نوێژکردن نەبوو. خەڵکی مەملەکەتە جارجار بۆ هێنانی موم لە دەرگای کەنیسەکانیان دەدا، لە بۆنەی تایبەتیش دەچوونە کەنیسە نزیکەکە، تەماشای مەراسیمی گوڵوەرگرتن، ئاوازی نوێژو بەرێکردنیان دەکرد، بەلام زەنگە گەورەکەی کەنیسەکە بێزاریشی دەکردن.

لەکاروانی درێژی پر مەترسیی حەولە روحی سنوور بەزاندنەکان، چەندین ئایەتی ئایەتی کورسیی دوعاو نوشتەو سەلاواتیان لە پارچە کاغەزی وردو لەناو لەپان دەبینرا. دیدار بۆ خۆشەویستی خودای کردگاری مەزن، بیَ پسانەوەبوو.

هاوار دەگەیشتە کەشکەلانی فەلك، تۆبەو رووکردن لە قیبلە بۆ رزگاربوونی گەیشتن لە ناخەوە هەڵدەقوولاَ.

وا لێرەش، لە مەملەکەتی فارگۆنەکاندا، ئەوانە نابینی، روو لە قیبلە ناکەن، ناوی قورئانی سورەتەکان نەمان ! چیتر کەسیان هەر جزویەکیش لەسەر کۆشیان دانانێن. رۆژانە خواردنی خێراتی کەنیسەکان دەخورێت، چاپۆشی لەوەش دەکرا گۆشتی چی یە ..! لەم مەملەکەتەدا، تەنیا وەزارەتی ئەوقافی نەریتەکانی ئاینی ئیسلام لاوازو بیَ دەستەلات بوو..!

***

# وەزارەتی رۆشنبیری..!

سەرچاوەی راگەیاندن لەم مەملەکەتەدا، دوو رادیۆی تایبەتی بوو. یەکێکیان، تەنیا (دەنگی ئەمریکای کوردی)ی (بی بی سی) لەندەنی وەردەگرت. ئەویش تەنیا بۆ دەنگوباسی کورتەی هەواڵەکان بوو.

بۆ ئەم دوو ئیستگەیە، ئێواران ئاپوورەو ویستی ئامادەیی هەبوو. کە هەواڵەکان تەواو دەبوو، رادیۆیە بچوکەکە لە کیفکە رەشەکەی دەپێچرایەوەو لە گیرفان دەنرایەوە. رادیۆیەکە، درێژەی هەواڵەکانی پێداچوونەوەو راپۆرتە هەواڵی شرۆڤەکانی گۆرانی سوتانی ئاخ وئۆفی نامەی گوێگرەکانی نەدەزانی ..!! بە دە رۆژ دوو پاتری قەڵەمی بچوکی دەخوارد. چونکە رادیۆیەکە شەپۆلی زۆر کورتی وەك حەفتاو پێنچی تێدا نەبوو، بۆیە ئیستگەکانی لای خۆمانی وەرنەدەگرت، ئەوان زۆر لاوازو ماندوو هەناسەیان دەهات.

رادیۆی دووەم، گەورەتربوو، شەپۆلی کورتی هەفتاو پێنچی تێدابوو. دەبوایە ئێواران بەنۆرە چەند کەسێك بەرز رایانگرتبایە، لە تەنیشت عامودێکی کارەبا بوایە، گوێیان بۆ هاشەو دەنگە کزەکەی رادەگرت، کەسیش بۆی نەبوو فزە بکات.

راستە دەنگی رادیۆکەو ئیستگەکە دەهات، بێژەرێك نووزەی دەهات، بەلام زۆرکەم بەحال چەند رستەو هەواڵی لێوە وەردەگیرا..!!

جارجاریش رۆژنامەی (الحیاە) ی لەندەنی، بە (500) دراخما، دەکرا. لاپەرەکانی لە فارگۆنەکان بڵاودەبۆوە، تا لە فارگۆنێکی لاچەپا گوم دەبوو.
رۆژنامەی (گوندم پۆلیتك) تورکی سەر بە کوردەکانی باکووریش دەبینرا. ئەویش لەلای ئەوان دەستەو دەستی دەکرد.
سەرچاوەی سەرەکیی باوەرپێکراوی هەواڵەکانیش، ئەوانەبوون، کە زۆر بەختیارو پارەداربوون، زوو دەگەیشتن، ئەوان هەواڵی تەرو تازە بە پرۆپاگەندەی حزبایەتیان پێبوو.
جارجار مامێ، دەزگاکانی راگەیاندنی بێگانەی دەهێنا، کامیرا ڤیدیۆو چاوی کامیرا دەهاتن، رۆژنامەنووسی یۆنانی دەهاتن، بە هۆی وەرگێرە پرچ درێژە یۆنانی زانەکە، یان بەهۆی ئینگلیزی زاناکان، دانوستانی دیداریان سازدەکرد. ئەوان وردو نەرم نەرم، گوێیان بۆ ژانی چاوەروانیی رۆژانی سەختی بیرەوەریی تاڵەکان رادەگرت. هەردوولا ئازادانە قسەیان دەکرد، وێنەی زۆر دەگیرا، داواکار، داوای کارو مۆڵەتی رەسمی مانەوەو جەوازو مافی پەنابەریی زۆرشتی گونجاوی ناگونجاویان لە حکومەتی یۆنان دەکرد. لەم دیدارانەدا زۆر ستایشی رێز بۆ میللەتی یۆنان دەبیسترا، بەڵێنی هاوخەباتی قوربانیان بۆ یۆنان دەدرا، ئەوەیان زۆر دووبارە دەکردەوە.
کە رۆژنامەکان دەردەچوون، مامێش رۆژنامەکانی دەهێنا، لاپەرەکانی وێنەکان بە پیرۆزییەوە دەبینرا.
زۆر هەواڵی دەنگوباسی سڵاو، بە هۆی تەلەفۆنەکان بۆ خزمو کەسوکارو هاورێیەکانیان، لە سویدو هۆلەنداو ئەلمانیا وەردەگیران، لەوانەوە زۆر دەهاتی دەچوو ..!! ئەوان هۆی پەیوەندی بوون، بۆ ئەوان هەواڵ وەرگرتن ئاسان بوو، هاتوچۆ زۆرو هەمەجۆربوو.
لە مەملەکەتی فارگۆنەکانا، رۆژنامەنووسی نوسەرو دەرهێنەرو ئەکتەرو وەرزشوانی یاریکەری لێهاتووو هونەرمەندی بەتواناو بە ئەزمونی گۆرانبێژی شاییی داهینانی دەنگخۆش بێژەری خوێنگەرم هەبوون ..!! هەبوون، زۆربوون، بێ ئیشی کارو بەرنامە دەسورانەوە، هەموو کارێکیان هەبوو، تەنیا داهێنانی بەرهەم نەبێ ..!!
گەنجێکی خوێندەوار پارەیان خواردبوو، زۆریان لێ خواردبوو، بێ پارەو بێ هیوا دەسورایەوە، تێکچووبوو، هورێنەی زۆری دەکرد، ببوە شاعیر، شیعری جوانی بەسۆزی زۆری نوسیبوو.
شیعرەکانی لە خەفەتی سۆزە سوتاوەکانی دەدوا. ناوەرۆکی چاکی شێوەی هونەری بەرزییان پێوەبوون، خەڵکێکی زۆر بۆ زەوقی کات بەسەربردنی تام وەرگرتنی هاوسۆزیش، گوێیان لە چامەکانی رادەگرت، هەواداری زۆری هەبوو !! بەوە ئەو گەرمتردەبوو، شەپۆلی شیعرەکانی دەگەیشتنە ئەودیو دەریاکەوە. ئەویش ببووە شاعیری میللی مەملەکەتەکە.
لە مەملەکەتی فارگۆنەکانا، کتێبی هۆشیاریی رووناکی مەسیحیەتیش دەهات، زۆریش دەخوێندرایەوە. گەنجە مەسیحیە یۆنانیەکان زۆر دەهاتن، دەستە دەستە ئەو کتێبە عەرەبیانەیان دابەشدەکرد.

***

# هەواڵێکی هونەری!

دوو هونەرمەندی دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی، بەداخەوە پەیامنێرەکە نەیتوانی ناویان بزانێ، دوو قوتوی بۆیەی سپیی رەشی فڵچەیەکی خری بەدەسکی پارچەیەك کارتۆنیان بۆ دروستکردنی چەند تابلۆیەك، لە بۆدیی رووی دەرەوەی فارگۆنەکان بەکارهێنا..!
تابلۆیەکان لەناموییی بەدبەختی ئەو رۆژەی مرۆڤی کورد دەدوان، کلیلی گەیشتن بە ئیتالیاو بەستانەوەیان بە کۆتی پەیوەندی زنجیرو کۆشش بۆ پچراندنی زنجیرەکە، چوارچیوەو مەبەستی تابلۆکان بوون. تابلۆکان راستگۆییی سادەییی بابەتی بوون.
بینەر بە دیداریان ئەبلەق دەبوو، یەکسەر لە ژانی ئازارەکانی ئەم مەملەکەتە دەگەیشت. چەندین رۆژنامەنووس لە دوورەوە وێنەی تابلۆکانیان دەگرت، پیاوانی ئیستگەی شەمەندەفەرەکە لە رقی ئەوەی بۆدی فارگۆنەکان بە بۆیە رەنگکراون، پۆلیسیان هێنا، دیاربوو، ئەوان رووی ژەنگاوی فارگۆنەکانیان لە رەنگی ناوەرۆکی مەبەستی تابلۆکان لەلا پیرۆزتربوو، بۆیە بۆیەیان کردەوە.

**ئەم دوو هونەرمەندە بەفلچەی هونەرییان، یەکەم تابلۆی هونەریان لە بۆدی فارگۆنی کۆنی شەمەندەفەرەکان نەخشاند..!**

***

# سەفەرنامە!

**لەجیاتی دەفتەر خدمەو بیتاقەی ئەرزاقی کەملکی ناسنامەو هەویەو ئیقامەو جەواز، هەموو دانیشتوانانی مەملەکەتی فارگۆنەکان، سەفەرنامەیان لە گیرفان بوو، ئەو سەفەرنامەیە بە جۆرەها شێوەو دارشتنی رێنووس، لەسەر جۆرەها کاغەز نوسرابوونەوە.**
**ناوەرۆکی سریالیی واقیعی بابەتەکە نەخشەو ئاماژەو پێوانی کاتی وێنەو دەنگی رێنماییی نەخشەو نرخی هەورازو نشێوو رێگاو سکەی قەتارو رێگای خێراو وتونێلی چۆنیەتی برینی دوو سنوور بەیەك شەو، بەبێ پسولەو جەوازو کارتی گەشتیاریی ئیقامەو زانین، بەبێ ئاگایی هەردوو دەولەتەکە، دوو دەولەتی گەورەی ئەوروپی، برینی کۆنترۆلی ئیتالیا، ئاودیبوون لە سنووری فەرەنساو ئەلمانیاو پەرینەوە لە سنووری ئەلمانیا، گەیشتن بەشاری (کیل) ی ئەلمانی، سواربوون بۆ قولایی ئەلمانیا.**
**بەکارهێنانی پارەی دراخما لە یۆنان، لیرە لە ئیتالیا، فرەنگ لە فرنسا، مارك لە ئەلمانیا، ناسینی جیاکردنەوەی نرخی شێوەیان، لە دوو رۆژدا، لە دوو شەودا، بە تاریکیی بەترسی زماننەزانی، دەبوایە چەند زاراوەی ئەو زماننانەش شارەزا بێی...!**
**لە سەفەرنامەکەدا، وا هاتووە، کە گەیشتیتە بەندەری (بریندزی)، شەو سەعات 22،10 واتە 10،10 بە پێی زانینی شارەزایی سەعاتی دەستی خەڵکەکە، سواری شەمەندەفەر دەبیت، بەیانی لە ئیستگەی سەرەکی رۆما دادەبەزیت. لەناو قەرەبالغیی گەورەیی ئیستگەکە سەرسامی شێواو نەبیت، دەروازەی دەرچوونت، لەگەڵ تەوژمی خێراو زۆری خەڵکەکەیە، لەوێ کەس بەکەس نی یە ..! لە بیرت نەچێ پلیتی سواربوون، لە بەندەرەکەوە،**
**بۆ سەنتەری رۆما بە قەتاری کۆنی ئاپوورەکە (49) هەزار لیرەیە، هەر بۆ زانین سەد دۆلار (یەك گەلا) دەکاتە هەزار لیرەی ئیتالی، باشترە ئەم پارەیە هەر لە مەملەکەتی فارگۆنەکان بکریت، جوان لە باخەڵت (165) بیشاریتەوە، بۆیە زۆرن ئەوانەی زووو خێرا، بێگومان ئەوانەی پارەیان هەیە، ئەو پارەیە دەکرنی ئامادەی دەکەن. چونکە رۆیشتنی دەرچوونی گەیشتن بە وڵاتی ئیتالیا، کاتی دیارکراوی نی یە، حیجزو پلیتی پێشوازیی فەرمووی نی یە. لە ئیتالیاش ئەگەری ئەوەش هەیە، لەکاتی پارە گۆرینەوە، داوای جەوازو پسولەش بکەن ...!!!**
**سەفەرنامەکە، ئامۆژگاری زۆری تێدایە، لەناو رۆما چی دەکەیت، چۆن کەنیسەی (سانت ماریا)ی گازینۆی کوردەکان دەدۆزیتەوە، لەم دوو شوێنەدا چیت بۆ دەکرێتی چیت لەسەرە ..!! لە کێ نان دەخۆیتی نوستنت چۆنە ..؟؟!! کەی بەرێ دەکەویت**
**ئەگەر سەفەرنامەکە، هونەردۆستی شەیدایەکی جوان، تاقەتی نووسینی هەبوو بێت، ئەوا پەیکەرەکانی ناو رۆماو بەردە نەخشینەکانی دیوارە تابلۆکان، سەدان پەیکەری گەورەو بچوکی چەندین ئەستوونی بەردینی زێدە جوانی کۆن، دەستی پەنجەو هزری هونەریی وردی تێدایە، ئەوانە دەبینی.**
**پاش ناخواردنی دیداری برادەرو کوردی تر، لە ناو سەنتەری رۆما، پلیتی شارۆچکەی (ڤانتیملا) بە (53) هەزار لیرە ببریت، شەو سواربیت، بەیانی زوو لەم شارە دادەبەزیت. لەسەفەرنامەکەدا واهاتووە، کەوا لەم شارە سەرسنوورە، گەرچی پۆلیسی پرسینەوەو چاوەدێریی توندوتیژیی چاوسۆرکردنەوە نی یە .. شارەکە، پۆلیسەکانی، جزائیریەکان، کارمەندانی ناو شەمەندەفەرەکان، هەموو دەزانن تۆ کوردیتی دەچیتە فرنسا، لەوێش بەرەو ئەلمانیا رێ دەکەیت، دەزانن لە رۆیشتن ماندووی برسی نابن .!! لەتاریکە شەودا، لەپەنا دیواری بەردا،**

له ناو كه‌ڵه‌كه به‌ردی سپی كه‌ناره‌كانا، له هه‌ورازی ركی ناشاره‌زا، له‌به‌رده‌م سه‌گی هارو وریای پۆلیسه‌كان ناترسێت، ده‌رۆنی له‌كه‌س ناگه‌رێنه‌وه‌، هه‌ر ده‌رۆن ، ده‌رۆیت..!!

به پێی نووسینی نه‌خشه‌كه‌، ده‌بێ شه‌و له شارۆچكه‌كه ده‌ربچیت، نابی بمینێته‌وه‌. ده‌بێ به‌رۆژ تونێلی یه‌كه‌م له‌ناو شاره‌كه‌دا، له ده‌ڤه‌ره‌كه جوانی وردو راست بدۆزیته‌وه‌، وا نوسراوه‌، وایان ئاماژه بۆ كردووه‌، كه له ئیستگه‌كه ده‌رچویت، دوو پردۆكه دێته به‌رامبه‌رت، پردێك بۆ پیاده‌یه‌، ئه‌وی تر باریكه‌و ئوتومبێلی به‌سه‌ردا ده‌په‌رێته‌وه‌، له هه‌ر یه‌كێكیان بپه‌ریته‌وه‌، ئاساییه‌.

له شاخه گه‌وره‌كه‌ی به‌رامبه‌رت، تونێلی ته‌سكی په‌رینه‌وه‌، روو به‌رووت دیاره‌. كونی ره‌شی ده‌روازه‌كه كراوه‌ته‌وه‌، سه‌دان ئوتومبێلی تازه‌و خێرا گوزه‌ری ده‌كه‌ن. رۆیشتنی چوونه ناوی ئاساییه‌، درێژی تونێلی یه‌كه‌م (850) مه‌تره‌. له ده‌ربازبوونیا ترسی نی یه‌، تونێلی دووه‌میش ئاساییه‌.

ده‌رچوونیش، له كۆنترۆلی ئیتالی، ده‌بێ له‌سه‌ری بسورێیت. له كۆنترۆلی فرنساش ئه‌وه‌یه‌، ده‌بێ وریا بی، قاچت، گرانیت له‌سه‌ر هه‌ندێ كاشی پان دانه‌نێت، چونكه زه‌نگێ لێده‌دا، پاسه‌وانه‌كانی كۆنترۆلی ده‌روازه‌كه‌، له شیرینه خه‌و به‌ئاگادێن...!!!!!!!!

كه له كۆنترۆله‌كه ده‌ربازبویت، ده‌رژێته ناو شارێكی بچوكی جوانی سه‌رسنووری سه‌رده‌ریای گه‌شتوگوزاری شاخاوی، ئه‌ویش شاری (مۆنتۆ) یه‌. ئه‌و شاره خه‌وتووه‌ی ناو وڵاتی فرنسا، ده‌ریاو شه‌پۆله ساردو شێته‌كانی گه‌مه‌و ده‌ستله‌مڵانێی له‌گه‌ڵ ده‌كه‌ن. به‌یانی یه‌، شار خه‌وتوه‌، ترسی نی یه‌، كه خۆر گه‌رم بوو، روو له ئیستگه‌ی شه‌مه‌نده‌فه‌ر بكه‌، پلیت ببره‌، بۆ شاری (نیس) برۆ، به‌ره‌و شاری جوانی نازداری نیس به‌رێ بكه‌وه‌.

له رێگادا له په‌نجه‌ره‌كه‌دا شاری (مۆنتۆ كارلۆ) گوزه‌ر ده‌كه‌یت، هه‌ر له‌و كاروانه‌دا ئازادی به‌ره‌و پاریس برۆیت، به‌ڵام پاره‌ی زۆرتری ده‌وێت. له نیسه‌وه بۆ سترانسبۆرگ، به په‌رینه‌وه له‌م شاره‌دا ده‌گه‌یته شاری كیلی ئه‌لمانی.

شاری كیل به پردێك، به رووبارێك، دوو حكومه‌ت، دوو زمان، دوو شارستانیه‌ت، دوو پاره‌و پولی دوو هیوا جیاده‌كاته‌وه‌، تۆش به‌ره‌و هه‌نگاوی رۆژگاری تازه‌و نه‌دیار ده‌بات.

***

# شەڕی براکوژی!

بە پێی ڕاپۆرتێکی دوورو درێژی ئاژانسەکان، بە ئەنـــــترنێت، بە فاکس، بە تەلەفۆن، ئەو نامانەی کۆتـــــرەکانی پێش کەنیسەکان، ئەوانەی بەناچاری لە گۆرەپان (ئامۆنیا) ی ئەسینا چەند وردە دانی پێش کوردەکان هەڵدەگرنەوە، بە پێی ئەو ڕاپۆرتانەی لە پۆلیسخانەکانی ڕاچێتەی دکتۆرەکانی پاترا، بە پێی ئەوانەی لە کۆڕو کۆبونەوەکان ئامادەبوون، بە قسەو قسەلۆکی کەمپەکان، هەواڵەکانی قەرەباڵغی ئامۆنیای سەنتەر.
بە گوێرەی دەنگوباسی ماڵی قاچاخچیەکان، کە شەوانە بیست کەسی تێدا بەناچاری دەنوست، هەمووشیان لەیەك ژووردا دەنوستن. چونکە زۆربەی شوقەکان، خۆی هەردوو ژووربوو، ژووریَکیان، کابرا بۆ خۆی و(گێرفرێند)ە رووسی، یان کیژە چاو مۆروی ڕوومەت سەدەفە ڕۆمانیەکەی، کەوا ئەوەش حەقی شەرعی خۆیەتی. لە ژوورەکەی تردا، واتە لە ژووری دووەمی ماڵەکەدا، تا بەرەبەری بەیانیان دادەنیشتن، هاتووچۆو گەڕانەوەی تێدا گەرم بوو، بۆیە ئەو ژوورەو چەند ژووری تری وەك ئەو ژوورە، کە لە ئەسینادا هەس، مەلبەندی هەواڵی یەکترناسینی ئاشنابوونی پرۆپاگەندەو خزمانیَی حزبانیَی ..... هەموو سەرچاوەکانی هەواڵ بوو، گەرچی کەمو زیادو بەهاراتی بەسەر وەردەکراو هەندێ فشەو درۆی زلی شاخدارو پرۆپاگەندەشی دەخرایە پاڵ ..!! وەنەبێ ڕاستی کەم بێ، وتیان، تۆمارکراو نوسراوەتەوەو بیرناچن..!!

لەسەرەتای بەهاری 1997دا، شەڕێکی کوشندەی براکوژی، لە سنوورو دەرەوەی مەملەکەتی فارگۆنەکان رووی دا. شەڕەکە، گەیشتە وڵاتی یۆنانستان. بیانۆیی هۆکاری سەرەکی ئەم هێرشی کوشتارو خوێن ڕشتن لەسەر ئەوەبوو. گوایە، چەند کەسێك لەم تاریکە شەوەدا، لۆکی باری لۆریەکیان شکاندبوو، خۆیانی دارو دەستەکەیان سواربببوون. دەستەیەکی تر، شەو، هەر لە دەرەوەی بارە بە مین چاندراوەکانی کەمینە کپی نهێنی یە چارەنوسسازەکە، سورابوونەوە. دەنگیان داوە، دەستیان لە پەتی بەمۆری چادرەکەداوە. ئەوەش وای کردووە شوفێرە خەوالۆو مەستەکەی ناو لۆریەکە، مێشی بێتێ، مێشولەی گەرماو خەونی جولانەوەو دەنگە دەنگی نائاساییەکە هوشیار ببێتەوە، هەستێ لە مۆرو لۆکی بارو جولە ناسکەکەی ناو لۆرییەکە ڕابگرێ، بانگی دەستەیەك پۆلیسی چاودێری گۆرەپانەکە بکات، لۆکەکە بکەنەوە، دەستەکەش بەلایتی دەستی، بە گەڕانی دەنگدانی بە مەلاگە مەلاگە دەریان بهێنن، ئەوانیش بگەرێنەوە مەملەکەتەکەو پلانەکەیان هەڵبەوەشێتەوە.
دیارە سەرۆکی دەستەکە، لە زۆرشت زۆر تووڕەببوو، زۆر گەرمی داخداربببوو. چونکە ئەو هەر لە سەرەتای گەشتەکەیدا، هەر لە وڵاتی تورکیاوە، کە بەرێ کەوتبوو، تووشی ببوو بە ژنێکی قەڵەوی مەمك گەورەی چاو ڕەشی سمت پانی سینگ پەنیری بێکەسی بەجیماوی بەدەم بەخەندەو هەوەس سوارو چاولەدەر دەبێ. بەیەکەوە دەبنە هاوڕێ، بەڵێن دەدەن، پێکەوەبن، تا مێردەکەی ئەگەر گەیشتەوە ژنەکەی! بەیەکەوەبنی دەستبەرداری نەبێت ....ی .. زۆر پێکەوەبوون، چونکە هاوشارو هاوزمانی نەریتی حەزبوون، تێنویەتیان لەیەکتری نزیك بوو، باشی زوو ئاشنابوون، خێراش گەیشتنە پاتراو پێکەوە ژیان..!
خەڵکی ئەم مەملەکەتە دەیانزانی وەك ژنی مێرد دەژین، هەمووش دەیانزانی ئەو دوو جووتە، ژنی مێرد نین، بە هیچ بنماو ئاینی دەستوور لەیەکتری مارە نەکراون ..!! بەڵام برادەرەکە، چەقۆوەشێنی پیاوکوژانی مەفرەزە سەرەتاییەکانی تەقەکەری ناوشارو جوێن فرۆشی شەوانەی نادییەکانی سەرچۆپی شاییەکان بوو. چەند مارو حەزیاو ئاخی ئۆفی شیعری لەسەرشانی پیلی پشتی دەستی کرابوون، بۆیە کەم کەس قەرەی لە قەرەی دەدا، خۆیی ژنەکە، پێکەوە دەژیان، بۆ خۆیان لەژێر یەك بەتانی تەسکی کورتدا جووت دەبوون، بە پەردەیەکی شڕ، پەنایان لە خۆکردبوو، زۆرجار، لە ترۆپکی حەزو ئاوو توانەوەو یەکتری کوشینی گەزگرتنی وشکبوون بوون، کە دەنگێك، هاوارێك، تەقەیەك، داوایەك، هەواڵێك ساردی دەکردنەوە.
ئەمجارە سواربوونیان لەباری شەرابەکە چاکی ڕەخساندبوو، خۆیی ژنەکە، کونێکی باریکی تەسکی سەرقەپاتی بێ دەروازەیان بۆ خۆیان هەڵبژاردبوو.
دەبوایە، لەباوەشی یەکتری بن..!

دەبوایە، رانی سمتی سینگ بۆ یەکتری بکەنە سەرین..!!
دەبوایە یەکێکیان بخەوێت، ئەوی تر لەدیار شۆخی خۆشەویستەکەی چاوەروان بێ..!!
دەبوایە لەبەر گەرما، زۆرترین جلوبەرگ لەبەر یەکتری داکەنێن..!!!!
دەبوایە لەیەك بۆتلی میزدا میزبکەن، بۆ یەکتری بۆتلی میزکردنەکە راگرن، چونکە شوێنەکە، تەسکی بێ جولەو بێبوار بوو...!!!!

جا کابرا لەم حەزە، لەم حەسەرەتی سۆزو خەونی تاوانەوەبوو، کە چادریان لەسەرکردەوەو هەردووکیان، بە رووتی گیران، خۆیان پێ لەبەرنەکرا، راپێچی دەرەوەیان کردن. بۆیە ئەو کە گەیشت، کە هەواڵەکەی گەیشتە گۆرەپانی مەملەکەتی فارگۆنەکان، خۆیی جانتای هەردووکیانی لەسەرشان بوو، خۆیی ژنە سوورهەڵگەراوەکە، خۆیی حەزی خنکاویان، خۆیی ...... تووڕەیی ئاگری لێ دەباری، هاواری دەکرد، بەقەد شۆفەڵێك نەرەو هارەی دەهات، وەکو نێرەکەرێك دەزەری، جنێوی دەدا، ژنەکەش سەری بۆ رادەوەشاند، زیاتر هانی دەدا، تیژی دەکرد، پفی دەدا..!!!!!!
دەنگەکە، ئاسۆکەی لێلکرد، هێمنیەکەی رێزی نان وەرگرتنیان شێواند، خەڵکەکە ئەوانەی شارەزابوون، ئەوانەی ئەویان دەناسی، وتیان:
قەوما...!
هەر ئێستا دەقلیشێتەوە..!
دیسان دەبینەوە بە سینەما..!
حەیامان دەچێت..!
لێرەش، شەری براکوژی لەبەرژەوەندی ژیانی ئارامیمان دەدات..!
دیسان براکوژی، دەربەدەرو برسیی بێوارمان دەکاتەوە..!
هەردوولا، بۆ ناوقولاییی پەنای سەنگەر چوون.
چەکی قورسی سوك ئاشکراکرا.
غەلبە غەلب کەوتە نێوان دۆستی لایەنگیرانی هەردوو هێز..!!
هەردوو دەستە، لە ناوچەی ئازادی خۆیاندا دەسورانەوە، قەدەغەی گەرانی دوورکەوتنەوە پەیدابوو، شەری راگەیاندن، هەرەشەی ناردنی هێز دروستبوو، وترا تۆڵە بەسەبرە ئەما بە زەبرە ..!!! راناوەستین، دەریان دەکەین، تەمبێیان دەکەین ..!! لەگەڵ بۆنی بۆگەنیی پیسی شەری راگەیاندن، لیژنەی هاریکاریی ئاشتیی دەمراستی پیاوانی خێرکەر، دەستەی ناوبژیوانی ئامۆژگاریی پیاوماقوڵان کەوتنە هاتوچۆو نارەزایی ..!! بانگەوازیان هەبوو، وتیان:

عەیبە، ئێرە جێگای شەر نی یە ..!! ! وەزعەکە ئەوە هەڵناگرێت. خۆمان لێرە قیت بوینەوە، نازانین، ناومان چی یە ..!! نازانین چارەنووسمان دەگاتە کێندەرێ !!! دانیشن، با مەملەکەتەکەمان نەروخێ .. با .. هاواریان کرد، شەر باش نی یە !! خزمەتی ستراتیژی ی تاکتیکەکانمان ناکات ..! یارمەتیی کۆمەکمان بۆ ناهێت ..
یۆنانینیەکان گاڵتەمان پێدەکەن، چیتر بەزەییان پێمان نایێتەوە، شەر لە دۆستەکانمان دوورمان دەخاتەوە، دوژمن دێتەوە سەر سنوورمان، شەرو ئاژاوە، سنوورمان بۆ پۆلیسی دادگاو زیندانی رۆژنامەنوسان دەخاتە سەرپشت، بە ئارەزووی خۆیان دەمانپشکنن، یاریمان پێ دەکەن.
زۆربەیان، لە ترسی شەری براکوژیی خوێن رشتنی تۆڵە رایانکردبوو، بۆیە کۆششی ئاشتیی ئامۆژگاریی پێناوکردن، چەپلەو ئافەرینیان بۆ لێدرا .. ! دەستخۆشی لە هەولی کۆششی لیژنەی ئاشتی کرا، بەلام! شەری راگەیاندن بۆنی زیاتر هات، هیچ ئەما بەیەکتری نەڵێن. شەرەکە لە نێوان دوو سەرۆك دەستەبوو، ناوی ئەم دووە لە مانشێتی رۆژنامەکان، بەگەورەیی، بە جنێوو هەرەشەوە نوسرا. هێدی هێدی خەڵکیان لێ کۆبۆوە.
عەشیرەتەکان، پیاویان نارد، ژنان کوریان هاندا، کیژان لاوەکانیان تیژکرد، پیرەکان گۆپالیان دایە دەست خورتەکان، دەوڵەمەندەکان پارەو هەژارەکان خوێن. زۆربوون، چەکیان دەستکەوت، شەپکەداری بەبزمار، کێبل، چەقۆی بەحەلقە، کەتەر، داری ئەستوور، لەیەکتری هاتنە پێش، بووە هاتی هاوار، هات هەرێ هات ..!! بیگرە، وریابە ..!! لێی دە، لەگەڵ تکاو پارانەوە، عەیبەو جێگای نی یە، سەدای هەبوو. شەرەکە گەورەبوو، لیژنەی ئاشتیی پیاوماقوڵان کشانەوە، هیوایان نەما، بێ دەنگ بوون، نەیانوت، تاوانی کێبوو ..!؟؟ نەوێران بڵێن دەستی کێ بوو ..؟؟!! شەر گەرم بوو، سەر شکا، خوێن رژا، بریندار لەسەر سك راکێشرا، چاو مۆرکرا، برین قووڵکرا، چەقۆ بە رقەوە لە گۆشت راکرا، دار بە هێزەوە لە کەللە سەرو ناوشاندرا، بەردی گەورە هاویشترا، ساتمە کرا،

**خوێن لە کەپوو پرژا، ددان شکا، قەمیس هەڵزرا، پێڵاو بەجێما، کەلوپەل ئار ئارکرا ..!! دەستەیەك راونرا، جام شکا، هاتوچۆ قەدەغەکرا.**

**دەستە بەزیوەکە ئاوارەبوون، دەستەیەکیش لەسەرکارو فەرمان دەرکران، خەڵکی تریان لە شوێنیان دانرا، گۆرەپانەکە چۆڵکرا، پۆلیسی کۆماندۆ بانگکران، ئیفادەی درۆ وترا، ئەلبانی بێ گوناحی بێ ئاگا تاوانبارکرا.
شەڕەکە قورس بوو، زیانی گیانیی ماڵیی ئەخلاقی زۆربوو، بریندارەکان رەوانەی خەستەخانەکران، ئەوەی برینی سووك بوو تیمارکران، گەڕانەوە، برینداریش هەبوو شربوونی مانەوە.
دەستە بەزیوەکە، هەندێکیان پلیتی شەمەندەفەریان بری، رۆیشتن، بەندەرەکە چۆل بوو، لیژنەی ئاشتی هاتوچۆی کرد. ئەوەی خۆی حەشاردابوو گەڕایەوە، گوڵەی ویلیش بەر خەڵکی بێ تاوان کەوت، هێزی ئار .. ئار دەستە گوڵی خۆی لێدا، دەستە سەرکەوتووەکە قسەیان گەورەبوو، بێ منەتبوون، دانوستانیان نەدەکرد، داواکاریان زۆرتر بوو.
دەستە بەزییوەکە داخ لە دڵی نیازی تۆڵەیان لە دڵ بوو، بۆیە نەگەیشتن بەیەك.
جەولەی دووەمی شەڕەکە هەڵگیرسا، چونکە دەستە شکاوەکە، بە تەلەفۆن، بە راسپاردە، هەواڵیان گەیاندبووە ئامۆنیاو ئوتێلەکانی (سانت ریمۆ) و(ئۆلمپس) و
ئیکسپریێس) ی پایتەخت، هێزەکە بێ منەت بوون، پشت قایم، لە ئیستگەی شەمەندەفەرکە دابەزین، بەڵام رێگای ) دووری چوار سەعاتی ناو ڤیتارو برسیەتی، ماندووی کردبوون، هێزەکە بەپانی شەقامەکە رۆیشتن، قۆلیان فشی سینگ لەدەرو چاوسور. هەواڵەکە گەیشتە مەملەکەتی داگیرکراوو خامۆش.
دەستەی دووەم، خۆی تەیاردا، چوونە سەنگەر، مەخزەنەکانیان پڕکردەوەو خۆیان مەڵاس دا، کە گەیشتن، کە هێرش هات، لەسەنگەرە قایمەکان، راونران، بە هیچ رانەگەیشتن، چاوەروانی هێزو هێرشیان دەکرد، بۆیە دەستوبرد هێرشەکەیان شکاند. هێزی هاتووی پالەوان، بەسەرشکاوی راونران، شکان، چونکە هێزەکە لەدوورەوە هاتبوو، بێگانەبوون، رەشی سپیان لەیەکتری جیانەدەکردەوە، بۆیە ئەم جارە لێدە بیرەو رەشبکوژانەبوو، لە ژنی لە زارۆکی ناوبژیکەرەو بێلایەن درا، خوێن زۆرتر رژا، شەڕەکە گەورەتربوو، لە گەرمەی شەڕەکەدا، پۆلیس هات، بوە فیقە فیقی ئوتومبێلی ماتۆری کۆماندوو، هەردوولا پەرتەیانکرد، هێزە میوانەکە راونراو دوورکەوتەوە، بۆ جاری دووەم شکانی لەدوای خۆیاندا بریندارو دیلیان بەجێهێشت.
شەڕەکە، دوو شەو دوو رۆژی خایاند، لەم رۆژانەدا کاروباری کۆمەڵآیەتیی رەسمی مەملەکەت بە رێوە نەدەوچوو، هەندێکیش لابەلای لامەرکەزی، بەتەنیا ئەم وەزعەیان بەهەلزانیی سواربوونی گەیشتنی تەلەفۆنیان کرد. شەڕەکە بە بەرژەوەندی ئەوان کۆتایی هات. دیارە لە هەموو شەڕێکی ناوخۆدا هەن قازانج دەکەن، دەستەگوڵی خۆیان لێدەدەن، سەرگەرمی گێرەشێوێنی لاییدە تووش دەبن. بەیانی دەستەیەك رۆژنامەنووس هاتن، پرسیاریان کرد، وەڵام درایەوە:
گوایە دەستەیەك ئەلبانی، پارەی هەندێ برادەرانیان خواردوە، لەسەرئەمە بووە بە شەڕیان، خۆیان لەبەر چاوان گومکرد، داواکارین سزا بدرێنی ئاشکرا بکرێن، جا ئەوان چەند بروایان کرد، دوای چیان نوسی، ئەمەش بە نهێنی مایەوە، کەس نەیزانی چیان نوسی..!!!!!
لێرەش شەڕ براکوژی، شەڕی ناوخۆ دەستەیەك هەڵیدەگیرسێنێ، گەورە دەبێت، دیارە شەڕەکەش لەسەر شتی کەم، لەسەر ناوبانگی بەرژەوەندی تایبەت دروست دەبێت، شەرمەزاریی زیان بە هەمووی زۆرینە دەگەیێنێ.
لێرەش کەسانی شکاوو خوێن رژاو دان بە شکانی بەزین نانێن، سەرکەتووش مەرجی گەورەو زلی هەیە.
لێرەش ئاشکرابوو، لەشەڕی ناوخۆو براکوژی سنوور دەخرێتە سەرپشت، بێگانەی دێتە ناوێ .!! لێرەش دیارە لە شەڕی براکوژی خوێن کە رژا لەبیر ناکرێت، ئەگەری تۆڵە هەر هەیە، کە شەڕەکە کۆتایی هات، زۆری دەوێت تا ژێرخانی مەملەکەتەکە ببوژێتەوە، قوربانیی ماندبوونی ویست، تا ئاوەدانیەکان ئاوا بکرێتەوە، قەدو هەڵچوون، ئاوی فرمێسکی ویست، تا سوتاوەکان بالا بکەنی سەوزببێتەوە.
بناغەو کارمەندو ئارەقەی ویست، تا رووخاوەکان، کەلاوەکان بەرز بکرێتەوە..!!!
زۆری ویست، تا شکاوەکان چاك بکریتەوە...!!
زۆری ویست، تا برینەکان سارێژ بکرێتەوە...!!
چەند رۆژی خایاند، تا باخەڵ بێ چەقۆ بێ، تا دەست بێ دار بێ، تا چاو بێ چاوەروانیی هۆش بێ ئاڵۆزی بێ، زۆرو کاتی خەمی بیرو ...... ویست تا کۆبوونەوەی ئاشتیی دانیشتن بوو..!!**

***

## قاچاخچیەکی ناوداری ئەم مەملەکەتە،
## زۆر جارو لەبەر چاوی زۆرکەس، دەیووت:

## من نەفەر لە قور دروست دەکەم..!!!!!

راستی فەرموو بوو، نەفەر بۆ ئەو زۆربوو، هەر دەهاتن، مەملەکەتە رۆژانە نەفەری زۆری بۆ دەهات، ژنی پیاو، بووکی زاوا، خوێندکاری دوا قۆناخی معماری، دکتۆر بەهەردوو جۆرەوە، مامۆستای مامۆستایانی دکتۆری خەستەخانەکان، خاوەن عیادەکان. هەموویان ئەوانەو هی تر، بۆ ئەو قور بوون، نەفەری لێ درۆست دەکرد، نەفەری قوری ئەو، پارەیان لە مستی دەنا، بۆیان دەژمارد، لە کونی لاچەپی عەیبەوە بۆیان دەردەهێنا. ئەو پارەیەی، ژندرمەکانی سەرسنووری ئاودیبوون بۆ ناو خاکی ئێران، لەوێش بۆ ناو خاکی تورکیا، لەناو خاکی تورکیاو لە ژوورەکانی ناو ئەستنبۆل، ئەو پارانەیان نەدۆزیبۆوە.
ئەوانەی دۆلاریان لە ترسا کردبووە چوکلێتە دۆلار، قووتیان دابوو، دوایی بە پیسایی هێنابویانەوەو دووبارە هەڵیانگرتبۆوە. پارەکان نەدۆزرایەوە، وا نەفەری قور بۆ ئەوانی دەژمێرن..!!

***

## مەملەکەتی فارگۆنەکانی مەملەکەتی ترە...!

ئاشکرایە گەیشتنی دەربازبوونی خنکاندنی ژمارەیەك لە کوردەکانی دەنگۆی لە میدیاکانی جیهان هەبوو ! یۆنان گلەیی لە تورکیا دەکرد، کەوا سنوورەکانی تۆکمە نی یە ! کورد بۆ بە ژمارەی زۆرەوە دزە دەکەن ! کەنیسەکانی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، لە یۆنان پشتیوانی کوردەکانیان دەکردو هاوکارییان دەکردن، لە رووی کۆمەکی بەخێوکردنی چاودێریی دانی ئیقامەی کاتیی چاودێری تەندروستی، هەروەها دەوریشیان هەبووە لە هەموو گۆشە سیاسیەکانی دبلۆماسیەکانی مرۆڤایەتیەکان، بۆ ئەوەی کوردەکان تەنگاو نەکرێنی سەربەخۆیی مەملەکەتی فارگۆنەکان بپارێزرێت، چاو لە کەماسیی سەرپێچیەکان دادەپۆشرا.
ئەوە لەناو یۆنان، هەروەها هەمان رێباز لە ئیتالیا پەیرەو دەکرا. لەناو فرنساش کە تەنیا بەردەبازبوو، بۆ ئاودیبوون کێشەی ئاڵۆزیان دروست نەدەکرد.
بەهەرحال، کاروانەکەی ئەم مەملەکەتە بواری نەبوو ئەستەنگی بۆ دروست بکرێت، هەر دەولەتەو کوردەکەی پاڵدەداو لە کۆڵ خۆی دەکردەوە، کوردەکەش نیازی مانەوەی نەبوو. ئەو وڵاتانەش کە کوردەکان نیازو مەبەستیان بوو، گلەیی زۆریان لە وڵاتەکانی بەردەبازبوون هەبوو. وەنەبێ ئەوانیش گلەییان نەبوبێت، ئەوان، دەیانویست سنوورەکان ئاسانی کراوەو خێرا لە روویان بکرێتەوە.
ئەوان مێوان بنی زوو برۆن ..! لە راستیشدا وابوو..!!
زۆرجار کێشەی پەنابەرانی دادی وڵاتانی ئەوروپی، دەنگی لە مەملەکەتی فارگۆنەکان دەدایەوە، هەروەها کێشەی تری ناوخۆو وڵاتانی ترو پەیوەندیدار لەناوچەکە کاریگەری هەبوو، بۆ نموونە....
کە باری ئابووری وڵاتی ئەلبانیای بەرامبەر ئیتالیاو هاوسنووری یۆنان، ئاڵۆزبوو. کە بانکەکانی ئەم وڵاتە نرخی بەهای نەما، پارەی نرخی نەما، سامانی بەهای دراوی زۆر دابەزی، وڵاتەکە زۆر شێوا، جەماوەرە تورەو

ماندووەکەی سیاسەتی باو لەم وڵاتەدا، هاتنە سەرشەقامی گۆرەپانەکان، نارەزایی توند سەری هەڵدا، هەواڵەکە بووە یەکەمین هەواڵی بە ترسناکی باسی لێوەکرا، ناونرا قەیرانێکی ترسناك لە ئەوروپا، مەترسی نواند بۆ ناوچەکە، ئەوەش زۆر بەخراپەو بە زیان لەسەر یۆنانی ئیتالیاو وڵاتانی تری بەلقان دەشکایەوە، مەترسی برسیەتیی شلەژانی کودەتاو رووخانی ریژێمە لاوازو ماندووەکەی لێدەکرا.
ئەو قەیرانە وای کرد هەر زوو بۆ یەکەم هەنگاو، شەپۆلی کۆچ بەرەو ئیتالیا سەرهەڵبدات، سەدان کەشتی بچوکی گەورە، بە خەڵکەوە بپەرێتەوە ..!! لە کەنارەکان بەناچاری لەناکاو دابەزن، ئیتالیا تەنگاوبوو، زوو سنووری داخست، کۆنترۆلی توندو گاڵدا، ئەوانەی گەیشتبوون هەرەشەی گەرانەوەی لێکردن، هەرەشەی سزادانیان نیشاندان، ئەوەش باری ئاودیبوونی چاپۆشینی بوارخۆشکرد بۆ گەیشتنی کوردەکانی مەملەکەتی فارگۆنەکان بۆ ئیتالیا شلەژاند، مەترسی کەوتە پرۆسەی رۆژانە بەردەوامەکە، هەموو بەیەکەوە گلەییان بۆ (ساڵح بریشە) ی سەرۆك کۆمار دەنارد، ئەوانیش بەقەد وڵاتی میللەتی ئیتالیاو یۆنانی بەلقان نیگەرانیان نواند، هەموو دەیانووت، بۆچی وڵاتەکەو سامانەکەی دووچاری دۆرانی هەرەسی ئابووری برد ...!!؟؟
بەڵام خۆشبەختانە، بە هاوکاری وڵاتانی ئەوروپایی، لە نیگای سیاسیەوە، رێگایان لەو تەنگژە ئابوورییە گرت، شالاوی کۆچەکە راگیراو وەزعی شلەژاوی مەملەکەتەکەش ئاسایی بۆوە.

***

# یەکێك لە سەدان!

بروا بکەن وایە، چۆنی دەنووسمەوە وا رووی داوە، یەکێك لەوانەی لە گەڵ کاروانێکی مەملەکەتەکە بۆ گەیشتن سواربببوو، ورد ورد بۆی گێرامەوە.
( ش ....) قاچاخچیەکی بالابەرزی چوارشانەی قژ درێژی هێمن، دوو سێ کەسی بەبەردەوامی بەدواوە بوو، خەڵکی هەبوو پێناویان بۆ دەکرد، سوێندیان بۆ دەخوارد، نەفەریان بۆ کۆدەکردەوە، بۆیان دەشاردەوە، شوقە شوقەیان پێدەکردن، پارەیان لێ دەخوارد، خۆیان پێ شۆردەکردنەوە، خزمەتیان دەکرد.
ئەوو ئەوانی تر زۆر کاروانیان بەرێ کردبوو، زۆر ئەو کاروانانە دەگەیشتن، کەس زەرەرمەند نەدەبوو، پارەی کەس نەدەخورا، کەس یەخەی نەدەگرتنەوە، بۆیە نۆرەیان لەسەر دەگرت، ئەویش پارەی زۆرترو پێشینی دەویست، بەکورتی وەڵامی دەدانەوە. دەیانووت:
لە وڵات باوکی هەبوونە، پارەی هەیە، ترسی لەسەر نی یە، ئەگەر نەبوو، ئەگەر نەگەیشتینی پارەکەمان خورا، ئەوا لەوێ بەباوکی دەژمێرینەوە.
جارێکیان، زیاتر لە شێست کەسی سواری یەك لۆری داخراوی کردبوو. لۆریەکە، بۆ ناوو بۆ پسولەی رەسمیی سواربوون بارێکی کەمی سووکی بارکردبوو، هەموویان هەر یەکێ (800 تا 1200) دۆلاری کاش، بە شاهیدو نواندنی وەعد دابوو. پارەکان، بەخەواندنی ژماردنی دانی مەرج، درابوون.
لۆریەکە، بەژمارە، بە چاوەروانی تەواو چل سەعات پاش سواربونیان، لەبەر هەتاوی گەرمی یۆنان راگیرابوو، ئەوەش رەنگە بۆ مەبەستێ وا راگیرابێ، تا:
رادەگیرا، ئەو لۆریە گەورەیە لە شوێنی خۆی نەدەجولا، کەس نزیکی نەدەکەوت، تا بڵێن کاروانەکە رۆیشت، سەر لە کۆنترۆل بشێوێنن، ئەوەك ئەوانی تر خەبەریان لێ بدەن..!
رادەگیرا، نەفسبر دەکرا، تا شوفێرەکەو قاچاخچیەکە، لە راکێش راکێشی پارەو نەفەری زۆرتر تەواو دەبوون، تا پارەکەی هەموو بۆ دەژمێرن...!
رادەگیرا، هەواو هەناسەی لەناو کەمی پیس دەبوو، تا لۆرییەکە لەبەرچاوان نەبێ، رێگاو نۆرەو بەندەری گونجاوو پاپۆری مەبەستیان بەردەکەوێت ..!! کە کاتی رۆژو مەبەستی هات، لۆریەکە بریاری دا بروات..!

**کە سواردەبوون، قاچاخچیەکانی پیاوەکانی، نەفەرەکانیان دەپشکنی، هەموویان تەنیا شوفێرەکە نا ! چونکە، ئەو خۆی بەکەس نیشان نەدەدا، نەوەك لەناو یۆناندا دەست نیشانی بکەن، بگیرێتی ئەوەش لەدەست چونی سەرمایەو کارو ناوبانگی شوفێرو کۆمپانیاو .. زۆر لایەنی تربوو ..؟؟!!!**

**نەفەرەکان، ئەوانەی پارەیان دابوو، دوو دڵ بوون، بروایان نەدەکرد، بە دزی سوار دەکران، هەموویان یەك یەك دەپشکێنران، تا:**
**کەسیان، چەقۆو قەلەمبرو کەتەرو گیزانیان پیَ نەبیَ ..! تا چادرەکە نەدریَنن، کونی دەرزی تیَ نەکەن، بۆ کزە بایەك، بۆ هەناسەیەکی خاویَن، بۆ دەنگوباسیَ، چادرە گرانبەهایەکە نەدریَنن، تا لە ئاژاوەنانەوەو گیَچەل بەکاریان نەهیَنن، تا کاروانەکە هەرەس نەهیَنیَی پارەو سەرمایەو خەونی هەموولایەك نەسوتیَ..!!**
**هەموویان، یەك یەك دەپشکیَنران،**
**تا، جانتاو باری زۆرو گرانیان پیَ نەبیَ..!!!**
**تا، هەموویان بوتلی میزکردنیان لەبیر نەچوبیَت...!!**
**هەموویان، گیرفانیان ورد ورد دەپشکینرا، یان ئاگادار دەکرانەوە،**
**تا پسولەو پارەی یۆنانییان لە گیرفانا نەبیَ، واتە ئەگەر لە ئیتالیا، یا لە وڵاتانی تر گیران، پۆلیسەکانیان نەزانن لە یۆنانەوە هاتوون، تا رەوانەی یۆنان نەکریَنەوە، ئەگەر لە ئیتالیا گیرابانە، گەرانەوەیان بۆ یۆنان لەسەریان دەبووە ماڵ.**
**دەبوایە، خواردنی زۆریان پیَ نەبیَ، تا کەم بخۆنی نەوسی خۆیان راگرن، لە خواردن مان بگرن، تا تەنگاو نەبن، ئەو چەند رۆژە خۆیان راگرن، تا دادەبەزن، تا ئەو دەریا بەرینی ئەو سنوورە دوورە دەبرن، پیَویستیان بە توالیَت نەبیَ..!!**
**جوانی شیَلگیَرانە دەیانپشکنین، تا:**
**جگەرەو ئاگریان پیَ نەبیَ، نەوەك یەکیَکیان، خۆی پیَ رانەگیریَتی جگەرەیەك داگیرسیَنیَ، ئەوەش گەورەترین مەترسی کاروانەکە بوو...!!**
**هەموویان دەبیَ دڵنیا بن کەوا نەخۆشی دڵی رەبویان نی یە..!!!**
**نەفەرەکان جیَگایان بۆ کرایەوەو ئامۆژگاری کران، قسە نەکەن..!!**
**نەجولیَن..!!**
**جگەرەنەکیَشن..!!**
**ریَزی یەکتر بگرن..!!**
**لە دەبەو بوتلەکانی تایبەت بە میزکردن، میز بکەن..!!**
**تا دەتوانن کەمترو سووکترو ناسکتر هەناسە وەرگرن، هەواکە کەمەو دەبیَ بەشتان بکات، لەم کاروانە داخراوەدا، هەوای تازەو نویَ نی یە، ئەوەی هەیە، دەبیَ ..!!! بەشتان بکات، دەستی پیَوە بگرن ..!! هەوا نەمیَنیَ، ئیَوەش نامینیَن، هەمووتان لەسەرەتاییەوە فیَرکراون مرۆڤ بیَ هەوا ناژی، هەموو ئەوە دەزانن، هەوا سەرمایەو بۆگەنی مەکەن..!**
**لۆریەکە رۆیشت، چەند رۆژیَکی خایاند، لە بەندەریَکی ئیتالیا گەرایەوە، رۆژنامەکانی هەردوو وڵات زۆریان لەسەر نوسی. پۆلیسی هەردوو وڵات سەرقاڵ بوون، خاچی سووری هەردوو وڵات یارمەتیان هیَنا، لەهەردوو وڵات ئیسعافی دکتۆر هاتن .. دکتۆرو دەرمانی هەوا هات .. وتیان، گیَرایانەوە:**
**زۆر ماینەوە، هیَشتا لۆریەکە لە پاترابوو، ئیَمە هەموومان هەراسان ببوین. کە چوینە ناو کەشتیەکەو دەرگای داخرا، وەزعمان خراپتربوو، زوو هەستمان کرد هەوا لەناو لۆرییەکەدا کەمە ..!! بۆنی بۆگەنی هات، بۆنی هەوای پیسی بۆنی پیساییی بۆنی میزو بۆنی ئارەقە، لەناو لۆریەکی داخراو زۆرتر دەبوو .. شیَست قوورگ، سەدو بیست سی بۆ هەناسە تەنگاو بوون. هەموو پەرۆشی هەواو هەناسەبوون. چاومان رەنگی گۆرا، روومەتمان چورچ بوو، قاچمان شکا! دەستمان لەرزیی لەخۆچوین .. بورراینەوە، تەنگەنەفس بوین.**
**وتیان: کەمتر قسە بکەن، تا کەمتر هەوا وەرگرن، کەمتر قسەبکەن..!**
**وتیان: قاچتان بەرز بکەنەوە...!**
**وتیان: لە شویَنی خۆتان مەجولیَن، ئاو لە جەستەمان نەما...!!**
**ئارەقەی زۆرمان کرد، جلوبەرگمان لەبەرخۆ داکەناند، رووت بوینەوە، چادرەکەی سەرمان، بنمیچەکەمان ئارەقەی لیَدەتکا، ئەویش وەك پیستی ئیَمە رەنگی گۆرا..! وشك بوینەوە، چەند رۆیشتین، زۆرتر دەبورراینەوە. کە**

**شەپۆلە شێتەکان، پاپۆرەکەیان وەك لانکی ساوە هەژاند زیاتر شێواین. ئەو پایۆرە هەزارەها تۆنە، چەند ئاسان دەهەژی، بەیەك دەستی نەدیاری شەپۆل نەرم نەرم، دوایی شێتانە دەلەرزی، دەهەژا.**
**شەپۆلەکان، پاپۆرەکە سەروبنی دەکردن، سەخلەت بون. کە زۆرتر دەبورانەوە، راکشانی درێژبوون، بەوەش ) جێگای زۆرتری دەویست، جێگا تەنگەکە تەنگتربوو. دۆزەخیان بەچاوی خۆیان دیت، هەزار ساڵی تر لە کوردستانی لەناو ئاگری شەرو گەمارۆی گرانییدا بژیبانە، هەندی ئەو ساتانە تەنگاو نەدەبون ..! تەنگاو نەدەبون !! مردن بە ئاشکراو بە زیندووی بەرەو رووان دەهات، کفنی سپیی قەبریان لێ بەدیار دەکەوت، عزرائیل خۆی نیشان دان ..! بۆیە بەناچاری چەکی شاراوە بۆ رۆژی رەشیان دەرهێنا .. تەنگاوتر دەبون، چادرەکەیان کون دەکرد، زۆرتر هەناسەیان سواردەبوو، کەکونی زۆرترو وردتریان لە چادرە نازدارەکە دەکرد، بۆ هەوا وەرگرتن تەنگاو دەبون، دەمیان بەنۆرە بە کونە وردەکان وەدەنا. ئەوانەی بەرگرییان مابووی نەبورابونەوە، داوای کونی زۆرتریان دەکرد، ئەوەی هەناسەی زۆرتر دەویست کونی گەورەتری دەویست، تا بەناچاری چادرەکەیان هەڵزراند، ئەوەی توانی هاتە دەرەوە، ئەوەی هێزی لەبەرمابوو، ئەوەی قاچی رۆیشتنی هەبوو هاتە دەرەوە، ئەوەی توانی هەڵسێتەوە، هەڵساو هاتە دەرەوە.**
**هەروەها گێرایانەوەو وتیان:**
**خۆمان گەیاندە سەر چادرەکە، چووینە سەرەوە تا زۆرتر لە ئاسمانی هەواو هەناسە نزیك ببنەوە، کە پۆلیسی چاودێر بینیان هاتن، چادرەکە کرایەوە .. چەند لاشەی نیوەمردوو، ژووری بۆگەنی، ساغی رووت، رووتی نیوەمردوو .. هاتنە دەرەوە...**
**پۆلیس هات، دکتۆر هات، ئەوەی هێزی هەبوو، هێزی لەبەرمابوو، لەو قەرەبالغیەوە خۆی شاردەوە، زۆریش دەربازبوون، زۆرەکەش گەرانەوەو پارەکانیان کەوتە دەمی حەزیا، (ش ..) خۆی شاردەوەو خەڵکی بێ پارەو بە گازاندەو ماندووش بە پەریشانیەوە دەسورانەوە...**

*******

# سوتانی راز..!

لە مەملەکەتی فارگۆنەکاندا، ژمارەیەکی زۆری لاوی تێنوی رابواردن..!
پیاوی دوورە ژن..!
ژنی دابراوو لە پیاو، کیژی ناسك. ئەوانە هەموو بەیەکەوە دەژیان .....! هەموو هەر برسی، هەموو تێنوو شەیدا، چاکەو زۆر سەیرە، کە یەکتریان نەخواردوە..!
حەقیان بوو گەنجەکان، شێتی هاربن ..!! ئەوان، کۆڵ لە پشت، بەتەمای چوونە ناو باری لۆری بون. سەدان گەنجی لەتەمەنی ئەوان، لەبەردەمیان، لە پێش چاویان، بە ماتۆرە بچوکی جوانەکانیان، بە خێرایی رەت دەبوون، کیژێکی ناسکی جوانیش خۆی بە کورەکە وەنوساندبوو، دەستی نەرمی، لە قەدی ئاڵاندبووی دەفرین، بەپەلەبوونی دووردەکەتنەوە، لە شار دەردەچوون، دەچونە دوورگەکان، کەنارە زۆر دوورەکان، تا لە باوەشی یەکترو بۆ یەکتری مەلە بکەن ، تا...
ئەوانیش دەزانن، ئەوان، بۆ کێی بۆ چی دەچنی چی دەکەنی .. کەی دێنەوە, کە دێنەوە چیان هێناوەتەو .. ئەوان دەیانەوێ دوور برۆن، بەڵام لەناو باری زەیتونی باری فەلی بۆگەنی برۆن، تا...
حەقیانە، لەبەرامبەریاندا، کیژو کورێك، دەم لەناو دەمی تاوانەوە، شلی نەرم بۆیەك دەخشن، بۆ یەك دەتاوێنەوە، بۆ یەکتری دەبنە مەرهەم .. ئەوان قووڵ پێدەکەنن، لێوە تەرەکانیان روومەتی یەکتری تەرترو سەوزتر دەکەن و...
لە پێش چاوی ئەوان، زۆر نزیك لە جانتا پیسەکانیان، یەك شەقاو دوور لە جەستەی یەك مانگ نەشوراوەکانیان، یەك بست لەوان دوور، لەو کوردە ماندووانە، ئەوان دوو دوو تێکەڵ دەبن، دەتاوێنەوەو قژی درێژی هەردووکیان دەبێتە پەناو پەسیوی شەوانی درێژو نامۆیان...
بەرامبەریان، یەکێك جانتاکەی کردیتە بالیفی بە هاورێیە ماندووی بێزارو برسیەکەی دەڵێت:

تەماشا کە ..!! دەڵێی لەحیمی دەکات .. لەحیم..!!
بەو ماچە درێژو تەرو تامەزرۆیانەیان دەووت، ماچی سیکۆتینی .. وەك سیکۆتین بەیەك وەدەنووسین..!!
یەکێکی تر دەیووت:

مردبین هەندی تەماشای بەرگی گۆڤاری رووتی وێنەکانی جامخانەی سینەماکان بکەین و.. ئەدی نەیاندەووت:
هەر بگەیتە یۆنان، لە ژنی قەیرەکیژو ژنی تەر بێزار دەبیت...!!
ئەدی نەیاندەووت:

ژنان خۆیان لەبەر ناچاریی برسیەتیی تەنیاییان بانگتان دەکەن، خواردنی چەورو ئاوازی بەجۆشی سەرینی نەرمی شەرابی خەستی گلۆپی پەمبەو نازو نەرمیت بۆ دەرەخسێنن..
ئەدی نەیاندەووت..!

ئەوەندە دەکەیت بێزت لە رەگەزی مێ دەبیتەوەو لە بن دەستیان کۆڵان کۆڵان را دەکەیت..!!
دەیاندەووت:

دڵت نایێ تەماشای بکەیت، ئەوجا وەرە بیگەوزێنە..!!!!
دەیاندەووت:
کیژی چواردە ساڵان لەبەرت دەمرێ قەیەرە کیژ بۆت دەسوتێ..!!

ئەدی نەیاندەووت:
ژنی کۆکی تەر دەستت ماچ دەکەن، پیرەکانیش دەتپەرستنی تا تێرت دەکەن، خاوێنت دەکەنەوە، دەوڵەمەندت دەکەن..!!!

**تەڕ وا نەبوو ..!! کەی ڕزگارمان دەبیَ، وا بە ئاگری سۆزی ئەوان سوتاین، برژاین، چاویان، سینگی سمتی ڕووتیان ئیَمەیان سوتاند ..!! تیشکی چاویان لە تیشکی خۆر گەرمترە، ڕانی ڕووتیان تەندوورەو جەرگمان دەسوتیَنیَت .. چاومان دەزوریَتەوە.. بەڕاستی ژنەکانیان جوانن .. دەبیَ لەگەڵ جوانیەکانی خۆشی بەتام بن، قەدری پیاو بگرن ..!؟؟؟**

***

**دیداری چل ڕۆژو ئەم کورتە ڕیپۆرتاژە..!!**

**من ئەو چل ڕۆژە ئەوەم نووسی..!**
**من ئەو چل ڕۆژەی مەملەکەتی فارگۆنەکان، هەستم بەو ڕازانە کردو نووسیم..!!**
**ڕاستی نوسیبوو، چل ڕۆژ لە مەملەکەتی فارگۆنەکان، دەکاتە هەشتا ڕۆژ، چونکە لەویَ شەوی ڕۆژ نەبووە. کاتی دیارکراوی خەوی نوستنی خەونی هیَمنی نەبووە ..!! ڕاستە تاریکی دادەهات، بەڵام شەپۆلی بەتەوژمی دەریاو کوردەکان نەدەنوستن.**
**هاوین بوو، خۆر گەرمەو گوڵی جەستەی ڕووتی مەمەی فنجان حەزیان بە خۆر، نوستن بەدیار تیشکی گەرم دەکرد. بەڵام، کوردەکە هەستی بە ڕۆژو خۆر نەدەکرد، لای ئەوان شەوی ڕۆژ یەك بوو..!!**
**هەروەها ئەوەی بینراوە، بیستراوە نوسراوە، زۆر تۆمارکراون..!!**
**ژانی ڕاکردن، خۆشاردنەوەی چل شەوەکان. ئەو چل ڕۆژەی بۆیان گیَڕایەوە، هەمووی نوسراوە. دیَر دیَر. بەلام، بە شیَوەیەکی زۆر تایبەت نوسراوە. ئەو چل ڕۆژە، کە هەشتا ڕۆژە پرسیاری کردووە، تۆماری کردووە، چاوەڕوانی کردووە.**
**ئەو فارگۆنی زۆری کرد، زۆری گۆڕی، برادەری تازەی ناسی. ئەو، جارانیش زۆری دەناسین، بەڵام! لەویَ زۆرتری ناسی .. ئەوانیش! بەپەرۆشەوە قسەیان بۆی دەکرد، دەیانزانی ئەو، دەیانوسیَتەوە. ورد ورد بۆیان دەگیَڕایەوە. زۆریان، پیَ ڕاگەیاند، شەرمیان نەدەکرد، لە کەس نەدەترسان، زۆر شیرینی تاڵیان لەلابوو، زۆر ترشی شوورەییی حەیاچوونیان لەلابوو..**
**لەچاوو دەستی هزرو سۆزیان ڕاستیی تاوانەوە دەبینرا. بۆیە، ئەو تاقەتی نەچوو، ماندوو نەبوو، کەرەستەی تەواو نەبوو .. ئەویش ئەندامی هاوڵاتی ئەو مەملەکەتە بوو..!**
**ئەوان، زۆر پەرۆشی زۆربوونی هاتنی خەڵکی تر نەبوون ..!! بەڵام ئەو، خەنی دەبوو کە نەفەریَکی تازە دەهاتە ئەو مەملەکەتە، لە نەفەرە تازەکان دەچووە پیَش، هیَدی هیَدی ئاگری ئاگردانەکەی هەناویانی خۆش دەکرد. لە کانی چاویان، فرمیَسکی گەنجینەی نازداری هەڵدەبژارد. ئەو، خەمی ئەوەی بوو، کە دەستەیەك دەڕۆیشت، زۆریان لەباربوو، لەگەڵ خۆیان زۆر بیرەوەریی سەربردەیان برد، هی خۆیان بوو بردیان ..!!**

**هی ڕیپۆرتاژەکەی بوو بردیان، ئەرشیَفی ڕەسمی مەملەکەتەبوو، بردیان. دەیووت گوم دەبن، وەك شیعرەکانی ( حاجی قادری کۆیی) لە تەنیایی، وەك گەوهەرەکانی (ناڵی) لە سوتان، زۆریان دیار نی یە، ئەمانەش کە دەڕۆن، لەشارو گوندو گومبوونی ئەوروپادا گوم دەبن. بەوەش چەند دیَرو ڕیَزو گۆشەیان لەناو لەپی نیگای چاوانی دەفڕیَی دووردەکەونەوە..!!**
**ئەو، خەمی لەوەش دەخوارد، کەوا درەنگ گەیشت، کە هاتە ئەو مەملەکەتە، پیَش ئەو، زۆر هاتنی ڕۆیشتنی باری گرانیان لەشان بوو.**
**کە ماندووبونی جیابونەوەو تەنیا مانەوەو دوورکەوتنەوە لە باوەشیَ، لە کەناریَ، لە نهۆمی سەرەوەی باڵاخانەیەك، لەگەڵ دووکەڵی تۆزی کارگەیەك، ماندووی دوورن، بۆیە بارەکە دادەنیَنی تۆزیان لەسەر دەکەویَ لەبیردەچن ..ی ...**

***

# ئەم ریپۆرتاژە!

**ئەم ریپۆرتاژە تەمەن درێژو ردێن سپی یە ..!! پشتی کۆمی ماندووە، دەنگی کێ یە ..؟؟!**
**ئەم نووسینە، دیدارەکان، لەگەڵ کێی لە کـــــێ، لە کام گۆشەی ئەم جیهانەدا سازکراوە ...؟؟؟؟**
**دیدارەکان، نووسینەوەی سەربردەی چەندین کەسی ماندووو ئازاو رزگاربوو، لە گێژاوی شەپۆلێکی شێت ..؟؟**
**دیدارەکان، ریپۆرتاژەکە تەواو بووە ..!! یان نا، هێشتا ماویەتی...!!**
**ریپۆرتاژەکە، ئەگەر تەواونەبوە، کەی تەواو دەبێ ..!؟؟**
**ریپۆرتاژەکە بالیۆزنی یە، دەبێ بگاتە پایتەختەکانی زیندووی گەورەی ئەوروپا..!**
**ئەکتەرو نمایندەو بازرگانی یاریکەر نی یە ..! تا بچێتە زۆربەی شارە ناودارەکان..!**
**شەیدایانی سرۆشتی شاخی دەریای شەختەو دارستانی چڕی باکووری ئەوروپا نی یە، بۆ سەرسورمانی**
**زێدەجوانیی پەرۆشیی فلیمسازیی دۆزینەوەی کیشوەری نوێی زمانی نوێی .. بگەرێتی سەربەست بێ ..!!؟؟**
**ناتوانێ بچێتە ناو گوڵباخە رەنگینە جوانەکانی هۆلەندا،**
**بچێتە شارە گەورەکانی ئەلمانیا.**
**بچێتە ناو تونێلە تاریکەکانی نەرویژ،**
**ناکرێ بێ پولی پۆستەچی بڕوات...!**
**ئەم ریپۆرتاژە، دڵشادو تورەمان دەکات...!**
**ئەو ریپۆرتاژە، دەنگی ئەوانەیە، زولمیان لێکراوەو دەنگیان نەدەگەیشت..!!**
**بۆ ئەوانەیە هێشتا بڕوا ناکەن، مەملەکەتێك هەبووەو حوکمی گێڕاوەو...!!**
**وا نەزانن خەیالی رۆمانی هورێنەو جنێوو داستانە...!!!!!**
**تا، لە خۆشیەکان، ئەو رۆژانەتان لەبیر نەچێت...!**
**تا، پالەوانەکانی، حاشای لێ نەکەن...!**
**ئەوانەی، ناوی خۆیان گۆرییوەو ناناسرێنەوە..!!**
**رێگاکە دوورو پر دێووجنی جانەوەربووە، بۆیە برگەکانی دوورو درێژو بەکارەساتن..!**
**ئەم ریپۆرتاژە، درێژترین ریپۆرتاژە،**
**شانۆگەریەکی چەند پەردەیە، ئەکتەری زۆر، بەشداریان کردووە. دەهێنەری زۆری گۆرییوەو تەواو نەبووە ..!**
**جۆرەها پۆشاکی ناوو تەمەنی ناسنامەو هزری تێدا بۆ بەکارهاتووە..!**
**ئاخاوتنی دێرەکان، جنێوو خۆشیی ترشییەکان، زادی هزرو دەربرینی هەستەکان، لەلایەن نوسەرەکەی بەس رێزکراوە، کۆکراونەتەوەو بەس ..! هیچی ئەوی تێدا نی یە..!**
**یەك کەس نوسیویەتی، سەدانی لەدەوربووە.**
**.یەك کەس تۆماری کردووە، دەیان کەسی بەزمانی زمانزانی ئاوقاتی لەگەڵ بووە**
**یەك جار نوسراوەو چەندین جار پاکنووس کراوە، درێژ نوسراوەو کورت کراوەتەوە، زۆر رووی داوەو کەمتر بەبیرهاتیتەوە...!!**
**ریپۆرتاژەکە، دەنگی ناوو رۆژانەی ئەم ناوانە، ناوی خواستراوو تۆمارنەکراو بە بەبێ هۆو بە ئەنقەستە..!**
**ئەوانەی لەبیریش کراون زۆرن، کورتەی ئەوانەی ناوو نازناویان هاتووە، ئەمانەن:**
**( کامەران شێخ سەدیق، کرمانج مام عەلی شەقڵاوەیی، زیادە رەش کەندێناوەیی، مولازم نەبەز، مولازم فاخیر خۆشناو، ئەرسڵان سەیداوەیی، ژیلوان، قەیس قەرەداخی، ئازاد سیوەیلی، شاهۆ باجلان، سیروانە درێژ، ئارامی دایکی، بەیان، دلاوەرو نەوزاد مەسیفی، رێبوارە رەش، ئیبراهیم رۆستی، فەریدونی سەردارو زاهیرو بورهان شەقڵاوەیی، هادی دەربەندیخانی، جوهەرو فکرەتی ئیسماعیلی عبدالقادر، چەند گەنجێك ناویان، ئاسۆو ئاڵانی ئاکۆو ژمارەیەك کادیرو بەرپرسی حزبیی پێشمەرگایەتیی کورەکانیان، چەند قاچاخچیی دارودەستەکانیان ).**
**ئەمانەی پێناسەکران، قسەیان کردووە.**
**شەوو رۆژی ئەم ریپۆتاژن..!**

**گەرمی یۆنان دەموچاوی برژاندون، شاخەکانی ماندووی کردون، کەنیسەکان نانیان داون، مینی سەگی کەلەبابەکانیان ترساندویانن، شوانەکانیان خەبەریان لیَ داون، پۆلیسەکانیان دارکاریان کردوون، گلۆپەکانی ژنەکانیان سوتاندویانن..!**
**هەموویان، شارو بەندەری پاترایان دیبوە، لیَی ژیاون، لەویَشەوە دەربازبوینە..!**

***

# پەیڤی دوایی

**یۆنان وڵاتێکە بەقەد جیهان کۆنە،**
**وڵاتێکە، ریَك هەزار دوورگەی کەسکی مەلەوانە،**
**چاوی رەشە، خوێنی گەشە،**
**خاکی پرتقالی ژووانە،**

**پاترای بەندەر، هەموو رۆژێ**
**هەزارەها گەشتیاری چاورەشی نازدار،**
**پاترا ی شارو بووکی دەریا .. هەموو رۆژێ**
**هەزارەها**

**...**
**خەونی گوڵ وماچی حەزی سوتاو، رووی تێدەکەن،**
**پاترای یۆنان، هەموو رۆژێ**
**دەیان کوردیش، کوردی ماندوو، چاوەرێی برسی**
**لە مەملەکەتی رەشی فارگۆنەکانا**
**لە پاترادا، دەیان کوردیش**
**لەناو لۆریی لەگەڵ بارا**
**بەقاچاخی بەرێدەکا وەك زەیتونی ماسی..!**

**پێناسەیەکی  نووسەر:**

**لە 1955 لە شاری دێرینی ( هەولێر  ) لەدایکبویمـە.**
**ئامۆژگای تەکنلۆژیای بەغدام تەواوکردووە.**
**تا لە ولات دەرچووم فەرمانبەری شارەوانی هەولێر بووم.**
**لە ساڵی 1998 ەوە لە ولاتی سوید دەژیم.**



**چاپکراوەکانم ...**

**لە یادی سەد ساڵەی شارەوانیدا، 1985  کتێبی  ( هەولێر ) م بە قەبارەی 365لاپەرە ئامادەو چاپکرد.**
**هەر لە شارەوانیدا لە ساڵی 1994 دا،  12 ژمارەی رۆژنامەی" هەولێر " م دەرکرد.**
**کەلاوە .. 1991 ریپۆرتاژ /  بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر.**
**دیوەخانی فلێن ... رۆژانەو ریپۆرتاژە / لە 1999 لە رۆژنامەی "  ئالای ئازادی " زەحمەتکێشان لە دە ئەلقەی درێژ بڵاوکرایەوە.**
**هەولێر .. تا دبلن !                     .. 2000 ریپۆرتاژ /  زانکۆی ئازادی بەرلین.**
**بەغدا..  بۆ هەولێر !                     .. 2000 ریپۆرتاژ /  سویدو سلێمانی.**
**بەسەرهاتی دەریاوانێکی خنکاو .. 2001/ رۆمانی گابریل مارکیز،  لە ژمارە 25ی گۆڤاری  " ئاینده " ی سلێمانی بڵاوکرایەوە، وەك نامیلکەش بڵاوکرایەوە.**
**دە رۆژەکەی هەولێرم  .. ( 11)  وتارو ریپۆرتاژبوو / لە گۆڤاری  ( گوڵان ) ی هەولێرو رۆژنامەی  ( کورد ) لە ئوستراليا بڵاودەکرێتەوە.**
**رێگای دوورم بۆ ئازادی، نیلسۆن ماندیلا/ وەرگێران. لە هەولێر لە دەزگای موکریانی بڵاوکرایەوە.**
**سارد، یان گەرم ..  ( 12)  ریپۆرتاژبوو / لە رۆژنامەی ( هەواڵ  ) ی سلێمانی لە یولیو 2001 ـ ینایری 2002 بڵاوکرایەوەو وەك نامیلکەش بڵاوکرایەوە.**
**فارگۆنەکان ..... ریپۆرتاژو بیرەوەرییە لە دەزگای بدرخان لە هەولێر بڵاوکرایەوە.**
**مەملەکەتی کەلاوە ...   وتارو پێناسەی بیناسازی کوردییە وەك نامیلکە لە وەزارەتی رۆشنبیری لە هەولێر بڵاوکرایەوە.**

**ئامادەی چاپە:**

**هەتان، چەند وتارێکە لەسەر بیناسازی کوردەواری، لە ساڵی 1988 ەوە ئامادەیە.**
**بەبیر نەوەکانتانیان بهێنەوە. وەرگێران. لەسەر قرکردنی جولەکەکانە لە رۆژانی شەری دووەمی جیهانیدا، لە سەنتەری نما لە هەولێر بڵاودەبێتەوە.**
**مەجبوور. .......... سوید 2002**
**کۆریا پێناسەو مێژووی کۆریای باشوور، لە خانەی وەرگێران لە هەولێر نۆرەی چاپی گرتووە.**
**تەها حوسین .. نابینایەکی بینا ....... سوید 2005**
**مارتن لۆسەر و: سوید 2006**
**ئەنجیلا میرکل و: سوید 2007**
**مێزەرو گوڵ دیدی سەفیری فەرەنسابووە لە ئێران و: سوید 2007**
**سێکس وپۆلیتیک و: سوید 2007**
**پرێنسیس ماساکۆ دیلی ناو کۆشکی ژاپۆن و: سوید 2007**
**جاک شیراک، نەناسراوەکەی کۆشکی ئالیزیا و: سوید 2007**
**بەهەشتی زیندان .. وتارو ریپۆرتاژە لە 1996ەوەو بەبەردەوامی دەمنووسی، ئێستاش گۆشەی ( برێڤ ) لە چەندین گۆڤارو رۆژنامەو ماڵپەرەکانا لەوڵات و دەرەوەی وڵات بڵاودەکەمەوە.**